# یەکگرتن

گۆڤارێکی رۆشنبیری تیۆرییە

هەواڵنامەی کتێب

## ژمارە یەک

١٩٨٦

بنکەی رۆشنبیری یەکگرتن بڵاویدەکاتەوە

# یەکگرتن

١
١٩٨٦

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیورییە

☆ " پێش ئەوەی یەکگرین ، بۆ ئەوەی یەکگرین ، ئەبێ بەر لە هەموو شتێک سنوری نێوانمان بێ سڵ کردنەوە و بە ڕون و ئاشکرایی دیاری بکەین . " لینین

☆ " لەوانەیە جیاوازی بیروڕامان هەبێت ، بەڵام ئامادەم گیانی خۆم بەخت بکەم بۆ ئەوەی بتوانی داکۆکی لە بیروڕای خۆت بکەیت ." ڤۆڵتێر

بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە

هەواڵنامەی کتێب

# لەم ژمارەیەدا


* یەکگرتن بۆچی ؟ ٣
* دەربارەی بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی کوردستان. ٦
* فێرکاریەکانی مارکسیزم - لینینیزم دەربارەی دۆخی شۆڕشگێری. ١٦
* شێوازی لینینیزم لە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی دا. ٢٥
* چۆن حیزبەکەمان مارکسیزم - لینینیزمی لە ڤیێتنامدا جێبەجێ کرد؟ ٤٣
* دانراوی "چی بکەین؟"ی لینین و گرنگی بۆ دامەزراندنی حیزبێکی شێوە نوێ. ٦٥
* ڕێنیشاندەری خوێنەر بۆ دیراسەکردنی فەلسەفەی مارکسیزم. ٨٣
* هونەر و یەکەی شۆڕشگێری. ١٠١
* دەربارەی پرنسیپە فیکری و هونەریەکانی ریالیزمی سۆسیالیستی. ١١٤
* فەخرە (کورتە چیرۆك). ١٢٤
* لە یەك بدەن (شیعر). ١٣١


هەولێرنامەی کتێب


ناونیشانی یەکگرتن:

YEKGIRTIN
P.O. BOX 227
1502 København V.
DANMARK

ژمارەی بانك:

postgirokonto nr.
3 50 00 20

# یەکگرتن بۆچی ؟

هەڵبژاردنی ناوی ( یەکگرتن ) بۆ بنکەی ڕۆشنبیری و گۆڤارەکەمان ، بۆ ئەو ئامانجە ئەگەڕێتەوە کە چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان ئەیخوازن بۆ کۆتایی هێنان بە پرش و بڵاوی و پاشەگەردانی و کاری ئەڵقەیی تەسك ، و گەلەکەمان ئەیخوازی بۆ کۆتایی هێنان بە پارچە پارچەیی خەبات و شەڕی ناوخۆی نێوان هێزەکانی گۆڕەپانی خەبات لە کوردستان دا . چونکە هێزی دوژمنی داگیرکەر ئەمڕۆ لە پرش وبڵاوی و پارچە پارچەیی و ناکۆکی توندوتیژی نێوان خۆماندایە و پتەوی و توندوتۆڵی و لێ وەشاوەیی خۆشمان لە یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکان و چەوساوەکانی کوردستان دایە .

گۆڤاری یەکگرتن ، گۆڤارێکی ڕوشنبیری تیۆری هاوچەرخە ، دەنگی بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتنە کە کۆمەڵێك ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕی کوردستان دایان مەزراندووە ، بۆ هاندانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زانستی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و خۆشکردنی زەمینەی فیکری و تیۆری یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و دامەزراندنی بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی کوردستان و پتەوکردنی پەیوەندی

هەواڵنامەی کتێب

نێوان جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان و لایەنەکانی تری پرۆسەی شۆرشگێری جیهان ·

گۆڤاری یەکگرتن ، گۆڤارێکی سەربەخۆیە و سەر بەهیچ لایەنێکی سیاسی ئەمرۆی کوردستان نیە و بۆ دژایەتی هیچ یەکێکیشیان دانەمەزراوە ، پشتگیری هەڵوێستە راست و دروستەکانی لایەنەکان ئەکات و رەخنەی دروست کەر لەکردار و بۆچونە چەوتەکانیان ئەگرێ کە دژ بە بەرژەوەندیەکانی چەوساوەکانی گەلەکەمانە ·

گۆڤاری یەکگرتن ، پێرەوی تیۆری مارکسیزم - لینینیزم و پرنسیپەکانی ئینتەرناسیونالی پرۆلیتاریا ئەکات و تێئەکۆشێ بۆ هێنانەدی ئامانجە رەواکانی چەوساوەکانی کوردستان ، واتە رزگاری نیشتمانی و دیموکراتیەت و یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان و سۆسیالیزم و خەبات ئەکات بۆ کۆکردنەوە و گۆشکردنی کوردە پێشکەوتنخواز و شۆرشگێرە ئاوارەکانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات و ساز کردنی زەمینە بۆ دانەبڕانیان لەمەسە گرنگەکانی چەوساوەکانی کوردستان ·

گۆڤاری یەکگرتن ، لاپەرەکانی کراوەیە بۆ هەموو بیروڕایەکی پێشکەوتنخواز ( سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، فەلسەفی ، مێژوویی ، رێکخراوەیی ، ئەدەبی ، هونەری ... هتد) بە مەرجێك لایەنی بابەتی و زانستی و واقیعی پێویستی تیدا بێت و چەوساوەکانی گەلەکەمان بە گیانی یەکگرتن و خەبات و خۆشەویستی گەل و مرۆڤایەتی پەروەردەبکات و دووربێت لە ناکۆکی حیزبایەتی و شەخسی و لاوەکیەوە ·

واتە گۆڤاری هەموو پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانە لەگەڵ جیاوازی بیرورا و تێروانینی سیاسیان دا ·

گۆڤاری یەکگرتن ، ئەزمون و شارەزایی گەل و حیزبو مرۆڤە شۆرشگێرەکانی جیهان بە چەوساوەکانی کوردستان

ئەناسێنێ بۆ سود وەرگرتن لە پەند و وانە بەکەڵکەکانیان.

گۆڤاری یەکگرتن ، جگە لەسەر ووتار بەرامبەر هیچ ووتار و بابەتێکی تر بەرپرسیار نیە ومەرج نیەبابەتەکانی لەگەڵ بیروبۆچونی بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن دا جوت بن . بڵاوبونەوە یان بڵاونەبونەوەی بابەتێکیش بەندە بە ناوەڕۆکی بابەتەکە خۆیەوە .

بۆیە داوا لە هەموو مرۆڤە شۆڕشگێڕەکانی کۆمەڵەکەمان و چەوساوەکانی کوردستان ئەکەین بەشداری کاریگەرانە لەم پرۆژە ڕۆشنبیریەدا بکەن ، کە ئەمانەوێ بیکەینە هەنگاوێك لەسەر ڕێگەی سازکردنی ئامرازەکانی بزواندنی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕی لە کوردستان دا و یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان . هیوادارین ئەم پرۆژەیەمان بتوانێ ئەو ئامانجانە بهێنێتەدی کە لەپێناویاندا دامەزراوە .

هەوالنامەی کتێب

سەروتار

# دەربارەی بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی لەکوردستانی خوارو

هەواڵنامەی کتێب

هیچ کەسێك ناتوانێ نكۆڵی لەوەبكات ، بەردەوامی پارچەپارچەیی و پرش و بڵاوی هێزە نیشتمانیەكانی كوردستان و ململانێی دوژمنكارانەی نێوانیان ، یەكێك بووە لەو كۆسپانەی رێگەیان لە پەرەسەندن و فراوان بوونی ریزەكانی جولانەوەی شۆڕشگێری كوردستان گرتووە و نەیان هێشتووە بەئاقاری ڕاست و دروست و سروشتی خۆیدا بڕوات و زەبری كاریگەر لە دوژمنان بوەشێنێ و ڕۆژی سەرفەرازی وسەركەوتن نزیك بكاتەوە .

تاقیكردنەوەی دەوڵەمەند و پڕ مەینەتیەكانی گەلەكەمان و ئەزمونی خەباتی گەلانی دنیا ، دەیان جار ئەوەیان دوپات كردۆتەوە وسەلماندوە كە هیچ هێزێكی سیاسی ناتوانێ بەڕۆڵی هێزێكی سیاسی تر هەڵسێ و هیچ كامێشیان لەتوانای دا نیە دەور و تەئسیری ئەوی تریان پشتگوێ بخات . چونكە هەموو ڕێكخراوێكی سیاسی ( حیزب ) ڕۆڵی تایبەتی و دیاریكراوی خۆی هەیە لەپرۆسەی ململانێی چینایەتی و جولانەوەی شۆڕشگێڕی دا . ئەو ڕۆڵەش سروشتی چینایەتی و بەرژەوەندیە چینایەتیەكان دیاری ئەكەن و لەڕێڕەوی خەبات دا لەبەرنامەو سیاسەتو هەڵوێستەكانی ئەو حیزبانەدا ڕەنگ ئەداتەوە و ئەنجامەكانی ، چاك بێت یان خراپ ، ئیجابی یان سەلبی ، بەدەر ئەكەون . لێرەش دا ڕێز و پایەی هەموو هێزێك لەو جولانەوەیەدا ، بە لاف و گەزاف و خۆ هەڵكێشان و بەكەم سەیركردنی هێز و لایەنەكانی تر و زەبر لێ وەشاندنیان

نایەتەدی، بەڵکو ئەنجامی سیاسەتی ڕاست و دروست و چالاکی شۆڕشگێڕانەی کاریگەر و هێنانەدی ئامانجە دور و نزیکەکانی چەوساوەکان بەدەست ئەهێنرێ.

ئەم ڕاستیە بەڵگە نەویستە لە هەموو کۆمەڵگایەکی چینایەتی دا جێبەجێ ئەکرێ و ئەشێ لەکۆمەڵگای کوردستانیشدا بەکار بهێنرێ. بەڵام هێزە نیشتمانیەکانی کوردستان بەدرێژایی دەساڵ لەبری بەکارهێنانی ئەو ڕاستیە و ڕەفتارکردن بەپێی پرنسیپەکانی و ڕوکردنە دوژمنی سەرەکی گەلەکەمان ئەکەوتنە گیانی یەکتری و شەڕی لەناوبردنی یەکتریان بەرپاکرد. هەر لایەنە کەوتە هەوڵی ئەوەی لایەنەکانی تر لاواز بکات و لەناویان بەری و ببێتە ڕێشسپی گەلەکەمان و کەس بەشداری ڕیش سپێتیەکەی نەکات. لە ئەنجامی ئەوە چەندین دەرفەتی مێژوویمان لەدەست دا ئەجولانەوەکەمان وەك پێویست گەشەی نەکرد و نەچووە پێشەوە و سەدان ڕۆڵەی دڵسۆز و جوامێری گەلەکەمان لەدەست دا کە ئەبوایە لە نەبەردەکانی دژی دوژمنی سەرەکی دا شەهید بوبایە. لێرەشدا ئەگەرچی هەندێ جار دەستی بێگانە و پیلانی ناحەزانی گەلەکەمان ڕۆڵی خۆیان لە خولقاندنی ئەو دیاردە تاڵەدا بینیوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەست نەکردن بە بەرپرسیاری مێژوویی بەرامبەر چەوساوەکانی گەلەکەمان و جولانەوە شۆڕشگێڕیەکەشی لە ئارادا بووە.

ئەمڕۆ ستەمدیدەکانی کوردستان کە لەئەنجامی توندوتیژ بونی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی و بەرەسەندنی شەڕی ناڕەوای نێوان عیراق و ئێران و ئەنجامەکانی، لە ناخۆشترین هەلومەرجدا ژیان ئەبەنە سەر، زیاتر لە هەموو ڕۆژێك بە پەرۆشی نزیك بونەوە و یەکگرتنی هێزە نیشتمانیەکانی کوردستان و دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووەن. چونکە ئەوانە بەتاقیکرنەوەی تایبەتی خۆیان و ئەنجامی گەلەکەبونی ئەزموونی بەکەڵکی ڕابردوو، گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی نزیك بونەوەی حیزب و ڕێکخراوە نیشتمانی و دیموکراتیە پێشکەوتنخوازەکان و ئەو خەڵکە دڵسۆزانەی بەتەنگ بەرژەوەندیەکانی گەل و جولانەوەی شۆڕشگێڕیەوە یەن و دامەزراندنی بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی، ڕۆڵێکی کاریگەر ئەبینێ لە بەدیهێنانی وەرچەرخانێکی مێژوویی بەسودی جولانەوەکە و قازانجی هێزەکان خۆشیان.

لەم ڕۆژانەدا دەنگ و باسی نزیك بونەوەی هێزە نیشتمانیەکانی کوردستانی خوارو و هەوڵدانیان بۆ دامەزراندنی بەرە بلاوە، جەماوەر بە پەرۆش و دڵخۆشیەوە چاوەڕوانی ئەنجامە سودبەخشەکانی ئەکەن. ئێمەش ئەگەرچی تێبینی تایبەتی خۆمان لەسەر هەلومەرجی بابەتی و

خۆیی نزیک بونەوەکە و ڕۆڵی فاکتەری دەولەتی دەرەکی سازکردنەکەی هەیەو بە وریاییەوە ئەڕوانینە ئەنجامەکانی ، بەڵام لەهەمان کاتدا پێشوازی لەو هەنگاوە ئەکەین و هیوادارین لەمەودوا هێزەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات لەکوردستانی خوارو ، واز لە بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیان بهێنن و ناکۆکی لاوەکی و ڕەوتی خۆسەپاندن و بەکێشا چونی دیموکراتییەت وەلاوە نێن ، بەرژەوەندیە بنچینەییەکانی چەوساوەکان و گەلەکەمان لەسەرو هەموو شتێکەوە دابنێن و ڕوی چەکەکانیان بکەنە دوژمنی سەرەکی و هەوڵ بدەن ئەو نزیک بونەوانە بکەنە یەکەمین هەنگاوی جیدی بۆ دامەزراندنی بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی کوردستان و لاپەڕەیەکی نوێ و کاریگەری خەباتی گەلەکەمان بکەنەوە و بەهەستکردن بە بەرپرسیاریەوە هەنگاو بنێن بۆ پێشەوە و جوڵانەوەکەمان بەرەو سەرکەوتن بەرن . لێرەشدا ئێمە بەچاکی ئەزانین هەندێ تێبینی سەرەتایی دەربارەی مەسەلەی بەرەی یەکگرتوو دەربڕین ، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگەی ئەوەوە بەشداری لە پرۆسەی یەکگرتنی هێزەکانی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکەماندا بکەین و دەرگای گفتوگۆ و مشتومڕ لە بەردەمی ئەو مەسەلەیەدا بخەینە سەر گازی پشت و بەها و کاری هەموو هەوڵدانێکی دڵسۆزانە ئەو ئامانجە گرنگ و بنچینەییە بهێنینەدی .

## جۆرەکانی بەرە لە جیهاندا :

مەسەلەی پێکهێنانی بەرە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و گرانە ، جیاوازی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابوری وڵاتەکانی دنیا ، جۆری جیاجیای بەرەی هێناوەتە گۆڕێوە . هەڵبژاردنی ئەم یان ئەو جۆرە بەرەیە بەستراوەتەوە بە قۆناغی شۆڕشەکە و هەلومەرجی بابەتی وڵاتی دیاریکراو و دابەش بونی هێزی چینەکان و پلەی گەشەکردنی پرۆلیتاریا و حیزبە پێشڕەوەکەیەوە . بۆیە پێویستە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان دیراسەی جۆرەکانی بەرە لە جیهاندا بکات و لە بەر ڕۆشنایی تایبەتێتی وڵاتەکەمان ئەو جۆرە بەرەیە هەڵبژێرێ و دامەزرێنێ کە جوتە لەگەڵ قۆناغی خەباتی چەوساوەکانی گەلەکەمان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کوردستاندا .

ئەگەر سەیری تاقیکردنەوەکانی دنیا بکەین ، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ سێ جۆر بەرە دامەزرێنراون : بەرەی چەپ ، بەرەی یەکگرتوی گەل ، بەرەی نیشتمانی . ، و هەریەکێک لەوانە لە واقیعی جۆراوجۆری دنیادا دامەزراون و ناوی جۆراوجۆریان وەرگرتووە و بە مەبەستی جیاجیا هاتونەتە کایەوە :

١) بەرەی چەپ : ئامانجی بنچینەیی ئەم جۆرە بەرەیە داکۆکی کردنە لە بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیە راستەوخۆکانی چینی پرۆلیتاریا و پاراستنیانە لە دەستی رژێمە سەرمایەداری و فاشستیەکان . کاتێ دائەمەزرێ کە چینی کرێکار دابەش بوبێ بەسەر چەندین حیزب و سەندیکا و رێکخراوی جۆراوجۆردا و ململانێی نێوان کار وسەرمایە ئەوەندە توند و تیژ بوبێ ، یەکگرتنی ریزەکانی پرۆلیتاریای لە ناوچەو کارگە جۆرا و جۆرەکاندا پێویست کردبێ . مەرجی بنچینەیی بۆ دامەزراندن و پەرەسەندنی ئەوەیە ئەو حیزب و سەندیکا و رێکخراوانە پەیوەندی خۆیان بەتەواوی لەگەڵ بۆرجوازیدا ببچرێنن و سیاسەتی شۆرشگێرانەو کاریگەر پیترەوی بکەن .

٢) بەرەی یەکگرتوی گەل : ئەم بەرەیەش ، بەرەی چەوساوەکان و رەنجدەرانە دژی چەوسێنەران و زۆرلێکەران ، بەرەی کرێکاران وجوتیاران توێژ و رۆشنبیرە شۆرشگێرەکانی ترە دژی سەرمایەدار ، دەرەبەگ ، کۆمپرادۆر ، خاوەن زەویە گەورەکان و چەوسێنەرانی تر . کاتێ دائەمەزرێ کە ململانێی چینایەتی ناوکۆمەڵ توندوتیژ بوبێ . مەرجی سەرەکی بۆ پێکهێنانی ئەو بەرەیە و گەشەکردنی،بونی سەرکردایەتی پرۆلیتاریایە ، چونکە تاکە چینە بتوانێ خەباتی سەرکەوتوانە و بریاردەر دژی سەرمایەدار و چەوسێنەرەکانی تر بەرپابکات .

٣) بەرەی نیشتمانی : بریتیە لە یەکگرتنی چینە شۆرشگێر و نیشتمان پەروەرەکانی وەك : پرۆلیتاریا ، جوتیاران ، وردە بۆرجوازی و توێژە پێشکەوتنخوازەکانی تر دژی داگیرکەر و کۆنەپەرستی ناوخۆ و ئیمپریالیزم . لەو ولاتانەدا دائەمەزرێ کە راستەوخۆ لەلایەن هێزێکی بێگانەوە داگیرکراوە( ولاتە کۆلۆنیەکان ) . سەرکردایەتی بەرەو شۆرشگێرێتی بەرنامەکەی بەستراوەتەوە بە بارودۆخی کۆمەڵگاکە و هەلومەرجی بابەتی و خۆیی چین و هێزە سیاسیەکانیەوە . سروشتی گشتی ئەم جۆرە بەرەیە دوژمنایەتی کردنی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و هێزی داگیرکەری بێگانەیە . مەرجی سەرکەوتنیشی پچراندنی پەیوەندیە لەگەڵ داگیرکەران و ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپەرستەکان ، کۆشکردن و پەروەردەکردن و رێکخستنی جەماوەری چەوساوەی گەلە لە دژی ئەو دوژمنانە .

## بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی کوردستان

بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی کوردستان ، چوارچێوەیەکی فراوانە نوێنەرەکانی هەموو ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتیانە ئەگرێتە خۆی کە بۆ

ڕزگاری نیشتمانی و دامەزراندنی دەسەڵاتی نیشتمانی و هێنانەی گۆڕانکاری دیموکراتی تێ ئەکۆشن ٠

پێویستە جولانەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان بایەخێکی تایبەتی بەو جۆرە بەرانە بدات ، چونکە لە قۆناغی ئێستادا یەکخستنی هەموو هێزە نیشتمانی و دیموکراتیەکان لە بەرەیەکدا مەرجێکی بڕیاردەرە بۆ بەرەسەندنی خەبات لەدژی داگیرکەرانی کوردستان و کۆنەپەرستانی ناوخۆ و ناوچەکە و ئیمپریالیزم و هێنانەدی ئامانجە ڕاوەکانی گەل و چەوساوەکانی کوردستان ٠

بۆ ئەوەی بەرەی یەکگرتوی ... لەسەر بناغەیەکی پتەو و بنچینەی ڕاست و دروست دابمەزرێ و بەردەوامی و گەشەکردنی بۆ بنوسرێ ، ئەبێ قۆناغی خەبات ، هێزی سەرەکی و لاوەکی و بزوێنەرو باریدەدەری جولانەوەکە دیاری بکات هێزی دۆست و دوژمنەکانی شۆڕشەکە بەڕون و ئاشکرایی دەست نیشان بکات و بزانێ کەی و لەکوێ گورزی سەرەکی خەبات ڕائەوەشێنێ و ئاراستەی کێ ئەکات ٠ چونکە ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و پێویستە بۆ دامەزراندنی بەرەو گەشەکردنی جولانەوەکە ٠

جولانەوەی شۆڕشگێڕی کوردستانی خوارو ئەمڕۆ لەقۆناغی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی دیموکراتیدایە ، واتە ئامانجی خەبات ڕزگارکردنی کوردستان و بە دەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوس وجێبەجێکردنی ئەرکە دیموکراتیە ڕاستەقینەکانی چەوساوەکانی گەلەکەمانە ٠ هێزی جولانەوەکە بریتیە لە کرێکاران و جوتیاران و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان و ئەو ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرو جەماوەریانەی کاری تێدا ئەکەن ، دۆستەکانیشی جیهانی سۆسیالیستی و جولانەوەی کرێکاری وولاتە سەرمایەداریەکان و جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی دنیایە ٠ دوژمنەکانی جولانەوەکە بریتیە لە ڕژێمی داگیرکەری کوردستان ( ڕژێمی سەدامی فاشی ) و چین و توێژە کۆنەپەرستەکانی ناوخۆ و داگیرکەری بەشەکانی تری کوردستان و ئیمپریالیزمی جیهانی ٠ ناکۆکی سەرەکی قۆناغەکە لەنێوان ڕژێمی داگیرکەری کوردستان و چینە چەوساوەکانی کوردستاندایە بەهەمو ئاقارە سیاسیە جیاوازەکانەوە و تاکە ڕێگەش بۆ یەکالاکردنەوەی ئەو ناکۆکیە ، یەکگرتنی ڕیزەکانی گەل و دامەزراندنی بەرەی یەکگرتوی کوردستانە ٠

## هەندێ پرنسیپی گرنگ :

☆بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی ، لەو حیزب و هێزە سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەری و کەسە پێشکەوتنخوازانەی نوێنەری چین و توێژە

کۆمەلایەتیانە پێك یەت ، کە لەڕوی بابەتیەوە بەرژەوەندیان لە هێنانەدی ئامانجەکانی جولانەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکەماندایە و هەموو لە چواردەوری بەرنامەیەکی سیاسی ( بەرنامەی لایەنی کەم ) کۆئەبنەوە کە سروشتی جولانەوەکەوە و ئامانجەکانی و شێوەکانی خەباتی قۆناغەکە دیاری ئەکات . ئەو بەرنامەیە بنچینەی یەککگرتنی هێزەکانی بەرەیە و پشت گوێخستنی هەریەکێك لە خالەکانی ئەبێتە هۆی هەلوەشاندنەوە و لاوازبونی . پێویستە لەکاتی داڕشتنی بەرنامەی بەرەکەدا ڕەچاوی ئەم چەند خالەی خوارەوە بکرێت :

١) دانانی ڕژێمی داگیرکەری بەغدا بە دوژمنی ستراتیجی سەرەکی چەوساوەکانی کوردستانی خوارو و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوخۆ و داگیرکەرانی پارچەکانی تری کوردستان بە هاوپەیمانی ئەو دوژمنە .

٢) دیاریکردنی ئامانجەکانی جولانەوەی شۆڕشگێڕی بە : نەهێشتنی دەسەلاتی ڕژێمی داگیرکەری بەغدا و دیاریکردنی مافی چارەنوس بۆ گەلی کوردستان و هێنانەدی دیموکراتیەت بۆ چەوساوەکانی کورد و کەمەنەتەوەییەکانی تر .

٣) دیاریکردنی ئامانجەکانی تری جولانەوەکە لەبواری کۆمەلایەتی و فەرهەنگی دا بەو جۆرەی ڕەچاوی پاشکەوتنی کوردستان و تایبەتیتی گەلەکەمان بکرێت .

٤) دانانی جەنگی گەلی درێژخایان بەشێوازی بنچینەیی وسەرەکی خەباتی گەلەکەمان بۆ یەکالاکردنەوەی ناکۆکی سەرەکی و سەرکەوتنی ئامانجەکانی جولانەوەکە .

٥) دانانی لایەنەکانی پرۆسەی شۆڕشگێڕی جیهان بەدۆستی ڕاستەقینەی جولانەوەکەمان .

★مەرجی سەرەکی بۆ کۆتایی هێنان بە پەرەوازەیی و شەڕی ناوخۆ و دامەزراندنی بەرەی یەککگرتوی نیشتمانی ئەوەیە ، هێزە سیاسیەکانی کوردستان بێترس و دودلی لەبەردەمی جەماوەردا ڕەخنە لەو هەلوێست و سیاسەتە چەوتانە بگرن کە بەدرێژایی چەندین سال ببونە هۆی هەلگیرساندن و بەردەوامی پارچەپارچەیی و ململانێی دوژمنکارانەی نێوانیان و شەهیدبونی سەدان ڕۆلەی دلسۆزی گەلەکەمان ، وە دان بەوەدا بنێن ئەو جۆرە سیاسەت و هەلوێستانە یەکێك بووە لە هۆ سەرەکیەکانی پەرەنەسەندن و فراوان نەبوونی جولانەوەکە و سەرنەکەوتنی خەباتی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان و بەگیانی هەست کردن بە بەرپرسیاریەوە چاکی لێ بکەن بەلادا بۆ نەهێشتنی هۆکانی ئەو کارەساتە وچارەسەرکردنی ئەنجامە خراپە زیان بەخشەکانی لەنێو ڕیزەکانی گەل وهێزی پێشمەرگەدا

★ دامەزراندنی بەرەی... هەلومەرجی بابەتی و خۆیی تایبەتی خۆی هەیە هەموو هەوڵدانێك بۆ دامەزراندنی پێش وەخت و بێ گوێدانە ئەو هەلومەرجانە، ئەنجامی خراپی ئەبێ و لەبری پتەوکردنی ڕیزەکانی جوڵانەوەکە و کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆ، پارچەپارچەیی و لاوازی، شەڕی ناوخۆی سەخت تر و دژوارتر ئەهێنێتەکایەوە و ڕێگە لە گەشەکردنی پرۆسەی شۆڕشگێڕی ئەگرێ.

★ بەرەی یەکگرتوی... بەپێی مەرجی پێش وەخت بۆ دورخستنەوەی ئەم یان ئەو لایەن و بنچینەی خۆبەزل زانینی هێزێك و ڕەتکردنەوەی ئەم یان ئەو حیزب دانامەزرێ. چونکە بەرە لە بنەڕەتدا لەسەر ویستی سەربەستانە و پرنسیپی دیموکراتیەت پێك ئەهێنرێ، و ئەبێ هەوڵ بدرێ لەسەر بنچینەی مشت و مڕ و لێکۆڵینەوەی نێوان لایەنەکانی جوڵانەوەکە و بناغەی یەکسانی و ڕێزگرتنی هاوبەش و ئازادی هەموو هێزەکانی دابمەزرێ.

★ بەرەی یەکگرتوی... چوارچێوەی یەکگرتنی هێزە چینایەتی و سیاسیە جیاوازەکانە، بۆیە شتێکی سروشتیە ببێتە مەیدانی ناکۆکی و ململانێی نێوان ئەو هێزانەش. ئەو ململانێیەی کە لەڕێڕەوی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی دا شێوە و شێوازی جۆراوجۆر وەرئەگرێ و هێمن یان توند و تیژ ئەبێ، زۆر گرنگە بۆ گەشەکردنی پرۆسەی شۆڕشگێڕی وپتەوبونی هاوپەیمانێتی نێوان هێزەکان. لێرەش دا چاوپۆشین لەو ململانێیە و وەلاوەنانی بە بەهانەی یەکێتی ڕیزەکانی گەل توشی لادانی هەلپەرستی ڕاسترەوانەمان ئەکات، قەبەکردنی ململانێکە و تەقاندنەوەی لە ناوەختدا و گۆڕینی ناکۆکی لاوەکی بۆ ناکۆکی سەرەکی مانای لادانی چەپڕەوی منداڵانە ئەگەیەنێ. ئەو دوو لادانە بەگشتی ڕیزەکانی گەل تێك ئەدەن و بەرە هەڵ ئەوەشێننەوە. هەڵوێستی ڕاست و دروست ئەوەیە ململانێکە لە خزمەتی جوڵانەوەکەدا ئاڕاستەبکرێ و ناکۆکیەکان بە شێوەی هێمنانە و گفتوگۆ چارەسەر بکرێت و وەك ئامرازێك بۆ پتەوکردنی بەرە بەکاربهێنرێ.

★ لەبەر ئەوەی بەرەی یەکگرتوی... یەکگرتنێکی بەرەییە نەك حیزبی، واتە یەکگرتنی ئامانج و کاری گشتی هاوبەشە نەك یەکگرتنی فیکری و ئایدیۆلۆجی، بۆیە پێویستە هەموو لایەنێکی بەرەکە مافی ئەوەی هەبێ سەربەخۆیی ئایدیۆلۆجی و سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی بپارێزێ و ڕێگەی پێ بدرێ چالاکی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و ڕێکخراوەیی سەربەخۆی وەها بنوێنێ کە لەگەڵ بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی بەرەکەدا ناکۆك نیە.

★ مەسەلەی سەرکردایەتی کردنی بەرەی یەکگرتوی... شتێك نیە

بە ویست و ئارەزو ، خۆسەپاندن و خۆهەڵکێشان بەدەست بێ ، بەڵکو مەسەلەیەکە لەکۆڕی خەباتی شۆڕشگێرانەدا بەدەست ئەهێنرێ . هەر بیربێك لە ڕێڕەوی تێکۆشاندا سەلماندی هێڵی سیاسی و بەرنامە و ڕەفتاری شۆڕشگێری لە حیزبەکانی تر باشترە و لەهەموویان چاکتر ئەتوانێ ئامانجەکانی گەل بهێنێتەدی ئەوا بەکردەوە نەك وتە ئەبێتە سەرکردەی بەرەکە . واتە سەرکردایەتی بەرە ئەنجامی کردار نەك قسە ، دەستکەوت نەك خۆهەڵکێشان ، خۆبەخت کردن نەك خۆسەپاندن بەدەست یەت هەموو ڕەفتارێك بە پێچەوانەی ئەم پرنسیپە ئەبێتە هۆی لێك ترازانی ریزەکانی بەرە و لاوازکردنی پرۆسەی شۆڕشگێری .

☆ ناوەندێتی دیموکراسی ، پرنسیپێکی بنچینەییە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان لایەنەکانی بەرەی یەکگرتو و پێکهێنانی دەزگا جۆر بەجۆرەکانی . پێڕەوی کردنی ئەم پرنسیپە بەچاکی لەلایەن هێزەکانی بەرەوە ئەبێتە هۆی پتەوی و تەمەن درێژی و کاریگەری خەباتەکەی ، بەلام ، پشت گوێ خستنی ئەم پرنسیپە و زاڵ کردنی ڕەوتی بیروکراتیانە ئەبێتە هۆی لاوازکردن و هەڵوەشاندنەوەی بەرەکە .

☆ بۆ ئەوەی بەرەی یەکگرتوی ... بتوانی بەچاکی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات و گەشە بە جوڵانەوەی شۆڕشگێری بدات ، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات :

١/ لە واقیعی بوونی هێزی چەکداری جیاوازدا لەسەر گۆڕەپانی کوردستان ، شتێکی گرنگ و پێویستە ئەو هێزانە یەك بخرێن و لەشکرێکی شۆڕشگێڕیان لێ پێك بهێنرێ بە سەرکردەیەتی بەرەی یەکگرتوی ... بەمەرجێ ڕەچاوی تایبەتێتی هەموو لایەنێك بکرێ و سەربەخۆیی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و ڕێکخراوەییان بپارێزرێ . چونکە ئەو یەکخستنە مەرجێکی گرنگە بۆ گەشەکردنی جوڵانەوەی شۆڕشگێری کوردستان و ڕێگەگرتن لە دوبارەبوونەوەی ڕۆژگاری تاڵی شەڕی ناوخۆ لە ئەنجامی لادانی " شەخسی " و " پیلانی تێکدەرانە " .

٢/ یەکخستنی هەموو دەزگاکانی بەڕێوەبردن ، ڕاگەیاندن ، دارایی ، دادگا ...هتد لە دەزگای یەکگرتودا و ڕابەرایەتی کردنیان لەسەر بنچینەی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ و هەڵبژاردنی دیموکراتیانە و پێکهێنانی ئەنجومەنی لادێکان لەناوچە ڕزگارکراوەکاندا بەشێوەیەکی دیموکراتیانە .

٣/ هەوڵدان بۆ یەکخستنی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی وەك : خوێندکاران و ئافرەتان و مامۆستایان و ...هتد لەناوەوە و دەرەوەی وڵات و فراوان کردنەوەی دیموکراتیەت لە ناویاندا بەو جۆرەی بتوانن بە چالاکانە بە ڕۆڵی جەماوەری خۆیان هەڵسن .

٤/ هەوڵدان بۆ فراوانکردنی هاوپەیمانێتی بەرەی یەکگرتوی ...

لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکە و دنیادا و وریایی بەرامبەر پیلانی دوژمنانی جوڵانەوەکە و دورکەوتنەوە لە پەیوەندی کردن لەگەڵ دوژمنە ستراتیجیەکانی گەلەکەماندا .

٥/ خەباتکردنی بێ وچان بۆ پەروەردەکردن و گۆشکردن و ڕێکخستنی جەماوەر بۆ خەبات دژی دوژمنە سەرەکیەکانی گەلەکەمان ، باوەڕبوون و جێبەجێکردنی پرنسیپی ( جەماوەر دروستکەری مێژوو ، بزوێنەری جوڵانەوەکە و هێزی لەبن نەهاتووی خەباتە ) و گەشەدان بەشێوەکانی خەباتی ئابوری و سیاسی و جەماوەری لەشار و لادێکانی کوردستاندا .

٦/ چەسپاندنی پرنسیپی ( پشت بەخۆ بەستن و سەربەخۆیی سیاسی و فیکری جوڵانەوەکە و بەرەی یەکگرتوی ... )و دورکەوتنەوە لە پەیوەندی لاسەنگ و ناهاوتایی لەگەڵ دوژمنە ستراتیجیەکانی نەتەوەی کوردا( واتە ڕژێمە داگیرکەرەکانی بەشەکانی تری کوردستان)· چونکە تاقیکردنەوەکانی ڕابردو و کارەساتی ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ ئەوەیان سەلماندوە کە پشت بەستن بەو جۆرە دەوڵەتانە ئەگەرچی لەسەرەتادا هەندێ دەستکەوتی کاتی و ڕێژەیی ئەبێ ، بەڵام لەدوا ڕۆژدا جوڵانەوەکە دەستەمۆ ئەکات و ناوەڕۆکەکەی پوچەڵ ئەکاتەوە و دوچاری مەینەتی خراپتر و پڕ مەترسی ترمان ئەکاتەوە .

٧/ بەرقەرارکردنی سەربەستیە دیموکراتیەکانی جەماوەری کوردستان و ڕێگە نەگرتن لە خەباتی کەس و تاقم و گروپ و کۆمەڵە سیاسی و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان و خۆشکردنی زەمینە بۆ ئەوەی ئەوانە هەمو بەشداری لەجوڵانەوەی شۆڕشگێڕیدا بکەن و هێز و توانای خۆیان لە خزمەتی ئامانجە ڕەواکانی چەوساوەکاندا بخەنە گەڕ .

٨/ پتەوکردنی هاوکاری و هاوخەباتی نێوان بەرەی یەکگرتووی ... و هێز و حیزبە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکانی بەشەکانی تری کوردستان و پێکهێنانی پلانی خەباتکاری هاوبەش بۆ بەرەنگاربونەوەی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوچەکە و ، پەرەدان بەو پلانە ڕووەو دامەزراندنی بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی لەسەرتاسەری کوردستانەوە دورکەوتنەوە لە سیاسەتی دەست خستنە کاری هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئەو بەشانەی تری کوردستان و گەمەنەکردن بە چارەنوسیان لەبەر سودی کاتی و بەرژەوەندی حیزبایەتی تەسک .

٩/ پتەوکردنی هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکانی عیراق و هەوڵدان بۆ سازکردنی زەمینەی نزیکبونەوە و دامەزراندنی بەرەی فراوانی عیراقی و جۆشدان بەخەباتی هەمو چەوساوە و زۆرلێکراوەکانی عیراق بەکورد وعەرەب و کەمەنەتەوەییەکانی ترەوە بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی و ڕەگەزپەرستی سەدام و هێنانەدی دیموکراتیەت

بۆ عێراق و مافی دیاریکردنی چارەنوسی گەلی کوردستان . بە مەرجێک بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی کوردستان بەشی کوردستانی ئەو بەرە عێراقیە پێک بهێنێ .

لە کۆتاییدا ئەوە دوپات ئەکەینەوە کە دامەزراندنی بەرە کارێکی ئاسان نیە و بەشەو و ڕۆژێک و بە پەلە نایەتەدی ، بە کۆبونەوەی هەندێ حیزب و بلاوکردنەوەی بەیاننامەی هاوبەشیش بەرقەرار نابێ . لەوا نەیە لە سەرەتادا هێزەکان جۆرێک لە هاوکاری و پەیوەندی لەنێوان خۆیاندا پێک بهێنن ئینجا هەوڵ بدەن بۆ خۆشکردنی زەمینەی دامەزراندنی بەرە ، بەلام لە هەمو بارودۆخێکدا ئەو بەرەیە هەر لە هەلومەرجی هەستکردن بە بەرپرسیاری بەرامبەر مەسەلە گرنگەکانی گەلەکەمان و چەسپاندنی پرنسیپی دیموکراتیەت لە نێوان هێزەکاندا و پاراستنی سەربەخۆیی جولانەوەکە و پشت بە خۆبەستن ، دائەمەزرێ و ئەبێتە ئامرازێکی کاریگەری جەوساوەکانی کوردستان .

دەبا هەمو تێبکۆشین بۆ یەکگرتنی هێزە نیشتمانیەکانی کوردستانی خوارو و دامەزراندنی بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی کوردستان لەسەر بنچینەی دیموکراتیەت ، پشت بەخۆبەستن و سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی ، کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ بهێنین و گەشە بە جولانەوەی شۆڕشگێڕی بدەین و ڕۆژی سەرفەرازی و سەرکەوتن نزیک بکەینەوە .

## شۆڕش

# فێرکارییەکانی مارکسیزم ـ لینینیزم دەربارەی دۆخی شۆڕشگێڕی

سامی خالید

شۆڕشی کۆمەڵایەتی گۆڕانکارییەکی قووڵە لە ژیانی سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆجی کۆمەڵدا ، ئەو ڕووداوەیە کە ئەبێتە هۆی بە دوای یەکهاتنی چینە دەسەڵاتدارەکان و دەوڵەتی جۆراوجۆر ، وە پەیوەندییە کۆنەکان لەناو ئەبات و بیروڕا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ئەگۆڕێت . گۆڕانکاری بنەڕەتی شۆڕشگێڕانە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خەڵکی ناو کۆمەڵگای فرەچیندا بەپێی یاسا بابەتییەکانی گەشەکردنی شێوازی بەرهەمهێنان ڕوئەدات ، چونکە شۆڕشی کۆمەڵایەتی مەسەلەیەک نییە بە ڕێکەوت ڕووبدات ، بەڵکو دیاردەیەکی سروشتی حەتمییە و لە هەلومەرجی مادی ژیانی کۆمەڵەوە لە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەکردنی دا ، هەڵئەقوڵێت . مارکس لە پێشەکی نامیلکەی " ڕەخنە لە ئابووری سیاسی " دا هۆکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دیاریکردوە و پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە " کاتێک هێزە مادییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵ ئەگاتە پلەیەکی دیاریکراوی گەشەکردن ، ئەکەوێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان یان پەیوەندییەکانی خاوەندێتی دا . لێرەشدا ئەگەرچی ئەو پەیوەندیانەم کە دەربڕی یاسایی ئەو هێزەی بەرهەمهێنانەیە کە هەتا ئەو کاتە لە ناویدا گەشەی کردووە ، لەوەو پێش شێوازی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنانی ئەنواندنەوە ، بەڵام ئێستا بۆتە کۆسپی سەر ڕێگەی گەشەکردنی ، لەو کاتەشدا سەردەمی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دێتە

پێشەوە " / مارکس و ئەنگلز ـ هەڵبژاردەکان / چاپی عەرەبی ـ دارالتقدم مۆسکو / بەرگی ٢ ل ٨ ) ، واتە ناکۆکی لە نێوان هێزە نوێکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیە کۆنەکانی بەرهەمهێناندا ، بنچینەی ئابووری بابەتی شۆڕش پێک ئەهێنێ ، ئەم ناکۆکیەش خۆی لە بەرژەوەندی چینایەتی دا ئەبینێتەوە . چینی کۆنەپەرست بە ویست و ئارەزووی خۆی دەست لە حوکم هەڵناگرێ ، بەڵکو دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ هێشتنەوەی پەیوەندیە کۆنەکانی بەرهەمهێنان بەکارئەهێنێ ، بۆیە پێویستە چینی پێشکەوتنخواز بۆ نەهێشتنی پەیوەندیە کۆنەکانی بەرهەمهێنان و هێنانە سەرکاری پەیوەندیە نوێکان ، دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست چونکە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی مەسەلەیەکی بنچینەییە لە هەمو شۆڕشێکدا . تەنیا شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەتوانێ ئەو ناکۆکیە چینایەتی و ئابوریانە چارەسەر بکات کە لە ماوەی گەشەکردنی دور و درێژی کۆمەڵایەتی رابردودا پێگەیشتون .

مارکسیزم ـ لینینیزم فێرکاری ڕاست و دروست و سەلمێنراوی دەربارەی ئەو بنچینە بابەتی و خۆییانە دارشتوە کە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی پێویستن . مارکس ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە شۆڕشەکان خانەکانی شەمەندەفەری مێژوون و شۆڕش بە بێ زەبرو خەباتی بەردەوام سەرکەوتن بەدەس ناهێنێ . ئەنگلز پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە "زەبری شۆڕشگێڕانە ئەو ئامرازەیە کە بەهۆیەوە جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی ڕێ ی خۆی ئەبڕێ و شێوە ڕەق هەڵاتووەکان وردوخاش ئەکات . " ( مارکس و ئەنگلز ـ دانراوەکان / چاپی ڕوسی / بەرگی ٢٠ ل ١٨١ ) .

لینین لە ڕێگەی گەشەپێدانی بابەتی شۆڕش و دیاریکرنی نیشانەکانی دۆخی شۆڕشگێڕیەوە ، پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە شۆڕش بەبێ ئامادەکردنی پێداویستیە بنچینەییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیەکان ، ناتوانێ بەچاکی سەرکەوتن بە دەست بهێنێ .

تێکڕای هەلومەرجی بابەتی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی کە ئەبێتە هۆی تەقینەوەی شۆڕشگێڕانە ، پێ ی ئەوترێ دۆخی شۆڕشگێڕی . چونکە شۆڕش بە ویست و ئارەزووی مرۆڤ ڕونادات ، بەڵکو لە هەلومەرجی مێژویی دیاریکراودا ڕوئەدات ، واتە سەرکەوتنی شۆڕش پێویستی بە پێگەیشتنی تێکڕای ئاکتەرە ناوەکی و دەرەکی ، بابەتی و خۆییەکان هەیە .

لەو فاکتەرە بابەتیە دەرەکیە گرنگانەی بۆ سەرکەوتنی شۆڕش پێویستن : پێگەیشتنی دۆخی لەباری جیهان و ناوچەکە و هاوتابی

هەواڵنامەی کتێب

گونجاوی تەرازوی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکانە . لە سەردەمی ئێستادا ، ئەو جۆرە دۆخە نێونەتەوەییە ، لە ئەنجامی توانا و پایەی سیستەمی سۆسیالیستی جیهانی و هێزەکانی دژی ئیمپریالیزم ، سەری هەڵدا . لەم بارەیەشەوە ئەگەرچی لینین پەیوەندی نێوان گیانی شۆڕشگێڕی و کاری شۆڕشگێڕی دوپات ئەکردەوە بەڵام لەهەمان کاتدا پەنجەشی بۆ ئەوە ڕائەکێشا کە : " ئێمە لە ڕوسیا و ئەنجامی تاقیکردنەوی زۆر قورس و تاڵ و خوێناوی باوەڕمان بەو ڕاستیە هێناوە کە ناتوانین تەنیا بەگیانی شۆڕشگێڕی تاکتیکی شۆڕشگێڕی دابڕێژین ، بەڵکو پێویستە تاکتیک بە پێی هەڵسەنگاندنی زۆر ورد و بابەتیانەی هێزی گشت چینەکانی وولاتی دیاریکراو ( وولاتانی دراوسێ و گشت وولاتەکانی جیهان ) و ڕەچاوکردنی تاقیکردنەوەی جولانەوە شۆڕشگێڕەکان دابڕێژرێ " ( لێنین / هەڵبژاردەکان / بەرگی ٩ ل ١٨٤ ) .

ئەو فاکتەرە بابەتیە ناوەکیانەش کە بنچینەن بۆ سەرکەوتنی شۆڕش ئەمانەی لای خوارەوەیە :

"١) ئاستێکی دیاریکراوی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و تۆڕی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنان .

٢) ئاستێکی دیاریکراوی گەشەکردنی ڕێکخستن و هوشیاری چینی کرێکار و ڕۆڵی پێشڕەوەکەی ، واتە حیزبی مارکسی لینینی .

٣) ئاستێکی دیاریکراوی گەشەکردنی ململانێی کۆمەلایەتی کە خۆی لە دۆخی شۆڕشگێڕیدا ئەبینێتەوە ". ( تیۆر و تاکتیکی جولانەوەی کۆمۆنیستی جیهانی - پەیمانگای زانستی کومەلایەتی مۆسکو / ١٩٨٠ ل ٦٢ ) .

بەلام دۆخی شۆڕشگێڕی بریتیە لە تێکرای ئەو گۆڕانکاریە بابەتیانەی ئەبنە هۆی تەنگەو چەڵەمەیەکی کۆمەلایەتی و سیاسی قوڵ لەناو کۆمەڵدا . لێنین لەڕێگەی چالاکی شۆڕشگێڕیوتیۆریەوە ئەو هەلومەرجەی شیکردۆتەوە کە شۆڕشەکانی ڕوسیا و دەرەوەی تیا هەڵگیرساوە و بەدوای باسا گشتیەکانی سەرهەڵدانی پڕۆسەی شۆڕشگێڕیدا گەڕاوە و بەقولی و فراوانی مەسەلەی دۆخی شۆڕشگێڕی و پەیوەندی بە شۆڕشەوە لە دانراوی " مایە پوچی ئینتەرناسیونالی دوەم " دا دیاریکردوە . ئەوەبو تیایدا پەنجەی بۆئەوە ڕاکێشاوەکە " لە لای مرۆڤی مارکسی گۆمانی تیانیە شۆڕش بە بێ دۆخی شۆڕشگێڕی ڕونادات ، ئەگەرچی هەموو دۆخێکی شۆڕشگێڕیش نابێتە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش " .

هەتا ئەمڕۆ شیکردنەوەکانی لینین دەربارەی دۆخی شۆڕشگێڕی گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە ، شۆڕش و تاقیکردنەوەکانی جولانەوەی

شۆڕشگێڕی جیهانیش ڕاستی و دروستیان سەلماندوە . لینین نیشانە سەرەکیەکانی دۆخی شۆڕشگێڕی بەمانەی خوارەوە دیاری ئەکات:

"١- چینە دەسەڵاتدارەکان نەتوانن ، بەبێ گۆڕانکاری ، پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆیان بکەن ... واتە پەیدابونی تەنگوچەڵەمەیەك لە "لوتکە" دا ، لە سیاسەتی چینی دەسەڵاتدارا کە ئەبێتە هۆی دروستکردنی کەلێنێك و بێزاری و تورەیی دەسەڵاتدارانی لێوە هەڵئەقوڵێ . چونکە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش ئەوە بەس نیە بنکە ڕازی نەبێت "لوتکە" وەك ڕابردو بژی ، بەڵکو پێویستە لوتکە خۆی نەتوانی وەها بژی".

"٢- هەژاری چینە چەوساوەکان زیاتر ببێ و بێ دەرەتانیان لە ڕادە بەدەربێت".

"٣- لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە ، چالاکی ئەو جەماوەرە گەشە بکات کە لە سەردەمی "ئاشتی" دا بە هێمنی ملکەچی تالان کردن ئەبێت ، بەڵام لە سەردەمی هەڵچووندا و بە هۆی تێکڕای باروبۆخی تەنگوچەڵەمەکەوە ، یان بە کارتێکردنی لوتکە خۆیەوە ، پێویستە لەسەری بە چالاکی مێژوویی خۆی هەڵسێت" (لینین / داتراوە گشتیەکان - چاپی بولگاری - بەرگی ٢١ ل ٢٠٦).

ئێستاش بە دوورودرێژی باسی هەر یەکێك لەو سێ نیشانەیە ئەکەین کە لینین دیاریکردون:

یەکەم / "تەنگ و چەڵەمەی لوتکە" واتە چینە چەوسێنەرەکان نەتوانن شێوەی ڕابردوو بپارێزن ، چینە دەسەڵاتدارەکان نەتوانن بەبێ گۆڕانکاری پارێزگاری دەسەڵاتی خۆیان بکەن ، بە واتایەکی تر پەیدابونی تەنگ و چەڵەمەی سیاسی چینی دەسەڵاتدار .. لەوانەیە ئەم تەنگ و چەڵەمەیە لەلای خەلکی ڕون و ئاشکرا بێ ، بە تایبەتی ئەوەی لەکاتی جەنگ یان لەسێبەری دیکتاتورەت و فاشیزم دا ڕوئەدات و هەندێ کات گیانەلاکەی شێوەی بینرا و هەستپێکرا و بە خۆیەوە ئەگرێ . تەنگوچەڵەمەی ئەو "لوتکە"یەی سیاسەتەکانی لە ڕێگەی بەکارهێنانی نام و دەزگای دیموکراتی بۆرجوازی کۆن یان لە ڕێگەی دیکتاتوریەتی شاراوەوە جێبەجێ ئەکات ، هەندێ جار شێوەی نادیار و شاراوە بە خۆیەوە ئەگرێت . هەروەها بۆرجوازیەت بۆ دواخستنی گەشەکردنی بارودۆخە ئاڵۆزەکان و خولادان لە ئەنجامەکانی بەگشتی ، هەوڵ ئەدات لەگەڵ هەموو هەڵوێستێکی مێژوییدا بگونجێ . بۆیە مناوەرە و سیاسەتی دیماگۆگیانە بەکار ئەهێنێ و بە پێی هەلومەرجی هەستپێکراو شێوەی دەسەڵات ئەگۆڕێ

بە شێوەیەکی تر ، هەندێ جار توندتیژترین شێوە ( شێوازی ئاشتیانە )و هەندێ جاریش شێوەی مناوەرە و هەڵخەڵەتاندن و سازش ( لە سێبەری دیکتاتۆریەتدا ) بەکاردەهێنێ ، بە مەرجێك بۆرجوازیەت دەسەڵاتی چینایەتی خۆی تیایدا بپارێزێ . لەوانەیە ئەم شێوازانە یارمەتی بۆرجوازی بدەن هەل و دەرفەتی دیاریکراو بقۆزێتەوە بۆ سود وەرگرتن لە کات ، بەڵام هیچ کاتێك ناتوانێ هەتا سەر خۆی بپارێزێ و خۆی لە تەنگ و چەڵەمەکان ڕزگار بکات . ساتەکانی چونی " لوتکە " لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر و شارەزایی لە بەکارهێنانی میکانیزمی نوێ بۆ پاراستنی دەسەڵات وەستاو نیە و گۆڕانی جیدی تیایدا بەدی ئەکرێ ، لە ئەنجامی ئەوەشدا ، لێنین وتەنی ، کەلێنێك لە وڵاتەکەدا دروست ئەکات و " نارەزایی و بێزاری جینی " لێوە هەڵ ئەقوڵێ لێرەشدا هەلومەرجی کات ، شوێن ئەوە دیاری ئەکەن سەرهەڵدانی ئەو کەلێنە هاوجوت ئەبێت لەگەڵ بونی نیشانەکانی تری دۆخی شۆڕشگێڕی و ئامادەیی خۆی کاریگەردا بۆ کاری شۆڕشگێڕی ، یاخود نە . " ( باتالۆف ـ تیۆری لینینزم بۆ شۆڕش ـ دار التقدم / مۆسکو ١٩٨٣ ل٤٤ ) .

دوەم / " تەنگوچەڵەمەی بنکە " ، واتە توندوتیژ بونی بێ وێنەی ململانێی دوژمنکارانەی کۆمەلایەتی نێوان چینە دەسەڵاتدارەکان و جەماوەری چەوساوە . ئەمەش لە کەڵەکە بونی لە ڕادەبەدەری بێداویستی و گیروگرفتەکانی چینە چەوساوەکان ، لە هەموو بوارەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی دا ، بەدەر ئەکەوێت . لێرەشدا مەبەستی لینین ئەوە نیە کە ڕادەی ڕەوتی ڕەهای پێداویستی و گیروگرفتەکان بکاتە نیشانەی دۆخی شۆڕشگێڕی ، بەڵکو مەبەستی توند و تیژبونی ئەو پێداویستی و گیروگرفتانەیە ، واتە خراپ بونی ڕێژەیی ڕادەی دیاریکراوی ژیانی جەماوەر . فراوان بونی دەلاقەی نێوان پێداویستیە ڕاستەقینەکانی ڕەنجدەران و هەلومەرجی ڕاستەقینە بو دابین کردنیان ، لە نیوان پلەی هینانەدی پێداویستیەکانی ڕەنجدەران لە لایەك و چینی دەسەلاتدار لە لایەکی ترەوە ، لەوانەیە ببێتە فاکتەرێکی شۆڕشگێڕانەی مەزن .

سێیەم / گەشەکردنی چالاکی سیاسی جەماوەر ، لێرەشدا ڕادەی تێکۆشانی جەماوەر بەرز ئەبێتەوە و بینە شۆڕشگێڕەکان لە بێ لایەنی وەستی ڕزگاریان ئەبێت . لێنین سالی ١٩٢٠ لە نامیلکەی (نەخۆشی "چەپڕەوی" منداڵانە لە کۆمۆنیزمدا ) نوسیویەتی : ئێمە پێشڕەوایەتی فیکری جەماوەرمان بەدەست هێناوە ، ئەمەش مەسەلەیەکی سەرەکیەو بە بێ ئەو تەنانەت ناتوانین یەکەم هەنگاو بنێین . بەڵام ماوەی

نێوان ئەو مەسەلەیە و سەرکەوتن هێشتا زور دورە ، چونکە بە تەنیا هێزی پێشرەو و خستنەگەڕی هێزی پێشرەو لە شەڕێکی بڕیاردەردا و پێش ئەوەی چین بە گشتی و جەماوەری فراوان هەڵوێستی پشتگیری راستەوخۆی پێشرەویان وەرگرتبێ ، یان بەلای کەمەوە هەڵوێستی بێ لایەنیان نیشان دابی سەرکەوتن بەدەستنایەت . لینین ئەوە دوپات ئەکاتەوە کە پشت بەستن تەنیا بە چین هەر گێلی نیە ، بەڵکو تاوانیشە . بۆ ئەوەی چین بە گشتی و جەماوەری فراوانی چەوساوەی دەستی سەرمایەداری ئەو هەڵوێستەی سەرەوە وەرگرن ، پڕۆپاگەندە بەتەنیا و هاندان بە تەنیا بەس نیە ، بەڵکو بۆ ئەو مەبەستەش ئەبێ جەماوەر تاقیکردنەوەی سیاسی تایبەتی خۆی هەبێت ، ئەمە یاسای بنچینەیی هەموو شۆڕشە گەورەکانە .

ئەوە نیشانە بنچینەییەکانی دۆخی شۆڕشگێڕیە کە بە ئامادە بونی هەموو نیشانەکان نەبێ دەرناکەوێت . پرۆسە بابەتیەکانی شلەژان و هیببونەوەی ئامێری دەوڵەت ، پێگەیشتنی هوشیاری و رێکخستنی چینی کرێکار و پەرەسەندنی چالاکی شۆڕشگێڕی و تێکرای هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە وڵاتدا ، کاتی دەرکەوتنی دۆخی شۆڕشگێڕی دیاری ئەکەن .

بۆ ئەوەی دۆخی شۆڕشگێڕی بگۆڕێ بۆ شۆڕش ، پێویستە هەتا رادەیەکی دیاریکراو ئەم فاکتەرە خۆبیانەی خوارەوە پێگەیشتبن :

یەکەم / ئامادەیی ( دەرونی و فیکری و رێکخراوەیی ) چینی کرێکار بۆ شۆڕش کردن و توانای چینی کرێکار بۆ هەڵسان بە کاری جەماوەری شۆڕشگێڕانەی بە هێزی وەها کە شیاو بێت بۆ وردو خاشکردنی گشتی و نیوە چلی حکومەتی کۆن . چونکە ئەو حکومەتە هەر لە خۆوە و تەنانەت لەسەردەمی تەنگوچەڵەمەشدا ناڕوخێ ، بەڵکو ئەبێ بڕوخێنرێ .

دوەم / پشتگیری جەماوەری فراوانی رەنجدەران بۆ چینی شۆڕشگێڕ یان بەلای کەمەوە هەڵوێستی بێلایەنی دوستانە و لایەنگیری کردنی بنوێنن و پێکهێنانی فراوانترین هاوپەیمانی نێوان چینی کرێکار وجوتیاران وهێزە بزوێنەرەکانی شۆڕش . لێرەدا پێویستە سەرنج بۆئەوە رابکێشین کە هاوپەیمانیە دیموکراتیە فراوانەکان رژێمە دەسەڵاتدارەکان هەڵئەتەکێنن و توانای مناوەرەی سست ئەکەن و بنکەی دەسەڵاتی سیاسی تەسک ئەکەنەوە .

سێیەم / هەبون وپەرەسەندنی کاریگەری چالاکی ئەو حیزبەی ( رێکخستنی شۆڕشگێڕ ، حیزبی مارکسی لینینی ) خاوەنی بەرنامەیەکی زانستی سەلمێنراوە بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانە ، کارامەیە لە

ڕاپەڕاندنی جەماوەر* بۆ خەبات و دیاریکردنی ئەو ئەرکانەی ڕووبەڕووی خەباتی جەماوەری ئەبنەوە و شارەزایە لەدەست نیشانکردنی ئەڵقەی ناوەندی لە زنجیرەی ئەو ئەرکانەی ڕووبەڕووی جوڵانەوەکە ئەبێتەوە. وەك لینین لە نیسانی ١٩١٨ و لە " ئەرکە ڕاستەوخۆکانی سەرەتانی دەسەڵاتی سۆڤیێتی " دا نوسیویەتی : " لە هەموو قوناغێکدا ، بە تەنیا بەس نیە مرۆڤ شۆڕشگێڕ بێ یان لایەنگیری سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم بێ بەشێوەیەکی گشتی ، بەڵکو پێویستە لە هەمان کاتدا بزانێ چۆن ئەو ئەڵقە تایبەتیەی زنجیرەکە دیاری بکات کە پێویستە دەستی پێوە بگرێ بۆ ئەوەی هەمو زنجیرەکە بەدەست بهێنێ و خۆشی بە چاکی ئامادە بکات بۆ هەنگاونان بەرەو ئەڵقەی دوای ئەو. ئەوەی شایانی باسە ڕیز بەستن و شێوە و جۆری پەیوەندی نێوان ئەڵقەکان لە زنجیرەیەك ڕوداوی مێژوییدا و ئەو نیشانانەی لە یەکیان جیا ئەکاتەوە سەرەتایی و سادە نیە و وەك ئەو زنجیرە نیە کە ئاسنگەر دروستی ئەکات " ( لینین / هەڵبژاردەکان لە ١٠ بەرگدا / چاپی عەرەبی - دار التقدم مۆسکۆ - ١٩٦٨ - بەرگی ١٠ ل ٤٣١ ).

ئەوە ئەو سێ فاکتەرە خۆییە بنچینەییانەبە کە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش پێویستن. لێرەدا ئەوە دەرئەکەوێ کە لەم سەردەمەدا ڕۆڵی فاکتەرە خۆییەکان لە پرۆسەی شۆڕشگێڕیدا گرنگیەکی تایبەتیان هەیە. بەڵام بۆ سەرکەوتنی شۆڕش یەکێتی ئەو "فاکتەرە ( هەلومەرجە ) بابەتی و خۆییانە پێویستە کە ئەبێتە هۆی دروستکردنی تەنگوچەڵەمەی گشتی نیشتمانی ، ئەمەش یاسای بنچینەیی شۆڕشە و ئەزمونی مێژویی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی جیهان دوباتی کردۆتەوە.

نابێ بە ویست و ئارەزو شۆڕش بەرپا بکەین ، ناشبێ بینێرینە دەرەوەی وڵات ، ئەمە جیاوازی نێوان کۆمۆنیست و هەڵپەرستی ڕاسترەو و "چەپڕەوە" کانە. چونکە شۆڕش لەناو تەنگوچەڵەمەی بابەتی خەملیودا و بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بەدەر لە ویستی چین و حیزبەکان پەرەئەسێنێ و هەلومەرجی بابەتی توانای شۆڕشکردن لە بارئەکات و پێویستی هێنانەدی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە دەرئەبڕێ ، بەڵام

---

* لینین لە بارەی مەسەلەی ڕاپەڕاندنی جەماوەر و ئەرکە ئەگۆڕو بنچینەییەکانی کۆمۆنیستەکانەوە نوسیویەتی ئەڵێ : " بوتی دۆخی شۆڕشگێڕی بۆ جەماوەر ئاشکرا بکەن و ڕادە و قوڵی دەرنیشان بکەن ، هوشیاری و ورەی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا پەرە پێبدەن و ڕێکخراوی گونجاو لەگەڵ دۆخی شۆڕشگێڕیدا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەدا بەمەزرێنن ، واتە هەڵسن بە داناندان و " هەژاندنی گەل ".

هێناتە دی ئەو پێداویستیە مێژوییە بەبێ چالاکی جەماوەر و چین و حیزبە شۆڕشگێڕەکان ڕونادات ٠

پێویستە لەسەرمان هەمیشە گرنگی جیاوازی نێوان هەلومەرجی بابەتی و هەلومەرجی خۆیی دوپات بکەینەوە و بچین بەگژ ئاژاوە ئیرادیەکاندا لەشیکردنەوە و کاری شۆڕشگێڕیدا ، چونکە هەندێ جار ویستی جەماوەر بۆ سەرکەوتن و بونی ورەو وزەی شۆڕشگێڕی ئەبنە هۆی قەبەکردنی لەڕادە بەدەری توانای ئیرادەی خۆیی ٠

لە هەمان کاتدا شیکردنەوەی هۆ و نیشانەکانی دۆخی شۆڕشگێڕی پێویستی بەوە هەیە شۆڕشگێڕەکان بۆ هەمو گۆڕانکاریە کوتوپڕە مێژوییەکان ئامادەبن ، ڕەچاوی ڕەوتاوەکانی ژیانی ناوخۆ و دەرەوە بکەن ٠ لێرەشدا ولەم بوارەدا پێویستە لەسەر هەندێ دیاردەی وەك جەنگ بدوێین ٠ بەسەرنج دان لە مێژووی شۆڕشە سۆسیالیستیەکان ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە شۆڕش لە چەندین وڵاتدا لە هەلومەرجی جەنگدا ، بە تایبەتی لە ماوەی دوجەنگی جیهانیدا ، ڕوی داوە ، وەك ئەو شۆڕشانەی لە ڕوسیا و چەندین وڵاتی ئەوروپادا ڕویان داوە ٠ هەڵپەرستە " چەپڕەوەکان " و تیۆریستەکانی بۆرجوازیەت ئەم دیاردەیە بە یاسایەکی گشتی دائەنێن و داکۆکی لەو بۆچونە ئەکەن کە ئەڵێ دۆخی شۆڕشگێڕی لە سایەی جەنگەوە نەبێ دەرناکەوێ ، لە ئەنجامیشدا ئەگەر چینی کرێکار ویستی شۆڕش هەڵگیرسێنێ ، نابێ ڕێگە لە جەنگ بگرێ بەڵکو ئەبێ هانی هەڵگیرسانی بدات ٠ لە واقیعدا پەیوەندی " هۆ وئەنجام " لە نێوان " جەنگ و شۆڕشدا " نیە ، چونکە لەوانەیە جەنگ وەك فاکتەرێك یارمەتی سەرهەڵدانی دۆخی شۆڕشگێڕی بدات و ببێتە هۆی لابردنی هەندێ کۆسپی سەر ڕێگەی دروست بون و سەرهەڵدانی ئەو ناکۆکیانەی تێکڕای گەشەکردنی ڕابردوی وڵاتێکی دیاریکراو ئامادەی کردون ، بەڵام لەلایەکی ترەوە وەك لینین بەدیکردبوە لەوانەیە جەنگ وەك ئامرازێك بۆ پاراستن و هێشتنەوەی ڕژێم و توندوتیژکردنی چەوساندنەوە بەکاربهێنرێ و هەندێ کاتیش بۆ چەواشەکردنی هوشیاری دەربارەی بێزاری پەرەسەندوی جەماوەر و سەرکوتکردنی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی جیهانی ، وروژاندنی بیروباوەڕی کۆنەپەرستی شێلەکی و نەتەوە پەرستی بەرچاو تەنگ بەکار بهێنرێ ٠

لە لایەکی تریشەوە لینین ئەوەی ڕەچاو کردوە کە لە کاتی شەڕو پەیدابونی تەنگوچەڵەمەی قوڵدا ، ماڵ وێرانی جەماوەر تا ڕادەیەکی زۆر زیاد ئەکات ، بۆیە داوای لە کۆمۆنیستەکان ئەکرد دژی جەنگ بوەستن و هەڵگیرسانی ڕەت بکەنەوە ، وە وای بە چاك ئەزانی کە

كۆمۆنیستەكان سود لەو تەنگوچەڵەمە ئابوری و سیاسیانە وەربگرن كە لە ئەنجامی جەنگدێتەكایەوە و بۆ نزیك كردنەوەی ڕۆژی ڕوخاندنی سەرمایەداری بەكاری بهێنن ٠ تاقیكردنەوەكانی مێژو و ئەوەیان دەرخستووە كە لەوانەیە دۆخی شۆڕشگێڕی لە هەلومەرجی ئاشتیدا پێ بگات و خەباتی چینی كرێكار دژی جەنگ نابێتە كۆسپ لەبەردەمی هەڵگیرسانی شۆڕشدا ٠

لەوانەیە خەباتی چەكدارانەی وەك شەڕی پارتیزانی ، یارمەتی سەرهەڵدانی دۆخی شۆڕشگێڕی بدات ٠ تاقیكردنەوەی شۆڕشی كوبا ئەوەی دەرخستووە كە شەڕی پارتیزانی لە هەلومەرجی دیاریكراودا ئەتوانێ ببێتە فاكتەرێك بۆ پەرە پێدان و فراوانكردن و گەشەپێدانی دۆخی شۆڕشگێڕی و گوێزانەوەی بۆ پلەی شۆڕش ٠ هەروەها لەوانەیە دۆخی شۆڕشگێڕی بەكارتێكردنی چالاكانەی خودی شۆڕشگێڕی كاریگەر پێ بكات ، بەڵام ئەو خودە ناتوانی بە دەستكرد ئەو دۆخە بخوڵقێنێ ٠ هەروەها لەوانەیە دۆخی شۆڕشگێڕیش یارمەتی پێكهاتنی خودی شۆڕشگێڕی بدات و هانی چالاكی جەماوەر بدات ٠ گۆڕانی دۆخی شۆڕشگێڕی بۆ شۆڕش لە پەیدابونی تەنگوچەڵەمەیەكی نیشتمانیدا ( واتە لەسەر ئاستی نیشتمان بە گشتی ) خۆی ئەبینێتەوە كە لەگەڵ پێویستی بونی فاكتەری خۆییدا ، هەلومەرجی بابەتی بۆ سەركەوتنی شۆڕش ساز ئەكات ٠ ئەمەش یاسای بنچینەیی شۆڕشە٠

" یەكگرتن " بخوێننەوە و بڵاوی بكەنەوە ، تێبینی و ڕەخنەی خۆتانی لەسەر دەربڕن ، پێشنیار و بابەتی سودبەخشی بۆ بنێرن و كۆمەكی بكەن ٠

مەسەلەی نەتەوایەتی

# شێوازی لینینیزم لە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی دا

## (لینین و مشت و مڕەکانی دوەمین کونگرەی ئینتەرناسیونالی کومونیستی)

د. ماهیر شەریف*

گرنگی لێنینزم تەنیا لە چالاکی تیۆری و پراکتیکی فراوانی لێنین دا نەبووە بەڵکو لەو شێوازەشدا بوو کە ئەو شۆڕشگێڕە مەزنە چارەسەری مەسەلەکانی شۆڕشی جیهانی پێ ئەکرد. چونکە شێوازی لێنینزم بەکەم بەوە ناسراوە کە لە پراکتیکی زیندوی دور لە هەڵەی ڕەوتی پراکتیکی و تەجروبەکەری یەوە دەست پێ ئەکات، دوەم بەوە ناسراوە کە ڕوت ترین چەمەك و گوتە بەکار ئەهێنێ، بەڵام لەو ڕوتیەدا نامێنێتەوە و باز ئەدات بەسەر چەمەك و گوتە ڕوتەکاندا و دوبارە ئەگرێتەوە بۆ دیاریکراو و بە قوڵی وەری ئەگرێ.

لینین زۆر گاڵتەی بە فۆرمی ئامادەکراو ئەهات، هەمیشە لە شیکردنەوەی هەست پێکراوی واقیعێکی هەست پێکراو و دور لە دۆگماتیزمەوە دەستی بەکاری خۆی ئەکرد و لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا پێڕەوی ڕێبازی مارکسیزمی ئەکرد. لەهەمان کاتیشدا مەسەلەی سەرەکی، واتە دڵسۆزی بۆ پرنسیپەکانی خەباتی شۆڕشگێڕی لە پێناوی سەرکەوتنی سۆسیالیزم لەجیهاندا بەگشتی لەیاد نەئەکرد. هەر لەبەر ئەوەش بو لینین بە توندی ئەچوو بەگژ دۆگماتیزم و هەڵوێستی ڕەق هەڵاتودا بەرامبەر دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی ژیان، چونکە مارکسیزم بەلای ئەوەوە بەر لەهەمو شتێك ڕێبازی شیکردنەوە و ڕێ نیشاندەری کار بوو. لەبەر ئەوە هەمیشە ئەوەی دوپات ئەکردەوە کە مارکسیزم داوامان لێ ئەکات ڕەچاوی هەلومەرجی کات و شوێن

بکەین و پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە هۆی بنچینەیی دیالەکتیکی مارکس لەوەدا پوختە ئەکرێتەوە کە هەموو سنورەکان لە سروشت و وکۆمەڵدا بزۆکە و هیچ دیاردەیەك نیە لە هەلومەرجی لەبار و گونجاودا هەڵنەگەڕێتەوە بۆ دژەکەی .

لێرەدا هەوڵ ئەدەین شێوازی لینینزم لە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستیدا شیبکەینەوە ، ئەمەش لە ڕێگەی باس کردنی ڕۆڵی لینین لە لێژنەی مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی دوەمین کۆنگرەی ئینترناسیونالی کۆمۆنیستیدا لە هاوینی ١٩٢٠ کە تیایدا لینین هەڵبژێردرابوو بۆ ئەوەی پرنسیپە گشتیەکانی ستراتیج و تاکتیکی جولانەوەی کۆمۆنیستی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی لە سەردەمی ئیمپریالیزم و دەست پێکردنی قۆناغی گوێزانەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم دا دابڕێژێ کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا هێنابویە گۆڕێ‌وە .

مێژوو ئەرکی دیاریکردنی هەڵوێستی مارکسی شۆڕشگێڕانە بەرامبەر مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی خستە ئەستۆی لینین . ئەوەبوو لینین توانی لە ماوەی نێوان دو سەردەمی مێژوییدا و پشت ئەستور بە ئەزمونی مێژویی نوێ، هەڵسێ بە قوڵ کردنەوەی ئەو بیروڕا گشتیانەی مارکس و ئەنگلز دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی لە قۆناغی سەرمایەداری پێش مۆنۆپۆلی دا دایان ڕشتبو .

مارکس لە ڕوانگەی تەبایی یان ناتەبایی مەسەلەی نەتەوایەتی لەگەڵ خەباتی جولانەوەی کرێکاریدا ، سەیری مەسەلەکەی ئەکرد و لەو بڕوایەدا بوو کە ڕزگاری یەکجارەکی گەلان لە چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی لە چوارچێوەی سۆسیالیزم دا نەبێ نایەتەدی ، و لەوانەیە جولانەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخواز بۆ جولانەوەی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ سودبەخش بێ و لەوانەشە زیان بەخش بێت . لەو سەردەمە مێژوییەی گەشەکردنی سەرمایەداری دا کە مارکس تیا ئەژیا ، هێشتا ئەو فاکتەرانە لە ئارادا نەبون کە یارمەتی ئەوەیان ئەدا ئاقاری خەباتی جولانەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخواز دیاری بکرێ و لە تواناشدا نەبوو هەموو پەیوەندیە گونجاوەکانی نێوان جولانەوەی نەتەوایەتی بۆرجوازی نەتەوە چەوساوەو ستەمدیدەکان و جولانەوەی پرۆلیتاریای نەتەوە چەوسێنەرەکان هەڵبسەنگێنرێن .

لەو سەردەمەدا هەندێ جولانەوەی نەتەوەیی ، وەك جولانەوەی ئەو گەلانەی دژی قەیسەری ڕوسیا خەباتیان ئەکرد ، لە ڕوی بابەتیەوە خزمەتی سۆسیالیزمیان ئەکرد ، بەڵام هەندێ جولانەوەی نەتەوەیی تری وەك جولانەوەی گەلانی سلاڤی خوارو کە بۆ لەناو بردنی شۆڕشی

بۆرجوازی دیموکراتی مەجرستان بەکار ئەهێنرا ، لە ڕوی بابەتیەوە دژی سۆسیالیزم بوو . هەر لەبەر ئەو هویەش بوو لینین ئەو کاتە دروشمی " مافی دیاریکردنی چارەنوسی " دەرنەبڕی .

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەرمایەداری گەیشتە قۆناغی ئیمپریالیزم و ئەنجامی ئەوەش مەسەلەی نەتەوایەتی بەگشتی گۆڕا بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی . ئەمەش پاش ئەوە بوو کە مەسەلەی نەتەوایەتی زۆربەی وولاتە ئەوروپاییەکان چارەسەرکران و ئیمپراتوریەتی کۆلونیالیستی دروست بوو .

قۆناغی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی لە ئەوروبای ڕۆژئاوا کۆتایی پێ هات ، زۆربەی وولاتە ئەوروپاییەکان گۆڕان بۆ دەولەتی ئیمپریالیستی و باڵی خۆیان کێشا بەسەر ژمارەیەکی زۆری وولاتەکانی ئاسیا و ئەفەریقادا . گەلانی وولاتە کۆلۆنی و وابەستەکانیش دەستیان کرد بە خەبات دژی چینی بۆرجوازی باڵادەستی وولاتە ئیمپریالیستەکان ، واتە دەستیان کرد بە خەبات دژی هەمان ئەو دوژمنەی جولانەوەی کرێکاری شۆڕشگێڕی ئەوروپا لە دژی تێئەکۆشا .

لەم قۆناغە مێژوییە نوێیەدا ، لینین پاش شیکردنەوەی دیاردەی گۆڕانی سەرمایەداری بۆ پێشدی سەرمایەداری مۆنۆپۆلی ، واتە سەرمایەداری مالی ، ئەوەی دەرخست کە ئیمپریالیزم بە وردی مانای ئەوەیە " هەندێ نەتەوە ڕوئەکاتە چەوساندنەوەی نەتەوەی تر ، فراوان کردن و چەسپاندنی ستەمی خۆی و دابەشکردنی کۆلۆنەکان" بەپێی ئەمەش ناوەڕۆکی ئیمپریالیزم ئەوە ئەگەیەنێ کە دنیا دابەش بوە بۆ نەتەوەی چەوسێنەر و نەتەوەی چەوساوە .

لینین لەو بڕوایەدا بو نەتەوە چەوساوەکان ، بەتایبەتی گەلانی کۆلۆن و نیمچە کۆلۆنەکان ، لە ڕوی بابەتیەوە دەستیان کرد بەبەشداریکردن لەو خەباتەی دژی ئیمپریالیزمدا کە جولانەوەی کرێکاری شۆڕشگێڕ بەرپای کردبوو . ئەوەی دوپات ئەکردەوە کە جولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی کۆلۆنەکان و وولاتە وابەستەکان بونەتە هێزێکی سەرەکی شۆڕشی جیهانی و هاوپەیمانی بابەتی جولانەوەی سۆسیالیستی . ئەوەبو لە سەردەمی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراسی ڕوسیای سالی ١٩٠٥ دا ، " کرێکارانی هوشیاری ئەوروپا توانیان هاوڕێی ئاسیایی بەدەست بهێنن و ژمارەی ئەو هاوڕێیانەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و سات لەدوای سات لە پەرەسەندن دایە " .

بەو جۆرە لینین وەک شتێکی دابڕاو سەیری جولانەوەی ڕزگاریخوازی نە ئەکرد و بە تەواوکەری ئەو خەباتەی پرولیتاریای دائەنا کە لە پێناوی سەرکەوتنی سۆسیالیزمدا بەرپای کردبو ، وەهەمیشە ئەوەی

دووپات ئەکردەوە کە "شۆڕشی سۆسیالیستی بە گشتی و شێوەیەکی سەرەکی پێک نەهاتووە لە خەباتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی هەموو وڵاتەکان دژی بۆرجوازیەتی خۆیان بەتەنیا ، بەڵکو ئەو خەباتەش ئەگرێتەوە کە لە لایەن کۆلۆنەکان و وڵاتە وابەستەکانەوە دژی ئیمپریالیزم بەرپا ئەکرێت".

لینین یەکێکە لەو سەرکردە مێژوییانەی توانی حەتمیەتی هاوپەیمانێتی نێوان سۆسیالیزم و جوڵانەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخواز لە خەباتی دژی ئیمپریالیزمدا بسەلمێنێ . بیروباوەڕی یەکێتی لایەنەکانی پرۆسەی شۆڕشگێڕی جیهانیش دژی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری ، گەشەپێدانێکی دامێنەرانەی بیروڕاکانی مارکسیزم بو لینینیزم هێنایە کایەوە . چونکە لە پێش لینیندا هیچ کەسێک مەسەلەکەی بەو شێوەیە دەرنەبڕیبوو ، کەسیش پرنسیپەکانی کارتێکردنی دوولایەنی خەباتی جوڵانەوەی کرێکاری جیهانی و خەباتی گەلانی وڵاتە کۆلۆنی و وابەستەکانی نەدۆزیبووەوە. لێرەشدا لینین لە کاتی دەربڕینی بیروڕاکەیدا بەر لە هەموو شتێک ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانی سۆسیالیزمی ئەکرد و باوەڕی وەها بوو کە نزیک بوونەوەی جوڵانەوەی کرێکاری ئەوروپا لە جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی و تێکەڵ بوونی بەرژەوەندیەکانیان لە خەباتی هاوبەشی دژی ئیمپریالیزمی جیهانیدا ، پایەکانی سۆسیالیزم پتەوتر ئەکات و سەرکەوتنی کۆتایی ئاسانتر ئەکات.

بەو جۆرە لینین بە هۆی تێگەیشتنی قووڵی بۆ دیالەکتیکی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی ڕزگاریخواز لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا دروشمی مافی دیاریکردنی چارەنووسی بۆ نەتەوەی وڵاتە کۆلۆنی و وابەستەکان دەربڕی . دەربڕینی دروشمەکەش بە پێی هەمان ئەو بنچینانە بوو کە مارکس لە سەردەمی خۆیدا دەری بڕیبوو .

لینین زۆر بە توندی دژی ئەو بیروڕایانە ئەوەستا کە ئەیانووت دروشمی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە سێبەری ئیمپریالیزمدا جێبەجێ ناکرێت ، و بانگی جوڵانەوەی سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێڕی ئەکرد بۆ داواکردنی "ڕزگارکردنی نەتەوە چەوساوە و ستەمدیدەکان ، نەک بەرستەی ئاڵۆز و وشک و گوتەی بێ مانا و پاشخستنی مەسەلەکە هەتا کاتی بیناکردنی سۆسیالیزم ، بەڵکو بە هۆی بەرنامەیەکی سیاسی داڕێژرا و لە فۆرمێکی ڕوون و وردی وەهادا کە دوو ڕوویی و ترسنۆکی سۆسیالیستەکانی نەتەوە چەوسێنەرەکان ڕەچاو بکات" . هەروەها لینین ئەوەی دووپات ئەکردەوە کە نابێ پرۆلیتاریای نەتەوەی سەردەستی چەوسێنەر بە ڕستەی گشتی و وشک دژی لکاندن بوەستێ و پشتگیری

مافی یەکسانی نەتەوەکان بکات، بەڵکو ئەبێ "داوای مافی جیابونەوەی سیاسی ئەو کۆڵۆنیانە بکات کە نەتەوەکەی داگیرکردون و ئەیان چەوسێنێتەوە،چونکە بەبێ ئەوە ئینترناسیونالی پرۆلیتاریا وەك ووتەیەکی پوچەڵ و بێ سود ئەمێنێتەوە." .

لینین لە کاتی شیکردنەوەی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی جوڵانەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی ووڵاتە کۆڵۆنی و وابەستەکاندا، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو جوڵانەوانە لە بنچینەدا جوڵانەوەی بۆرجوازی دیموکراتین و جوتیاران جەماوەری سەرەکیان پێك ئەهێنن. بۆیە لینین تەنیا داوای ئەوەی لە سۆسیالیستەکان نە ئەکرد کە باوەڕ بە مافی دیاریکردنی چارەنوسی گەلانی ووڵاتە کۆڵۆنی و نیمچە کۆڵۆنیەکان بهێنن، بەڵکو داوای ئەوەش لێ ئەکردن لایەنگیری و پشتگیری "توخمە هەرە شۆڕشگێڕەکانی جوڵانەوەی ڕزگاری نەتەوەیی بۆرجوازی دیموکراتی" بکەن و یارمەتیان بدەن "بە شۆڕشی خۆیان هەڵسن و خەباتی شۆڕشگێڕی خۆیان - لە کاتی پێویستدا - دژی ئیمپریالیزمی چەوسێنەر بەرپابکەن".

لینین لە دواییدا و لە ڕێنوێنیە ستراتیجیەکەیدا کە پێشکەشی نوێنەرانی دوەمین کۆنگرەی جیهانی ئینترناسیونالی کۆمۆنیستی کردبوو، پەرەی بەو بیروباوەڕانەدا.

سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتوبەر لە ڕوسیا ڕێ خۆشکەربو بۆ خوڵقاندنی هەلومەرجی لەبار بۆ پتەوبونی خەباتی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی جەماوەری ووڵاتە کۆڵۆنی و وابەستەکان. لینین ئەو کاتە پەنجەی بۆ پێگەیشتنی بایەخی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی لە چوارچێوەی پرۆسەی شۆڕشگێڕی جیهانیدا ڕاکێشاوە و نوسیویەتی: "جەنگی ئیمپریالیستی ساڵەکانی ١٩١٤ - ١٩١٨ و دەسەڵاتی سۆڤێتی لە ڕوسیا، یارمەتی ئەوەیان دا ئەو جەماوەرە ببنە فاکتەرێکی چالاك لە سیاسەتی جیهانی و چوارچێوەی ئەو پرۆسە شۆڕشگێڕیەی جیهاندا کە ئەیەوێ ئیمپریالیزم لەناو بەرێ"، وەئەوەی دەربڕی ئەگەر جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات "پەیوەندی پتەو لەگەڵ ئەو خەباتەدا نەبەستێ کە کۆماری سۆڤێتی دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بەرپای کردوە" ئەوا نا توانێ بە سەرکەوتوانە گەشە بکات.

دوای دامەزراندنی ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیستی لە ساڵی ١٩١٩دا و دەست پێ کردنی جوڵانەوەی کۆمۆنیستی جیهانی، ئەو بیروڕایە دەربڕا کە ئەڵێ: لەگەڵ هەلومەرجی بابەتی نالەباری نەبونی چینی پرۆلیتاریا و نزمی ئاستی گەشەکردنی پرۆلیتاریا لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا ئەنجامی کاریگەری بیروڕای ئاینی و خەباڵ پلاوی، بەڵام سەرهەڵدانی ڕێکخراوی

کۆمۆنیستی لەنێو ئەو گەلانەدا شتێکی گرنجاو و لەبارە . لینین هەوڵی ئەدا یەکەمین کۆمۆنیستەکانی، وولاتە ڕۆژهەلاتیەکان بە ڕێبازی شیکردنەوەی مارکسیانەی واقیع و دورکەوتنەوە لە دۆگماتیزم و کۆپی‌کردنی میکانیکیانە چەکدار بکات ، بۆیە لەو راپۆرتەدا کە پێشکەشی دوەمین کۆنگرەی گشت ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی گەلانی ڕۆژهەلاتی ڕوسیای کردبو و نوسیویەتی :" ئەرکێکی وەها ڕوبەڕوتان بۆتەوە لەوەو پێش ڕوبەڕوی هیچ کۆمۆنیستێکی دنیا نەبوتەوە . پێویستە لەسەرتان لە بواری تیۆری و پراکتیکیدا پشت بە فێرکاریە گشتیەکانی کۆمونیزم ببەستن و ئەو هەلومەرجە تایبەتیانە رەچاوبکەن کە لە وولاتە ئەوروپاییەکاندا نیە ، بۆ ئەوەی بتوانن فێرکاریەکانی بواری تیۆر و پراکتیك لەو هەلومەرجەدا جێبەجێ بکەن کە جوتیاران جەماوەری سەرەکی پێك ئەهێنن و ئەرکی خەباتی سەرەکی دژی سەرمایە نیە ، بەلکو دژی پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاستە . ئەم ئەرکەش زۆر قورسە و سروشتێکی تایبەتی هەیە ، بەلام چاکترین بەرهەمی ئەبێ ، چونکە ئەو جەماوەرە بۆ خەبات رائەکێشێ کە لەوەو پێش بەشداری تێکۆشانی نەکردوە و لە ڕێگەی ڕێکخستنی شانەی کۆمۆنیستیەوە لەڕۆژهەلات ، پەیوەندی ئەو جەماوەرە لەگەڵ ئینتەرناسیونالی سێیەمدا پتەوترئەبێ " .

لینین لە راپۆرتی ناوبراودا ئامۆژگاری کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەلات ئەکات ئەو بیروبۆچونە ڕاستەقینانەی کۆمۆنیزم وەرگێرنە سەرزمانی گەلەکانی خۆیان کە لە بنچینەدا بۆ کۆمۆنیستەکانی وولاتە سەرمایەداریە پێشکەوتوەکان ئامادەکراوە . وە ئەوەی دوپات ئەکردەوە کە ئەو کۆمۆنیستانە ناتوانن " لە هیچ کتێبێکی کۆمونیستیدا " چارەسەر بۆ ئەو مەسەلانە بدۆزنەوە کە ڕوبەڕویان ئەبێتەوە ، بەلکو " لەو خەباتە گشتیەدا ئەی دۆزنەوە کە ڕوسیا دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بەرپای کردوە . هەروەها لینین ئەوەی دەرخستوە کە ئەرکی یەکەمین کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەلات ئەوەیە چالاکی شۆڕشگێری و دەرپێشکەری خۆیی لە لای جەماوەر ببزوێنن و بەشداری چالاکانە لە خەباتی ڕزگاریخوازی دژی ئیمپریالیزمدا بکەن ، بۆ ئەوەش ئەبێ پشت بە " ناسیونالیزمی نەتەوەیی بۆرجوازی ببەستن کە لەلای ئەو گەلانە بزواو و بێگومان ئەبزوێ ، چونکە هۆی مێژویی خۆی هەیە" .

دوەمین کۆنگرەی ئینترناسیونالی کۆمۆنیستی ( تەموزوئابی ١٩٢٠) ڕۆلێکی دیاری هەبوو لە پرۆسەی پەرەپێدانی ستراتیج و تاکتیکی جولانەوەی کۆمونیستی دا بەرامبەر مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی سەردەمی ئیمپریالیزم و گوێزانەوە لە سەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالیزم،

کۆنگرەکە لەو بڕوایەدا بو کە مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی مەسەلەیەکی جیهانیە و پەیوەندی بە ڕۆل و پایەی ئەو خەباتە نەتەوەییە ڕزگاری خوازەوە هەیە نە گەلانی وولاتە کۆلۆنی و وابەستەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی شۆڕشگێڕی جیهانیدا دژی سیستەمی ئیمپریالیزم و بۆ دابین کردنی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی بەرپایان کردووە .

لینین پێڕنوسی تێزە سەرەتاییەکانی دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی داڕشت کە کۆنگرەکە مشت و مڕی لەسەر ئەکرد و ئەویان بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی بڕیارەکە هەڵبژاردبوو. پێش ئەوەی بچێتە هۆڵی دووەمین کۆنگرەی ئینترناسیونالی کۆمۆنیستیەوە ، هەندی بیروڕای هەمەجۆری دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی لەلا گەڵاڵە ببوو ، ئەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە :

١) جیهان لەسەردەمی ئیمپریالیزمدا دابەش ئەبێ بۆ نەتەوەی چەوسێنەر و نەتەوەی چەوساوە .

٢) خەباتی وولاتە کۆلۆنی و وابەستەکان دژی ئیمپریالیزم بەشێکی لە بچڕان نەهاتوی خەباتی پرۆلیتاریای جیهان لە پێناوی شۆڕشی سۆسیالیستیدا پێک ئەهێنێ .

٣) پێویستە جوڵانەوەی کۆمۆنیستی جیهان خەبات بکات بۆ دابین کردنی مافی دیاریکردنی چارەنوس بو گەلانی وولاتە کۆلۆنی و وابەستەکان و داکۆکی لەو خەباتەی دژی ئیمپریالیزم بکات کە جوڵانەوەی بۆرجوازی دیموکراتی لە کۆلۆن و نیمچە کۆلۆنەکاندا بەرپایان کردوە .

٤) دوای سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر و دامەزراندنی ئینترناسیونالی کۆمۆنیستی ، توانای سەرهەڵدانی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی لەنێو گەلانی وولاتە کۆلۆنی و وابەستەکانی ڕۆژهەڵاتدا لەبارتر بوو . بەڵام ئەو توانایە نابێتە ڕوداوێکی ڕاستەقینەی واقیعی ئەگەر کۆمۆنیستەکانی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات " ئەو ڕاستیە گومان لێنەکراوە هەڵ نە هێنجن کە ئەڵێ : پێویستە مرۆڤی مارکسی حیسابی واقیعی و ڕوداوی هەستپێکراوی زیندو بکات ، نەك خۆی ببەستێتەوە بە تیۆری دوێنێوە ، کە لە چاکترین بارودۆخ دا لە مەسەلە بنچینەیی و گشتیەکان و بیوانەی ڕێژەیی بۆ ئاڵۆزی ژیان زیاتر ناتوانێ هیچی تر دەربڕێ". چونکە کۆمۆنیستەکانی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات ڕوبەڕوی ئەرکی ئاڵۆز بونەتەوە و پێویستە تیۆر و پراکتیکی مارکسی لە هەلومەرجی قورس و ڕەسەنی وەها دا جێبەجێ بکەن کەلە وولاتە ئەوروپاییەکاندا بەدی ناکرێ .

مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسی (بەلشەفیك) لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٢٠ دا لینینی دانا بە ماموستا بۆ پێشکەش کردنی

هەواڵنامەی کتێب

مازەرەیەك لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی وکۆلۆنیالیزم لە دووەمین کۆنگرەی ئینترناسیونالی کۆمۆنیستیدا ، و مافی ئەوەشی پێ دا لیژنەیەك پێك بهێنێ بۆ ئامادەکردنی ئەو مەسەلەیە • لینین پێش نوسێکی کورتی دارشت و تیایدا ئەو مەسەلە گرنگانەی دیاری کرد کە ئەبێ لە تێزەکاندا گەشەیان پێ بدرێ • لە ٥ی حوزەیراندا لێنین چوو بۆ بەشداری کردن لە مشت و مڕ و وتوێژکردن دەربارەی " پێش نوسی سەرەتایی تێزەکان دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی " •

لینین لە هەوڵدانی خۆیدا بۆ دیاری کردنی هێڵی گشتی سیاسەتی کۆمۆنیستەکان بەرامبەر مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی ، ڕەچاوی تاقیکردنەوەو زانیاری هاوڕێکانی خۆی ئەکردە بەتایبەتی هاوڕێکانی ڕۆژهەلات • ئەوە بوو لەو بانگەوازە کورتەی بەر لە پێش نوسی سەرەتایی تێزەکان بلاوی کردەوەو داوای لەهەمو هاوڕێکانی کردە بەتایبەتی ئەوانەی شارەزایی تەواویان لەم یان ئەو مەسەلەی زۆر ئالۆزدا هەبوو ( مەسەلەی نەتەوایەتی و کۆلۆنیالیزم ) لەبەر ڕۆشنایی جولانەوەی نەتەوەیی ولاتەکانیاندا بیروڕای خۆیان دەربڕن و ئەم یان ئەو لایەنی ڕاست بکەنەوە وشتی بخەنە سەر یان ڕونی بکەنەوە • ئەوەبو هەندێ لە کۆمۆنیستەکان هاتن بەدەنگ لینینەوە و تێبینیەکانی خۆیان لەسەر پێش نوسی تێزەکان دەربڕی • لێرەشدا لێنین ئەوەندە بایەخی بەو تێبینیانە نەئەدا کە کۆمۆنیستەکانی ولاتە ئەوروپاییە پێشکەوتوەکان دەریان ئەبڕی و ڕازی نەبوو ئەو بیروڕایانە قبوڵ بکات کە هاوڕێ ڕوسیەکانی وەك ستالین و تشیشیرین دەریان ئەبڕێ و زۆر بەتوندی دژی بیروڕاکانی براجنسکی هاوڕێشی وەستا کە زەبری بە تاکە ڕێگەی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی دائەنا • بەلام لینین بایەخێکی زۆری ئەدا بەو تێبینیانەی کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەلات ئەیان خستەڕوو ، بە دور و درێژی مشت و مڕ و گفتوگۆی لەگەلدا ئەکردن و هەندێ جاریش ناچار ئەبوو ئەو بیروڕایانە قبوڵ بکات کە دەریان ئەبڕی ، هەرچەندە جەوتیش بونایە • ئەوەبوو کاتێ نامەیەکی دور و درێژی لە کۆمۆنیستەکانی یەکێك لە ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ هاتبو و تیایدا نارەزایی خۆیان بەرامبەر بیروڕای " پاشکەوتنی فەرهەنگی " گەلانی ولاتەکانی ڕۆژهەلات دەربڕیبو ، کە لەپێش نوسی تێزەکاندا هاتبوو ، یەکسەر هەلسا بە گۆڕینی ئەو بیروڕایەی کە لە ڕوی مەبدەئیەوە ڕاست بوو • بەو کارەشی ئەوەی دەرخست زۆر لەوانە زیرەکترەکە باوەڕیان وەهایە بیروڕای ڕاست و دروست هەمیشە و بەپێویست لەلایەن خەلکیەوە قبوڵ ئەکرێت •

بەوجۆرە لینین بە پەرۆشەوە بو بۆ ئەوەی هەمو ئەوکەسانەی

ئەیان ویست خزمەتی شۆڕش بکەن و چاوەنی زانیاری و تاقیکردنەوەن ، بە تایبەتی کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەلات ، بەشداری لە دارشتنی تێزە تیۆریەکانی دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستیدا بکەن. لەم بوارەشدا لینین بایەخێکی تایبەتی وەستێکراوی بە (ڕوی) کۆمۆنیستی هیندستان دا کە بەشداری کۆبونەوەکانی دوەمین کۆنگرەی ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیستی ئەکرد ، چونکە فراوانی شارەزایی ئەو کۆمۆنیستە لە تیۆری مارکسیزم دا سەرنجی ڕاکێشابو. ئەوەبو چەندین کۆبونەوەی لەگەڵدا سازکرد و لە ئەنجامدا داوای لێ کرد بیروراکانی خۆی لە تێزی جیاجیادا دەربرێ بۆ ئەوەی وەك تەواوکەری ئەو تێزانەی خۆی بێت کە ئەی ویست پێشکەش بە کۆنگرەکەی بکات .

ڕوی یەکێك بوو لە ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانی هیندستان ، لە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی تیرۆریستیدا کاری ئەکرد کە بۆ شۆڕش لە پێناوی ڕزگاری هیندستان لە دەست ئیمپریالیزمی ئینگلیزی سازکرابوو . لە ماوەی یەکەمین جەنگی جیهانی دا چووە ئەڵمانیا بۆ کڕینی چەك و ناردنی بە شێوەیەکی نهێنی بۆ هیندستان . لەوێوە چووە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئینجا ڕۆیشت بۆ مەکسیك ، لەوێ لەگەڵ یەکێك لە پەناهیندەکانی ڕوسدا بەناوی ( بورۆدین ) بوە هاوڕێ ولەرێ ی ئەوەوە کە زۆر باسی لینین و شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەری ئەکرد ، بیروڕای مارکسیزمی پەسەند کرد و بوە مرۆڤێکی مارکسی .

"ڕوی"سالی ١٩٢٠ بەشداری لە دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی مەکسیك دا کرد و بەناوی " ئارلین "ەوە کاری ئەکرد و چووە موسکۆ بۆ بەشداری کردن لە کاری دوەمین کۆنگرەی ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیستیدا ، ئەو کاتە "ڕوی" تەمەنی لە ٢٥ ساڵ تێپەڕی نە ئەکرد .

دوەمین کۆنگرەی ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیستی لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٤ی تەموزی ١٩٢٠ دا بڕیاریدا لیژنەیەکی تایبەتی بە سەرکردایەتی لینین پێك بهێنرێ بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی و دارشتنی پرۆژەیەکی تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی و ( مارینگ ) ی نوێنەری حیزبی کۆمۆنیستی ئەندونیسیاش کرایە سکرتێری لیژنەکە . لیژنەکە لە کاری خۆیدا پشتی بەست بە " پێشنوسی سەرەتایی تێزەکان دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی " کە لینین دایڕشتبوو لەگەڵ " تێزە تەواوکەرەکانی " لینین سوربو لەسەر ئەوەی "ڕوی" دایبڕێژێ . بەلام لێرەدا زینۆڤیف دژی مەسەلەی هەڵبژاردنی "ڕوی"بوو ، ئەی ووت کۆنگرەکە تەنیا گوێ بۆ قسەکانی لینین ڕائەگرێ و پێویست بەوە ناکات "ڕوی" تێزە تەواوکەرەکان دابڕێژێ .

هەواڵنامەی کتێب

لیژنەکە ڕۆژی ٢٥ ی تەموز یەکەم کۆبونەوەی بۆ مشت ومڕو گفتوگۆ دەربارەی پێش نوسی تێزەکانی لێنین و ڕوی سازکرد ، هەروەها گوێیان لەو ڕاپۆرتانە گرت کە نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستیەکانی چین و ئێران و کۆریا و ئەندونیسیا خوێندیانەوە : ئەوە بوو پاش مشت ومڕ و گفتوگۆیەکی یەك ڕۆژی، ، لیژنەکە دوای دەستکاری کردن بڕیاری لەسەر پێش نوسی سەرەتایی تێزەکانی لێنین دا ، هەروەها پاش چاك کردنی هەڵەکان لە لایەن لێنینەوە بڕیاریش لەسەر پێش‌نوسی تێزە تەواوکەرەکان درا کە(ڕوی) دەری بڕیبوو •

ئەو پێش نوسەی تێزەکان کە لێنین لە بەردەمی لیژنەکەدا خوێندیەوە ئەم بیرە سەرەکیانەی تیادا هاتبوو :

١) ناکۆکی نێوان سەرمایەداری، و سۆسیالیزم ، بۆرجوازی ئیمپریالیستی و ڕوسیای سۆڤێتی، ناکۆکی سەرەکی ئەو قۆناغە پێك ئەهێنن کە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هێناویەتە کایەوە ، یەکسانی تەواوی نێوان نەتەوەکانیش ، لەوانە یەکسانی نەتەرەیی ، بەبێ لەناو بردنی سیستەمی ئیمپریالیزمی جیهانی نایەتە دی •

٢) جیهان لەسەردەمی ئیمپریالیزمدا دابەش ئەبێ بۆ دوو جور نەتەوە ، نەتەوەی چەوسێنەر و نەتەوەی چەوساوە • ڕەنجدەرانی نەتەوە چەوساوەکان بە بێ هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ ڕوسیای سۆڤیەتی و ڕەنجدەرانی نەتەوە ئیمپریالیستە چەوسێنەرەکاندا ناتوانن ڕزگاری تەواو بە دەست بهێنن •

٣) پێویستە حیزبە کۆمۆنیستەکانی وولاتە سەرمایەداریە پێشکەوتوەکان دەستی یارمەتی ڕاستەوخۆ بۆ جولانەوەی شۆڕشگێری نەتەوە ژێر دەست و گەلە داگیرکراوەکان ڕابکێشن ، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە جولانەوەکە لەدوای سەرکردایەتیەکی بۆرجوازی نەتەوەییشەوە ڕێ ئەکات •

٤) پێویستە کۆمۆنیستەکانی وولاتە داگیرکراو و وابەستەکان هاوپەیمانی خۆیان لەگەڵ جولانەوەی بۆرجوازی نەتەوەیی دژی ئیمپریالیزمدا پتەوبکەن ، بە مەرجێ لەگەڵیاندا تێکەڵ نەبن وسەربەخۆیی جولانەوەی پرۆلیتاری بپارێزن هەرچەندە کۆرپەش بێ •

٥) پێویستە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەڵات ئەوە بزانن کە حیزبەکانیان لە هەلومەرجێکدا دائەمەزرێ ، زۆر جیاوازە لەو هەلومەرجەی حیزبە کۆمۆنیستەکانی وولاتە سەرمایەداریە پێشکەوتوەکانی تیا دروست بوە•

٦) گەلی ژێر دەستی وولاتە وابەستەکان بە هۆی ئەو چەوساندنەوە توند و تیژەی دوچاری بون ، نا توانن یەکسەر لە جیاوازی نێوان بۆرجوازی و کرێکاران و ڕەنجدەرانی وولاتە ئیمپریالیستەکان تێ بگەن •

٧) دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆسیالیستی و دامەزراندنی دەسەڵاتی سۆڤێتی ، وولاتە دواکەوتوەکان ئەتوانن بگەنە سۆسیالیزم بێ ئەوەی بە پێویست بە قۆناغی گەشەکردنی سەرمایەداری‌دا بڕۆن . ئەمەش بە یارمەتی و کۆمەکی ڕوسیای سۆڤێتی و پشتگیری چینی کرێکاری وولاتە پێشکەوتوەکان دێتە دی .

ئەو تیزانەی لێنین دەری بڕیون کۆمەڵێك بیروڕای سەرەکی تیادایە ، ئەگەر کۆمۆنیستەکان بە داهێنەرانە لە واقیعی‌مەست پێکراودا بەکاری بهێنن ، ئەتوانن بە ڕاست و دروستی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی بکەن .

چونکە وەك لە پێشەوە باسمان کرد ، لێنین دوژمنێکی سەرسەختی دۆگماتیزم بوو ، وەکاتێ باسی شیاوی بازدانی وولاتە دواکەوتوەکان بەسەر قۆناغی سەرمایەداری‌دای ئەکرد ، ڕێگە و شێوازی بازدانەکە و چۆنیەتی گوێزانەوە بۆ سۆسیالیزمی دیاری نەئەکرد ، بەڵکو بە هۆی بلیمەتی بێ وێنەی خۆیەوە تەنیا پێش‌بینی ئەو مەسەلەیەی ئەکرد . وەکاتی مەسەلەی هاوپەیمانی نێوان کۆمۆنیستەکان و بۆرجوازی نەتەوەیی لە خەباتی دژی ئیمپریالیزم‌دا دەرئەبری ، هەوڵی ئەوەی نەئەدا فۆرمی ئەو هاوپەیمانیە دیاری بکات . چونکە ئەو دژی ئەوە بوو مرۆڤ پێش تاقیکردنەوەکانی ژیان بکەوێت و ساڵی ١٩٢٠ هێشتا تاقیکردنەوەکانی ژیان و خەبات شێوە و فۆرمی هاوپەیمانی نێوان کۆمۆنیستەکان و بۆرجوازی نەتەوەیی وولاتە کۆلۆنی و وابەستەکانی دەرنەخستبوو ، بۆیە تەنیا لەڕوی مەبدەئیەوە بیروڕاکانی خۆی دەربارەی هاوپەیمانیەکە دەربڕیبوو . بەڵام کاتێ تاقیکردنەوەکانی خەبات لە ساڵی ١٩٢٢ دا ، بە تایبەتی خەباتی چین و ئەندونیسیا ، ئەوەی دەرخست بەرەی یەکگرتوو چوار چێوەیەکی گونجاوە بۆ سۆگەر کردنی هاوپەیمانێتی نێوان کۆمۆنیستەکان و بۆرجوازی نەتەوەیی لە خەباتی دژی ئیمپریالیزم دا ، لینین لە کۆبونەوەی چوارەمین کۆنگرەی ئینترناسیونالی کۆمۆنیستی‌دا ( تشرینی دوەمی ١٩٢٢ ) داوای لە هەمو حیزبە کۆمۆنیستەکانی وولاتە کۆلۆنی و وابەستەکان کرد خەبات لە پێناوی " بەرەی یەکگرتوی دژی ئیمپریالیزم " دا بکەن .

"ڕوی" لەناو لیژنەکەدا بەرامبەر ئەو تیزانە وەستا کە لێنین لە پێشنوسی سەرەتاییدا دەری بڕیبون . لینینیش زۆر بەجیدیەوە تێبینیەکانی نوێنەری هیندی وەرگرت و مشت و مڕ و گفتوگۆیەکی وەهای لەگەڵدا کرد هەتا ئەمڕۆ دەنگدانەوەکانی ئەبیسترێ . ئەگەرچی لینین لەو سەردەمەدا توانی سەرکەوتن لە مشت‌ومڕەکەی‌دا لەگەڵ "ڕوی" بەدەست بهێنێ ، بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژی بە دەیان جار بیروڕاکانی

دوبارە ئەکرێنەوە و هێشتا مەسەلەکانی لە ڕوی تیۆریەوە بە تەواوی یەکالانەکراوەتەوە و بە هەزارەها مرۆڤ بەشداری لە دوبارەکردنەوەیدا ئەکەن .

(ڕوی) چی گەرەگ بوو ، ناڕەزاییەکانی لەسەر بیروڕای تێزەکانی لینینزم چی بوو؟

لە وەلام دا ئەلێین "ڕوی" لە لینین "لینینی تر" بوو ئینتەرناسیۆنالیستێکی لەڕادە بەدەریش بوو . چونکە ئەو هیندیە کە لە ناو نەتەوەیی شۆڕشگێڕەوە هاتبوە ڕیزی مارکسیزمەوە ، زۆرتبنوی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی بو لە ولاتەکانی ڕۆژهەلاتدا ، و بە داخەوە لە گرنگی ئەو ووتەیەی لینین نەگەیشتبو کە ئەلێ " سیاسەت هونەری شتی لەبارە " .

تێزە تەواوکەرەکانی "ڕوی" کە لە بەردەمی لیژنەکەدا خوێندیەوە، ئەم بابەتانەی تیادا هاتبوو :

١) داهاتوی شۆڕشی کۆمەلایەتی ئەوروپا بە تەواوی گرێدراوە بە سەرکەوتنی جولانەوەی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلاتەوە . چونکە شۆڕشی سۆسیالیستی لە پێشا لە ڕۆژهەلاتدا سەرئەکەوی و ئینجا دەست ئەکات بە ڕزگارکردنی پرۆلیتاریای ئەوروپا کە لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا شۆڕشگێڕیەتی خۆی لە دەست داوە .

٢) وولاتانی ڕۆژهەلات ئەمڕۆ ڕوبەڕوی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی نەبونەتەوە ، بەلکو ڕوبەڕوی شۆڕشی سۆسیالیستی بونەتەوە .

٣) بۆرجوازیەتی نەتەوە پەرستی کۆلۆنیەکان هەول ئەدەن دەولەتێکی نەتەوەیی تایبەتی دروست بکەن و سود لە کاری ڕەنجدەران وەربگرن. بەلام کرێکاران و جوتیارە هەژارەکان خەبات لەدژی ئیمپریالیزم ئەکەن و تێ ئەکۆشن بۆ نەهێشتنی یەکجارەکی چەوساندنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە. بۆیە ئەمڕۆ لە کۆلۆنیەکاندا دو جولانەوەی دژ بەیەک بەدی ئەکرێت کە ڕێکەوتن لە نێوانیاندا نیە ، جولانەوەی بۆرجوازی نەتەوەیی و جولانەوەی کرێکاری - جوتیاری .

٤) هەستی نەتەوەیی لە ولاتەکانی ڕۆژهەلاتدا بەرەوکزی ئەچێت ، جولانەوەی نەتەوەیش، کە توخمە بۆرجوازیەکان بەڕێوەی ئەبەن، هەلوێستی توند و کاریگەر بەرامبەر ئیمپریالیزم وەرناگرێ و لە لایەن جەماوەری ڕەنجدەری گەلەوە پشتگیری لێ ناکرێ ، بەلکو زیاتر لەناو ڕیزی توێژە مام ناوەندیەکاندا باو ئەبێ . بۆیە نابێ کۆمونیستەکان لەگەل بۆرجوازی نەتەوەییدا ڕێک بکەون، چونکە هیچ مەسەلەیەک نیە حیزبی کۆمۆنیست و جەوسێنەرانی پرۆلیتاریا پێکەوە کۆبکاتەوە ، و

کۆمۆنیستەکان بەبێ دژایەتی کردنی جوڵانەوەی بۆرجوازی نەتەوەیی ناتوانن پشتگیری جوتیارە هەژارەکان بە دەست بهێنن .

"ڕوی" زۆر بە توندی دژی ئەو بیرەی لینین ڕاوەستا کە ئەڵێ : ئەکرێ وولاتانی ڕۆژهەلات باز بەسەر گەشەکردنی سەرمایەداریدا بدەن و یەکسەر لە فۆرماسیۆنە کۆمەلایەتیەکانی پێش سەرمایەداریەوە بەرەو سۆسیالیزم هەنگاو بنێن . وە زۆر سەر سوڕماو بوو لەوەی چۆن لێنین بیری لەو جۆرە دەرئەبڕێ خۆی لە ڕابردودا هەمیشە دەربارەیان ئەچو بەکژ گەلیەکانی ( پۆپۆلیستەکانی ) ڕوسیادا کە باوەڕیان بەوە هەبو ڕوسیا ئەتوانێ لەسێبەری کۆمۆنەی جوتیاریەوە بازبدات بەسەر قۆناغی سەرمایەداری دا و پرسیاری لەخۆی ئەکرد : ئایا لینین ئەمڕۆ هەمان هەلوێستی گەلیەکانی دوێنێی وەرنەگرتوە ؟!

ڕەخنەکانی "ڕوی" بۆ تێزەکانی لێنینزم لە ڕواڵەتدا لەسەربناغەیەکی پتەو ڕاوەستاوە ، بەلاّم لە ناوەڕۆکدا شتێکی گرنگی لە دەست دابووە ئەویش : واقعیەتی شۆڕشگێڕی و فراوانی ئاسۆ و دوربینی سیاسی لێنین بوو . لەگەلّ ئەوەشدا هەلوێستی لێنین لەو مشتومڕو گفتوگو تیۆریەدا زۆر "قورس" بوو ، چونکە کۆمۆنیستەکەی هیندستان تەنیا دەربڕی بیروڕای خۆی نەبوو ، بەڵکو لە واقیعدا دەربڕی تێڕوانینی ژمارەیەکی زۆری ئەو کۆمۆنیستانەی ڕۆژهەلاّت بوو کە تینوی شۆڕش بون و لەو باوەڕەدا بون سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی ڕوسیا و هەلچونی شۆڕشگێڕی پاش ئەو لە هەموو دنیادا ، تەنیا ئاسۆی ڕزگاری نەتەوەیی لە دەست ئیمپریالیزم بۆ سازنەکردون ، بەڵکو ئاسۆی شۆڕشی سۆسیالیستیشی بۆ ڕەخساندون . کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەلاّت لە دوەمین کۆنگرەی ئینترناسیونالی کۆمۆنیستیدا لە گێژاو و سەر لێ شێواویدا ئەژیان ، چونکە سەرکردەی مەزنی یەکەمین شۆڕشی سۆسیالیستی سەرکەوتو لە ڕوسیا کە هەمیشە ئەوەی دوپات ئەکردەوە ئیمپریالیزم شەوی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستیە ، ئەرکەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی ناخاتە بەردەمیان ، بەڵکو داوای ئەوەیان لێ ئەکات پەیوەندی خۆیان لەگەلّ بۆرجوازی نەتەوەییدا پتەوبکەن و بەشداری کاریگەرانە لەخەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەیاندا بکەن بۆ ڕزگاربون لە چەوساندنەوەی ئیمپریالیزم ، وە ئەو پرسیارەیان ئەکرد : ئەگەر ئەرکە ڕاستوخۆکانی سۆسیالیزم لە ئارادانەبن و پێویست بێ داکۆکی لە جولانەوەی بۆرجوازی نەتەوەیی بکەین و بەشداری لە خەباتەکانیاندا بکەین ، ئیتر گرنگی بونی ئێمە وەك خەلّکی کۆمۆنیست لە چیدایە ؟

هەر لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە لێنین بایەخێکی هەست پێکراوی

بە بیروڕاکانی کۆمۆنیستەکەی هیندستان دا و هەوڵی دا یەکە یەکە بە درۆیان بخاتەوە و لە کۆبونەوەکەدا بەم شێوەیە وەڵامی بڕی دایەوە:

یەکەم / دەربارەی ڕۆڵی بۆرجوازی نەتەوەیی:

لینین ئەوەی دوپات ئەکردەوە کە شتێکی هەڵەیە ئێمە کار بەم هاوکێشەیەی خوارەوە بکەین: "ئەمرۆ هەڵوێستی بۆرجوازیەتی هیندستان بەرامبەر ئیمپریالیزمی ئینگلیزی هەمان هەڵوێستی بۆرجوازی ڕوسی دوێنێیە بەرامبەر حکومەتی قەیسەری". چونکە لێنین لەو باوەڕەدا بوو بۆرجوازی هیندستان لەڕوی پایە و تواناوە، زۆر جیاوازی لەگەڵ بۆرجوازی ڕوسیادا هەیە، یەکەم: لەڕوی پلەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیەوە دواکەوتوترە، دوەم: هێشتا بایەخی بەهێزی چینی کرێکاری تەواو پێگەیشتوی هیندستان نەداوە، سێیەم: لە ئەنجامی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی لە هیندستان دوچاری چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بوە. بۆرجوازی هیندستان لەڕوی ئابوریەوە ئەوی نائەند بەدەست سیاسەتی تالانکردنی ئیمپریالیزمی ئینگلزی وبالادەستی بۆرجوازی ئینگلیزیەوە لە گرنگترین بەشەکانی ژیانی ئابوری هیندستاندا، لە ڕوی سیاسیەوە لە هەموو مافە بنچینەییەکانی خۆی بێبەش بوو، لەبەر چەوساندنەوەی نەتەوایەتیش ناچاربوو بەرامبەر ئیمپریالیزم بوەستێ وبەهۆی ئەو هەڵوێستەشەوە توانی پشتیوانی و لایەنگیری فراوانترین بەشی جەماوەری گەل بەدەست بهێنێ.

بەڵام بۆرجوازی ڕوسیا لە سەردەمی قەیسەردا، پایەی گەورەی لەناو جەماوەری گەلدا پەیدا نەکردبوو، چونکە پەیوەندیەکی پتەو و ئاشکرای لەگەڵ حکومەتی قەیسەردا هەبوو، نەشی ئەتوانی ئەڵتەرناتیفێکی شۆڕشگێڕ بۆ دەسەڵاتی قەیسەر دەرببڕێ. بەو جۆرە و بەپێی بیرو بۆچونەکانی لینین جیاوازیەکی جەوهەری لەنێوان بۆرجوازیەتی هیندستان و ڕوسیادا هەبوو، نەئەکرا بەیەک چاو سەیربکرێن و لەیەک ئاستدا دابنرێن. ئەوەی شایانی باسە بۆرجوازی هیندی لەو سەردەمەدا پێشکەوتوترین بۆرجوازی ڕۆژهەڵات بوو.

دوەم / دەربارەی هەڵوێست بەرامبەر نەتەوە:

لێنین جیاوازی لە نێوان ناسیونالیزمی نەتەوەی چەوسێنەر و زۆردار و ناسیونالیزمی نەتەوەی چەوساوە و زۆرلێکراودا ئەکرد و ئەوەی دوپات ئەکردەوە کە ناسیۆنالیزم یەکێکە لە قۆناغە مێژوییە دیاریکراوەکانی مێژوی گەشەکردنی مرۆڤایەتی، ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا پاش گوێزانەوەی سەرمایەداری بۆ قۆناغی ئیمپریالیزم بۆتە بیروباوەڕێکی کۆنەپەرست و ئەرکی سەرشانی ئینترناسیونالی پرۆلیتاریایە دژی هەموو ڕواڵەت و شێوەکانی ناسیونالیزم لە ئەوروپا

بوەستی . بەڵام لە وولاتەکانی ڕۆژهەلاتدا کە لە ژێردەسەلاتی ئیمپریالیزمدا ئەژین ، ناسیۆنالیزم ناوەڕۆکێکی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازانەی هەیە و ئەبێ داکۆکی لێ بکرێ و پشتگیری بکرێ .

(ڕوی)" ئینترناسیونالیستێکی " لە رادە بەدەربوو ، لەو باوەڕەدابوو کە ئەبێ کۆمۆنیستەکان لە هەمو شوێنێك بچن بەگژی گشت ڕوالەتەکانی ناسیۆنالیزم دا ، لەو بڕوایەشدابو کە ولاتە کۆلۆنیەکان بەبێ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی شۆڕشی کۆمەلایەتی ، واتە شۆڕشی سۆسیالیستی ، ناتوانن خۆیان لەدەستی ئیمپریالیزم ڕزگار بکەن .

بەلام لینین بە پێچەوانەی "ڕوی"یەوە ، لەو باوەڕەدابوو کە ئینترناسیۆنالیستی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە داکۆکی لە ناسیونالیزمی نەتەوە چەوساوەکان بکات . چونکە هوشیاری نەتەوەیی یەکەمین شێوەی بزواندنی هوشیاری چینایەتیە لەلای ئەو جەماوەرەی لەژێر دەسەلاتی ئیمپریالیزم دا ئەژی و ئەو ئامرازەیە کە ئەبێتە هۆی پەرەپێدانی هوشیاری جەماوەر و بەشداری کردنی لە خەباتی دژی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری دا وەك فۆرماسیۆنێکی کۆمەلایەتی .

سێیەم / دەربارەی پەیوەندی نێوان ئەرکەکانی ڕزگاری کۆمەلایەتی و ئەرکەکانی ڕزگاری نیشتمانی :

لینین ئەوەی دوپات ئەکردەوە کە ئەرکەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی لە وولاتە کۆلۆنی و وابەستەکاندا ڕاستەوخۆ بە ستراوەتەوە بە مەسەلەی نەتەوایەتیەوە ، واتە بەستراوەتەوە بە مەسەلەی دژایەتی کردنی ئیمپریالیزمەوە . چونکە هەتا چارەسەری ئەرکەکانی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی نەکرێت ، ئەرکەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی ڕوبەڕوی کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەلات نابێتەوە . بۆیە پێویستە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەلات بە چالاکانە بەشداری لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانی گەلەکانیاندا بکەن و لەڕێگەی پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە خەباتێکی چاکتر و پتەوتر لەوەی هێزە نەتەوەییەکان دژی ئیمپریالیزم بەرپا بکەن و بچنە ناو جەماوەری گەلەوە کە لەژێر کاریگەری چینە ناپرۆلیتاریەکان دا ئەژین و تێکۆشن بۆ هاندانی جەماوەر بۆ پێك هێنانی هێزی چینایەتی سەربەخۆی وەها بتوانی جولانەوەی ڕزگاری نەتەوەیی بە گشتی بەرەو جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ڕزگاری نیشتمانی و ڕزگاری کۆمەلایەتی بەرێت ..

چوارەم / دەربارەی مەسەلەی بازدان بەسەر قۆناغی گەشە کردنی سەرمایەداری دا :

لینین پشت ئەستور بە یاسای گەشە کردنی ناهاوتای سەرمایەداری ، ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە سەرمایەداری لە جیهاندا

بە شێوەیەکی نارێك وپێك گەشەیکردوە ٠ ئەوەبو لەوولاتە پێشکەوتوەکانی ئەوروپادا سەرمایەداری گەشەی کردبۆ سەرمایەداری مۆنۆپۆلی وگەیشتە پلەی ئیمپریالیزم ، لە هەندێ وولاتی تریشدا سەرمایەداری خەریکی هەنگاونانە بۆ پلەی سەرمایەداری پێی گەیشتوو ٠ بەلام لە وولاتـە دواکەوتوەکانی ڕۆژهەلاتدا سەرمایەداری هێشتا سەری هەلنەداوە ، یان هێشتا لە سەرەتای دەست پی کردنیایەتی ، لە بارودۆخـی ئـەم وولاتانەدا بازدان بەسەر سوسیالیزم دا ، گوێزانەوەی یەکسەری بـۆ سۆسیالیزم بێ تێپەڕبون بە سەرمایەداری دا شتێکی لەبار وگونجاوە ، بە تایبەتی ئەگەر پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بتوانێ لەناو گەلانی ئەو وولاتە دواکەوتوانەدا بلاوببێتەوە و بە بەردەوامی پەروەردەیان بکات و پرۆپاگەندە لە ناویاندا بکات، وحکومەتی سۆڤێتیش بەهەموو شێوەیەك یارمەتیان بدات ، بەلام ئەوەی شایانی باسە ، بەبێ بالادەستی چینـی کرێکار لەو وولاتانەدا وەستاندنی گەشەکردنی سەرمایەداری و بـازدان بەسەریدا مسۆگەر ناکرێ ٠

پێنجەم / دەربارەی بیروڕای گوێزانەوەی ناوەندی شۆڕشـی جیهانی بۆ ڕۆژهـەلات:

لینین ئەوەی دەرخست کە"ڕوی"لە شیکردنەوەکانیدا زۆر دور ڕۆیشتووە ، بە تایبەتی کاتێ ئەلێ:"داهاتوی شۆڕشی پرۆلیتاری وولاتە پێشکەوتوەکانی ئەوروپا گرێدراوە بە ئاستی گەشەکردنی جولانەوەی شۆڕشگێڕی وولاتانی ڕۆژهەلاتەوە"٠ لینین لەو باوەڕەدابوو ڕۆژهـەلات بۆتە هێزێکی شۆڕشگێڕی مەزنی پڕۆسەی شۆڕشگێڕی جیهان ، بەلام ئەمە کاتێك ڕاستە کە ئەو جولانەوەیە شان بەشانی دیکتاتۆریەتـی پرۆلیتاریای سەرکەوتوی ڕوسیای سۆڤیەتی و جولانەوەی کرێکاری وولاتـە سەرمایەداریە پێشکەوتوەکان بچێتە پێشەوە ٠

یەکێك لەو بیروڕا چەوتانەی "ڕوی"دەریبڕیبو ئەوەبو کە ئەلێ: تەنیا ئاشکراکردنی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی لە وولاتانی ڕۆژهـەلاتدا بەسە بۆ ئەوەی جەماوەری کرێکاران و جوتیارانی هەژار یەکسەر لە چواردەوری کۆببنەوە ٠ لینین پشت ئەستور بە نمونەی هیندستان خۆی چەوتی ئەو بیروڕایەی دەرخست ، چونکە ئەگەرچی هیندستان بەپێی سەرژمێر پێنج ملیون کرێکار و پەنجاوحەوت ملیون جوتیاری هـەژاری بێ مولکی تیادابو ، بەلام کۆمۆنیستەکانی هیندستان هێشتا نەیان توانیوە حیزبی تایبەتی خۆیان دابمەزرێنن ٠ هەروەها لینین هەولی دا باوەڕ بە کۆمۆنیستەکانی هیندستان بهێنێ کە دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی جەماوەری لەو وولاتە دواکەوتوانەی سروشـتی جوتیاری تیایاندا زالە،پرۆسەیەکی ئاسان نیە ، بەلکو پرۆسەیەکـی

ئالۆزە و پێویستی بەوزەی زۆر و کاتی دور و درێژ هەیە . و ئەوەی دوپات کردەوە کە کۆمۆنیستەکانی ووڵاتە کۆڵۆنی و وابەستەکان بەبێ بەشداری کاریگەرانە و چالاکانە لە خەباتی ڕزگاریخوازی دژی ئیمپریالیزم دا ، ناتوانن پشتگیری کرێکاران و جوتیاران بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن .

دوای ئەوەی لینین ڕەخنەکانی خۆی لەسەر تێزە تەواوکەرەکانی ڕوی تەواوکرد ، هەڵسا بە چاك کردن و دەستکاری کردنی بیروڕا چەوتەکان ، ئینجا پێشکەشی لیژنەکەی کرد . دوای ئەوە لیژنەکە پاش مشت و مڕێکی دور و درێژ دەستکاریەکانی لێنینی قبوڵ کرد و تێزەکانی "ڕوی" وەك تێزی تەواوکەری تێزەکانی لێنین و بەشێك لە بریاری پێشنیارکراو دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی وکۆلۆنیالیزم دانرا .

"ڕوی" لەکاتی کۆبونەوەی لیژنەکەدا پێشنیاری ئەوەی کرد لە هەمو ئەو خاڵانەی پێش نوسی سەرەتاییدا کە داوا لە حیزبە کۆمۆنیستیەکان ئەکات پشتگیری و لایەنگیری جوڵانەوەی ڕزگاری نەتەوەیی ووڵاتە کۆڵۆنی و وابەستەکان بکەن ، زاراوەی " بۆرجوازی نەتەوەیی" بگۆڕدرێت بۆ " نەتەوەیی شۆڕشگێر" . لینین پێشنیارەکەی"ڕوی"قبولکرد وهەڵسا بە گۆڕینی زاراوەی " بۆرجوازی ـ دیموکراتی بۆ"نەتەوەیی شۆڕشگێر" لێرەشدا لە یەکەم سەیرکردنەوەدا دەرئەکەوێ لینین دەست بەرداری مەسەلەی جەوهەری بوە بۆ کۆمۆنیستەکانی هێندستان ، بەلام وەك لە دواییدا دەرئەکەوێ مەسەلەکە بەو جۆرە نیە .

دوەمین کۆنگرەی ئینترناسیونالی کۆمۆنیستی ڕۆژی ٢٦ـ٢٨ی تەموزی تەرخان کرد بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕاپۆرتی لیژنەی مەسەلەی نەتەوایەتی و کۆلۆنیالیزم . دوای تەواوبونی لێکۆلینەوەکان لینین بەرپرسیارکرا بۆ خوێندنەوەی لەبەردەمی نوێنەرانی کۆنگرەکەدا .

لینین لە سەرەتای ڕاپۆرتەکەی،بۆ کۆنگرەکە ئەوەی ئاشکراکردوە کە لیژنە تایبەتیەکە بە گشتی تێزە سەرەتاییەکان و دەستکاریەکانی قبوڵ کردوە و تێزە تەواوکەرەکانیش پەسەندکردوە . دوای ئەوە لینین دەست ئەکات بە شیکردنەوەی تێزەکان و بە شێوەیەکی تایبەتی ڕۆشنایی ئەخاتە سەر مەسەلەی جوڵانەوەی بۆرجوازی دیموکراتی لە ووڵاتە دواکەوتوەکاندا کە جیاوازی لەسەر دروست ببوو ، ئینجا باسی ئەوە ئەکات چۆن لیژنەکە بڕیاریدا زاراوەی " بۆرجوازی دیموکراتی "بگۆڕێ بۆ " نەتەوەیی شۆڕشگێڕ " .

لینین ئەوەی دوپات کردەوە کە ئەو گۆڕینە مانای ئەوەیە کۆمۆنیستە شۆڕشگێرەکان کاتێ پشتگیری جوڵانەوەی ڕزگاریخواز ئەکەن کە بەڕاستی شۆڕشگێڕێ و نوێنەرەکانی کۆسپ نەخەنە بەردەمی چالاکی کۆمۆنیستەکان

و ڕێگەیان لێ نەگرن جەماوەری جوتیاران و ڕەنجدەران بەبیروباوەری شۆڕشگێڕی پەروەردەبکەن و ڕێکیان بخەن • لە هەمان کاتیشدا سەرنجی نوێنەرانی دوەمین کۆنگرەی بۆ ئەو مەنزیبە ڕاکێشا کە لە ئەنجامی هەڵسانگاندنی چەوتی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی جوڵانەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی وولاتە کۆلۆنی و وابەستەکان دێتە کایەوە •

لینین ئەڵێ :" گومانی تیا نیە هەموو جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی جوڵانەوەیەکی بۆرجوازی دیموکراتیە ، چونکە جەماوەری فراوانی دانیشتوانی وولاتە دواکەوتوەکان لە بنچینەدا لەو جوتیارانە پێکهاتون کە پەیوەندیەکانی سەرمایەداری ئەنوێننەوە و ، لیرەشدا خەیاڵ پلاویە بەوجۆرە بیربکەینەوە ، حیزبە پرۆلیتاریەکانی ئەم وولاتانە ئەتوانن - لەکاتی دامەزراندا - و بەبێ پەیوەندی کردن لەگەڵ جوتیاراندا و بێ بەدەست هێنانی پشتگیری جوتیاران سیاسەت و پلانەکانی کۆمۆنیزم جێبەجێ بکەن •

بەو جۆرە بۆمان دەرئەکەوێ ڕازی بونی لێنین بە گۆڕینی زاراوەی " بۆرجوازی دیموکراسی " بۆ " نەتەوەیی شۆڕشگێڕ " مانای دەست بەرداری مەسەلەی جەوهەری نەبوو ، بەڵکو مانای ئەوەبو لینین ئەی توانی نەرمی تەکتیکی بۆ وێنە بنوێنێ و هەمان مەسەلە دوبارە بکاتەوە کە لە بەردەمی لیژنەکەدا دەری بڕیبو بەڵام بە وشەی تری جیاواز.

لەکۆتاییدا ئەتوانین ئەو شێوازەی لینین چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی کۆلۆنیالیستی پێکرد لەیەك ڕستەدا پوخت بکەینەوە ، ئەویش بریتیە لە : " شیکردنەوەی هەستپێکراوی واقیعی هەستپێکراو "٥"

٭ توێژەرەوەیەکی پێشکەوتنخوازی فەلەستینیە •

هەواڵنامەی کتێب

**خەباتی گەلان**

# چۆن حیزبەکەمان مارکسیزم-لینینیزمی لە ڤیتنامدا جێبەجێ کرد؟

ترۆ ونگ شینە*

هاورێیانی خۆشەویست:

گەلەکەمان لە ماوەی سەدەیەک دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسیدا، کە لە ژێر ستەمی کۆلۆنیالیست و دەرەبەگەکاندا ژیانی ئەبردە سەر، چەندین جار ڕاپەڕینی جوامێرانەی بۆ سەربەخۆیی وڵات و بەدەستهێنانی سەربەستی بەرپاکردوە، هەر کاتێ پێشمەرگەیەک شەهید بوبێ خێرا یەکێکی تر شوێنەکەی گرتۆتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جوڵانەوەکانی ڕزگاری نیشتمانی پێش دامەزراندنی حیزبەکەمان، دوچاری ژێرکەوتن هاتن. یەکێک لە هۆکانی ئەو ژێرکەوتنە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕ وتێکۆشەرەکانی پێش ئێمە تێگەیشتنێکی زانستی ڕاست و دروستیان نەبووە دەربارەی جیهانی پرۆلیتاریا، واتە جیهانی شۆڕشگێڕترین چینی ئەم سەردەمەی دنیا. هەر لەبەر ئەوەش نەیان توانی بەرنامەیەکی ڕاست ودروستی وەها دابڕێژن کە بەهۆیەوە سەرکردایەتی شۆڕشی ڤێتنام بکەن و بەسەرکەوتن ڕابەرایەتی بکەن.

جیهان لەئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر پێی نایە سەردەمێکی نوێوە، واتە سەردەمی گوێزانەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سوسیالیزم. چینی کرێکاریش هێزی ناوەندی ئەو سەردەمەیە.

"یەکێک لە نیشانە سەرەکییەکانی ئەم سەردەمە ئەوەیە سیستەمی سۆسیالیستی جیهانی بۆتە فاکتەرێکی بڕیاردەر لە گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا..." . "ناوەڕۆک و ئاقار و ڕەوشار،

هەواڵنامەی کتێب

سەرەکییەکانی ئەو گەشەکردنە مێژووییەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش لەم سەردەمەدا ، لە لایەن سیستەمی سۆسیالیستی جیهانی و ئەو هێزانەوە دیاری ئەکرێ کە خەبات دژی ئیمپریالیزم ئەکەن و لە پێناوی بنیاتنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا تێئەکۆشن .

ئەمڕۆ بۆ سەرکەوتنی هەموو شۆڕشێکی جەماوەری قووڵ سەرکردایەتی کردنی حیزبێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی نوێنەری چینی کرێکار ، واتە حیزبی مارکسی لینینی ، زۆر گرنگە . مارکس و ئەنگلز بەر لە ١٢٠ ساڵ گرنگی هێز و توانای شۆڕشگێڕی چینی کرێکاریان دیاریکردوە و لە مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستیدا ، کە یەکەمین بەرنامەی شۆڕشگێڕی چینی کرێکاری جیهانییە ، ئەو گرنگییەیان دووپات کردۆتەوە .

ئەنجامی کارتێکردنی قووڵی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و چالاکی بێ وچانی هاوڕێ هۆشی منە ، کە یەکەم مارکسی ڤێتنام بوو ، مارکسیزم-لینینیزم هاتە ناو وڵاتەکەمانەوە .

ساڵی ١٩٣٠ حیزبی کۆمۆنیستی هیندی - چینی ( کە ئێستا پێی ئەوترێ حیزبی کرێکارانی ڤێتنام ) دامەزرا ، ئەو ڕووداوە وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی شۆڕشی ڤێتنامدا . حیزبەکەمان پشت ئەستوور بە پرنسیپەکانی مارکسیزم-لینینیزم و بنچینە فیکرییە شۆڕشگێڕییەکانی چینی کرێکار ، هەڵسا بە شیکردنەوەی زانستی باروودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەمان و لە ئەنجامیشدا توانی بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕی ڕاست و دروست دابڕێژێ و تەکانێکی چاک بدات بە شۆڕشی ڤێتنام و چەندین هەنگاو بیباتە پێشەوە .

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئاب ، کۆماری ڤێتنامی دیموکراتی - دەوڵەتی دیموکراسی گەلی ڤێتنام - دامەزرێنرا . بەو جۆرەش یەکێک لە ئەڵقە کۆلۆنیالیستییە لاوازەکانی ئیمپریالیزم لە خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا پسێنرا . ئەوەش یەکەمین سەرکەوتنی مارکسیزم - لینینیزم بوو لە وڵاتێکی کۆلۆنی و نیمچە دەرەبەگایەتیدا لە خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و گەورەترین گۆڕانکاری بوو لە مێژووی گەلی ڤێتنامدا ، و بۆ یەکەمین جار گەلی کارگەر لە لای ئێمە بوە خاوەنی وڵاتەکەمان و هەموو هێز و توانا و زیرەکی خۆی بۆ بیناکردنی ژیانی نوێ خستەگەڕ .

دوای شۆڕشی ئاب و نزیکەی نۆ ساڵ بەرگری چەکدارانە ، گەلی ڤێتنام توانی سەر بەسەرکردەکانی جەنگی دەستدرێژی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسا و ئیمپریالیزمی ئەمریکای هاوپەیمانیان دابنەوێنێ ، ئەمڕۆش بەرەنگاری هێزە دەستدرێژکەرەکانی ئەمریکا بۆتەوە و هەمو هێز و توانای خۆی بۆ پاراستنی وڵات خستۆتەگەڕ و هەمو ڕۆژێک سەرکەوتنی نوێ بەدەستئەهێنێ .

دوای سەرکەوتن بەسەر کۆلۆنیالیزمی فەرەنسیدا ، ڤێتنامی

سەرو هەنگاوی بەرەو سۆسیالیزم هەڵهێنا و کۆماری ڤێتنامی دیموکراتی بوە قەڵایەکی پتەوی جیهانی سۆسیالیستی لە خوارووی ڕۆژهەڵاتــی ئاســیادا •

حیزبەکەمان شۆڕشی ڤێتنامی لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر ئەبرد و یارمەتی ئەوەی ئەدا شۆڕشەکە ئەنجامی چاك و بێ وێنــە بەدەست بهێنێ • هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بــۆ ئـــەوەی حیزبەکەمان ئەیزانی چۆن مارکسیزم-لینینزم بە شێوەیەکی داهێنەرانە و گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی ڕاستەقینەی ڤێتنام دا جێبەجێ بکات و هێڵی شۆڕشگێری ڕاست و دروست ، واتە هێڵی شۆڕشی گەلی نیشتمانــی دیموکراتی گەشەکردو بەرەو شۆڕشی سۆسیالیستی ، بــۆ چینــی کرێکار و گەلی ڤێتنام دابڕێژێ •

## ١) شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی :

حیزبەکەمان ڕەچاوی ئەوەی کردبوو ڤێتنام وولاتێکی کۆلۆنــی و نیمچە دەرەبەگایەتیە و کشت وکاڵ بەشێکی زۆری ئابوری نیشتمان پێك ئەهێنێ و جوتیاران نزیکەی ٩٠٪ ی دانیشتوانی وولاتــن ، و ئیمپریالیستەکانیش پشت بە چینی دەرەبەگ ئەبەستن بۆ سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی گەلەکەمان • هەر لەبەر ئەوەش بوو ناکۆکیەکانی ناو ڤێتنامی بە دوو ناکۆکی بنچینەیی دیاریکرد و گرنگی یەکلاکردنەوەشیانی دوپات کردەوە ، یەکەمیان : ناکۆکی نێوان گەلی ڤێتنام وئیمپریالیستە دەست درێژکەرەکان ، دوەمیان : ناکۆکی نێوان جەماوەری گەل ، بەتایبەتی جوتیاران ، و چینی دەرەبەگی خاوەن زەویەکان • ئەو ناکۆکیە سەرەکیەش کە پێویستی بەکۆکردنەوەی هەموو هێزەکان هەبوو ، بریتیبو لەناکۆکی نێوان گەلی ڤێتنام و ئیمپریالیستە دەست درێژکەرەکان و بەکرێ گیراوەکانی• ئیمپریالیزم بۆ پاراستنی دەسەلاتی خۆی لە وولاتەکەماندا ، پەنای برد، بەر یارمەتی ئەو دەرەبەگە خاوەن زەویانەی ڕۆڵی بە کرێگیراوان ئەبینی و خۆیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و دەستکەوت و قازانجەکانی ئیمپریالیزم تەرخان کردبوو • بۆیە دوو ئەرکی گرنگ ڕوبەڕوی شۆڕشی ڤێتنام ببوونەوە : ١) دەرکردنی ئیمپریالیستە دەست درێژکەرەکان و هێنانە دی سەربەخۆی نیشتمان ، ئەمەش ئەرکی دژی ئیمپریالیزمە• ٢) نەهێشتنی دەسەلاتی چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکان و جێبەجــێ کردنی یاسای ڕیفۆرمی زەوی و کارپێکردنی دروشمی " زەوی هی ئەو کەسەیە کە ئەی کێڵێ " ، ئەمەش ئەرکی دژی دەرەبەگەکانە• گومانی تیا نیە ئەو دوو ئەرکە بەشێوەیەکی لەپچڕان نەهاتو پێکەوە گرێ دراونو بە

یەکەوە ئەچنە ڕێوە. چونکە بۆ دەرکردنی ئیمپریالیزم لەناوبردنی دەسەڵاتی دەرەبەگە خاوەن زەویەکان پێویستە ، و بۆ لەناوبردنی چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکانیش دەرکردنی ئیمپریالیستەکان گرنگە.

کێ ھەڵئەستێ بە دەرکردنی ئیمپریالیستەکان و لەناوبردنی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان؟ ئەو چینانەی لە توانایاندایە بەم کارە ھەڵسن چوارن: چینی "کرێکار ، جوتیاران ، وردە بۆرجوازی و بۆرجوازی نیشتمانی" ، بە تایبەتی چینی کرێکار و جوتیاران ، چونکە زۆربەی ھەرەزۆری گەلی ڤێتنام و چەوساوەترین ، بێ بەش ترین و شۆڕشگێڕترین چینی ڤێتنام پێك ئەھێنن. ئەو کارەش بە شۆڕشێك ئەنجام ئەدرێ کە چینی کرێکار ڕابەرایەتی بکات ، چونکە ئەو چینە پێشکەوتوترین و شۆڕشگێڕترین چینی کۆمەڵە و ھەر ئەویش خاوەنی سیفاتی پێویستە بۆ ڕابەریکردنی شۆڕشی ڤێتنام ھەتا سەرکەوتنی یەکجارەکی.

بە کورتی ئەرکی شۆڕشگێڕی ئەوەیە ، دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکان لەناوببرێ و سەربەخۆیی نیشتمان مسۆگەر بکرێ و مافە دیموکراتیەکانی گەل بھێنرێتە دی و دروشمی "زەوی ھی ئەو کەسەیە کە ئەیکێڵێ" بەجێبەجێ بکرێ و ڤێتنامی کۆلۆنی و نیمچە دەرەبەگایەتی بگۆڕدرێ بۆ وڵاتێکی دیموکراتی سەربەخۆی تەواو. ئەم شۆڕشە لە لایەن گەلەوە بە گشتی و بە سەرکردایەتی چینی کرێکار و ھاوپەیمانیتی کرێکاران و جوتیاران جێبەجێ ئەکرێ. حیزبەکەمان لەو بڕوایەدایە کە ئەو شۆڕشەی وڵاتەکەمان شۆڕشێکی گەلی نیشتمانی دیموکراتیە ، واتە شۆڕشی دیموکراتی بۆرجوازیە بە شێوەیەکی نوێ.

لە ڕاستیدا شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی ڤێتنام پێك ھاتووە لە دوو جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی پێکەوە گرێدراو و ھەر یەکەیان کار لەوی تریان ئەکات ، ئەوانەش شۆڕشی نیشتمانی و شۆڕشی کشتوکاڵیە (ئەمە پێشی ئەوترێ ڕیفۆرمی زەوی). لێرەشدا بە ھۆی پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان ئیمپریالیستەکان و چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکان ، ڕوخاندنی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم بە بێ بەرنگار بونەوەی دەرەبەگەکان و بەرژەوەندیەکانیان ، شتێکی مەحاڵە ، ئەمە جگە لەوەی جوتیاران ھێزێکی شۆڕشگێڕی مەزنی وڵات پێك ئەھێنن و شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی بە بێ بەشداری کردنی جەماوەری فراوانی جوتیاران ناتوانێ سەرکەوتن بە دەست بھێنێ. بۆیە حیزبەکەمان بۆ گۆشکردنی ھێزی جوتیاران وپتەو کردنی ھاوپەیمانێتی کرێکاران و جوتیاران و خزمەتکردنی گەل لە ماوەی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراسیدا ، مەسەلەی ڕیفۆرمی زەوی و نەھێشتنی

دەسەڵاتی دەرەبەگە خاوەن زەویەکان ولەناو بردنی ڕژێمی دەرەبەگایەتی بە گشتی و جێبەجێ کردنی دروشمی " زەوی هی ئەو کەسەیە کە ئەی کێڵێ " و هێنانەدی داواکاریە کشتوکاڵیەکانی جوتیارانی دەربڕی ٠

مەسەلەی پەیوەندی توندو تۆڵی نێوان ئەرکی نەهێشتنی ئیمپریالیزم و دەرەبەگەکان ، یەکێکە لە مەسەلەکانی ستراتیجی شۆڕشگێڕی و نابێ لە یەکتری جیابکرێنەوە ، چونکە ئەوە ئەبێتە هۆی ژێرکەوتنی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی ٠ بەڵام جێبەجێ کردنی ئەو دوو ئەرکە لە شۆڕشدا بەیەك ئاست و شێوەی یەکسان نە ئەچوە ڕێوە ، ئەمەش یەکێکە لە تاقیکردنەوە گرنگەکانی حیزبەکەمان لە بواری سەرکردایەتی شۆڕشگێڕیدا ٠

جا لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: بۆ ئەو دوو ئەرکە بەیەك ئاستو شێوەی یەکسان نە ئەچونە ڕێوە؟ لە وەڵامدا ئەڵێین وولاتەکەمان لە ژێر دەستی کۆلۆنیالیزمدا بوو ، دەسەڵاتی ئیمپریالیزم بە هەموو قورسایی خۆیەوە فشاری بۆ نەتەوەی ڤیتنام هێنابوو ٠ ئیمپریالیستە دەست درێژکەرەکان بە هێزترین و زەبرترین و درندەترین دوژمنی گەلەکەمان بوون ، دەرکردنی ئەوانە تاکە ڕێگەیەك بوو بۆ شادبوون بە سەربەخۆیی نیشتمان وهێنانەدی سەربەستیە دیموکراتیەکانی گەل و چەسپاندنی دروشمی " زەوی هی ئەو کەسەیە کە ئەی کێڵێ " ٠

بەو جۆرە ئیمپریالیستەکان و دەرەبەگە خاوەن زەویەکان دوو دوژمنی بنچینەیی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی بون ، بەڵام ئیمپریالیزم دوژمنێکی گرنگتر و پڕمەترسی تربو ٠

شتێکی ئاشکرایە لەناوبردنی ئیمپریالیزم و نەهێشتنی دەسەڵاتی دەرەبەگەکان ، دوو ئەرکی سەرەکی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی بوو ، بەڵام پێویست بوو ئەرکی خەبات دژی دەرەبەگەکان بخرێتە ژێر ئەرکی خەباتی دژی ئیمپریالیزمەوە ٠ هەر لەبەر ئەوەش پێویست بو لە سەرەتای شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتیدا هەموو وزە و توانایەك بۆ خەبات دژی ئیمپریالیستە دەست درێژکەرەکان بخرێتە گەڕ و گشت هێزەکان بۆ سەرکەوتن بە سەریاندا کۆبکرێنەوە ٠

بۆیە پێویست بوو لەو سەردەمەدا مەسەلەی ڕزگاری نیشتمانی و دامەزراندنی بەرەی یەکگرتوی نیشتمانی دژی ئیمپریالیزم و ئاراستە کردنی ئاگری خەباتی شۆڕشگێڕی ڕوەو ئیمپریالیستە دەست درێژکەرەکان و دوژمنەکانی تری وەك خاوەن زەویەکان ، فەرمانبەرد ڕۆشنبیرەکان وپیاوە ماقوڵە چەوسێنەرەکان ، دوپات بکەینەوە ٠

لە ماوەی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتیدا ، ئەرکێکی گەورە ڕو بەڕوی حیزبەکەمان بوەوە ، ئەویش بریتی بوو لە گەمارۆدانی دوژمنە

پڕ مەترسیەکانی شۆڕش ، وەک ئیمپریالیستەکان و دەرەبەگە بەکرێ گیراوە چالاکەکان و دیاریکردنی توێژەکانی دەرەبەگە خاوەن زەویەکان و بۆ بەشکردنی ئیمپریالیزم لە هەندێ بەرگی ئیسرائیل و لاوازکردنی پایەگاکانیان لە وڵاتەکەماندا و ڕوخاندنیان بە شێوەیەکی چاکتر و کاریگەرتر . بۆ ئەمەش پێویست بوو هەموو هێزەکان بۆ خەباتی دژی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیان کۆبکرێتەوە و سیاسەتی یەکگرتنی نیشتمان فراوان پێڕەوی بکرێ . لەم بوارەشدا فراوان بونی بەرەی نیشتمانی دژی ئیمپریالیزم چاکترین سودی بەشۆڕشەکەیاند . پێویستە بەرەکە لەسەر بنچینەی هاوپەیمانیێتی پتەوی نیوان کرێکاران و جوتیاران و رابەریکردنی لە لایەن حیزبەکەمانەوە دابمەزرێ و هێزی هەموو چینەکانی گەل و نەتەوە چەوساوەکانی سەر خاکی ڤیێتنام و حیزبە دیموکراتیەکان و رێکخراوە سیاسی و ئاینی و نیشتمانیەکان و کەمە چاکەکانی چینی دەرەبەگە خاوەن زەویەکانی تیایدا کۆبکرێتەوە .

بەو جۆرە پێویست بوو ئەرکی دژی ئیمپریالیزم هەنگاو بەهەنگاو جێبەجێ بکرێ . حیزبەکەمان بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسیە دیاریکراوەکانی بەرە ، ئەرکی کشت وکاڵی لە سێ قۆناغدا جێبەجێ کرد :

١) قۆناغی یەکەم : دەست گرتن بەسەر زەوی ئیمپریالیستەکان و خائینەکانی ڤیێتنامدا و دابەشکردنیان بەسەر جوتیارە هەژارەکاندا و دابەش کردنەوەی زەوی کۆمۆنەکان بە شێوەیەکی راست و دادپەروەرانە .

٢) قۆناغی دوەم : کەم کردنەوەی داهاتی زەویەکان و هێنانە خوارەوەی پارەی مانگانەی زەویەکان و رەت کردنەوەی قەرزی دەرەبەگەکان .

٣) قۆناغی سێیەم : ریفۆرمی زەوی ، نەهێشتنی موڵکداری زەوی دەرەبەگەکان و دەست گرتن بەسەر زەویەکانیاندا و قەدەغەکردنی فرۆشتنیان و دابەش کردنیان بەسەر ئەو جوتیارانەی زەویەکانیان کەمە یان ئەوەندە نیە بەشی ژیانوگوزەرانیان بکات و جێبەجێ کردنی دروشمی " زەوی هی ئەو کەسەیە کە ئەی کێڵێ " .

لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەم ستراتیجە تایبەتیەی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتیدا ، ژمارەیەک هەڵەی لاوەکیمان کرد و هەندێ جار ریز رێگەی چەوتمان گرتە بەر ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا راستیە شۆڕشگێڕیەکانی چل ساڵی دوایی ئەوەیان سەلماند کە هێڵی شۆڕشەکەمان و سەرکردایەتی ستراتیجی و تاکتیکی بە تەواوەتی راست و دروست بون . ئەنجامی ئەوەش شۆڕشی ئابی ١٩٤٥ و شۆڕشی

بەرگری دژی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسا ( ١٩٤٥ ـ ١٩٥٤ ) سەرکەوتنیان بە دەست هێنا •

لێرەدا دەرئەکەوێ ئێمە لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراسیدا ، ڕیفۆرمی زەویمان جێبەجێ نەکرد ، بەڵکو لەو کاتە گونجاوەدا پێی هەڵسایین کە داواکاریەکانی شۆڕش و یەکەوی هاوپەیمانی کرێکاران و جووتیاران بۆ جەسپاندنی ڕیفۆرمی زەوی و نەمانی ڕژێمی خاوەندارێتی دەرەبەگایەتی زەوی و لەناوچوونی بنکەی سیاسی و کۆمەلایەتی یارمەتی دەری ئیمپریالیستەکان لە وولاتەکماندا مسۆگەر بکات •

پێویستە چینی کرێکار سووربێت لەسەر ڕابەرایەتی کردنی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی و نابێ چینی تر لەو ڕابەرایەتیەدا بەشدار بکات و بۆی نیە بیداتە دەست بۆرجوازی نیشتمانیش •

تاقیکردنەوەی شۆڕشگێڕی وولاتەکەمان ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە وزەی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار ، یارمەتی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراسی ئەدات ، ئەرکە سەرەکیەکانی خەباتی خۆی دژی ئیمپریالیستەکان و دەرەبەگەکان جێبەجێ بکات • ئەو ئەرکە سەرەکیانەش بریتیە لە :

★ ڕووخاندنی دەسەلاتی ئیمپریالیستە دەست درێژکەرەکان ودەستە بەندەکانی هاوپەیمانیان ••

★ دامەزراندنی کۆماری ڤێتنامی دیموکراتی و هێنانەدی سەربەستیە دیموکراتیەکان بۆ هەموو کۆمەڵ •

★ دەست گرتن بەسەر موڵکەکانی ئیمپریالیستە دەست درێژکەرەکان و خائینەکانی هاوپەیمانیاندا و بەڕێوە بردنی لە لایەن دەسەلاتێکی گەلییەوە •

★ هەڵوەشاندنەوەی ئەو باج و گومرگ وبێ کاریانەی ئیمپریالیزم و دەرەبەگەکان هێناویانەتە کایەوە و دانانی ڕژێمێکی باجی ڕاست و دروست و دادپەروەرانە •

★ کەم کردنەوەی داهاتی کشتوکاڵ و بەهای قەرزەکان وچەسپاندنی ڕیفۆرمی کشتوکاڵ و جێبەجێ کردنی دروشمی " زەوی هی ئەو کەسەیە کە ئەی کێڵێ " •

★ هێنانەدی ڕۆژی کاری هەشت سەعات و زۆر کردنی کرێ و دیاریکردنی ڕادەی کەمی کرێ و دانانی یاسای کارکردن •

★ بنیاتنانی ئابوریەکی ڕاست و دروست و خوڵقاندنی پەروەردە و ڕۆشنبیریەکی نیشتمانی و دیموکراتی •

هەواڵنامەی کتێب

☆پێك هێنانی سوپایەکی گەلی شۆڕشگێڕی و جێبەجێ کردنی یاسای خزمەت کردنی سەربازی و ڕێکخستنی بەرگری میللی .

☆هێنانە دی یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت .

☆هێنانە دی یەکسانی نێوان نەتەوە جۆر بە جۆرەکان .

☆دروست کردنی پەیوەندی چاك لەگەڵ وڵاتە سۆسیالیستەکان و ئەو وڵاتانەی ڕێزی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی ڤێتنام ئەگرن .

☆داکۆکی کردن لە جوڵانەوە شۆڕشگێڕیەکانی چینی کرێکاری وڵاتە جۆرا و جۆرەکانی جیهان و بەرگری کردن لە ئاشتی جیهان .

## ٢) شۆڕشی سۆسیالیستی :

دوای سەرکەوتنە مەزنەکەی گەلەکەمان لە دیان بیان فۆ ساڵی ١٩٥٤ ، سەروی وڵات سەربەخۆیی تەواوی بەدەست هێنا ، بەڵام خواروی وڵات لە ژێر دەستی ئیمپریالیزم و دەرەبەگەکاندا مایەوە . حیزبەکەمان کۆششی بۆ ئەوە ئەکرد ، سەروی وڵات پێ بنێتە قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستیەوە و شان بەشانی ئەوەش ملمانێی خۆی لە گەڵ ئیمپریالیزم و بەکرێ گیراوەکانی دا پەرە پێبدات و شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی لە خواروی وڵات جێبەجێ بکات و یەکگرتنەوەی وڵات مسۆگەر بکات .

لەم ماوەیەدا دوو پرسیاری گرنگ خۆیان لەبەردەمی حیزبەکەماندا قوت کردەوە ، ئەویش ئەوەبوو : ئەبێ چاوەڕوانی یەکگرتنەوەی وڵات بکەین ئینجا شۆڕشی سۆسیالیستی بەرپا بکەین ؟ و ئەبێ سەروی وڵات بۆ گەیشتنە قۆناغی سۆسیالیزم بە قۆناغی سەرمایەداری دا تێپەڕێ ؟ لێرەدا حیزبەکەمان وڵامی ئەوانەی بە نە" دایەوە ، چونکە پێویست بو سەروی وڵات کە دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و دەرەبەگەکانی ڕوخاندبوو ، بێ هیچ خاوخلیچکی و کەمتر خەمیەك بەرەو قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستی بسڕوات و چاوەڕوانی یەکگرتنەوەی وڵات نەکات ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە لایەنگیری "شۆڕشی بەردەوامین " . هۆشی مینە لەم بارەیەوە ئەڵێ: " ... دوای هێنانە دی ئاشتی ، سەردی وڵات لە قۆناغی گەلی نیشتمانی دیموکراتیەوە بەرەو قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستی ڕۆیشت . ئەرکی ڕاستەوخۆی سەرشانی گەلەکەمان ئەوەبوو ، بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە بۆ بینا کردن و پتەو کردنی سەروی وڵات پلە بە پلە هەنگاو بنێ بەرەو سۆسیالیزم و خەباتی بێ ووچانیش بۆ یەکگرتنەوەی وڵات و هێنانە کایەی ڤێتنامی یەکگرتوی دیموکراتی و سەربەخۆ و پەرەسەندو بەرپا بکات و ئاشتی لە وڵاتدا بەر قەرار بکات " (١) .

هەلومەرجی بابەتیش ڕێخۆش کەر بوو ، بۆ ئەوەی سەروی وولات ڕاستەوخۆ ، بێ تێپەڕبون بەقۆناغی سەرمایەداری دا ، بەرەو سۆسیالیزم بڕوات . ئەمەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە بوو :

١) کاری شۆڕشگێری گەلی ڤێتنامی سەرو پشتی بەستبوو بە پتەوی هاوپەیمانی کرێکاران و جوتیاران و سەرکردایەتی حیزبێکی مارکسی لینینی ڕاستەقینە ، واتە حیزبی کرێکارانی ڤێتنام .

٢) سەرکەوتنی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی لە سەروە هەلومەرجی گوێزانەوەی بۆ قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستی سازکردبوو .

٣) دوای سەرکەوتنی بەرگری دژی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسا و ڕزگارکردنی سەرو ، دیکتاتۆریەتی دیموکراتی گەلی لە توانای دا بوو ئەرکە مێژوویەکانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا جێبەجێ بکات .

٤) گەلی ڤێتنامی سەرو خاوەنی نیشتمانپەروەریەکی بەرز و ژیریەکی بێ وێنەی کارکردن بوو ، بە تەواوی پشتی بە هێز وتوانای خۆی بەستبوو ، سووربو لەسەر تێکۆشان بۆ بینا کردنی داهاتوی نوێ بەو جۆرەی حیزبەکەمان نەخشەی بۆ کێشا بوو .

٥) بۆ بیناکردنی سۆسیالیزم لە وولاتەکەمان و هەموو بوارەکاندا ، پشتمان بە یارمەتی و هاوکاری وولاتە سۆسیالیستەکان و دۆستەکانمان ئەستور بوو .

ئەوەی ڕاستی بێ دوای ئەوەی گەلەکەمان ڕزگاری هێنایەدی و بەرگری دژی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسا سەرکەوتنی بەدەست هێنا ، یەکسەر هەنگاوی بەرەو قۆناغی گۆڕانکاری سۆسیالیستی هەڵهێنا . هێڵی گشتی حیزبەکەشمان لەو ماوەیەدا ئەمەی خوارەوەبو :

" ... هەنگاونانی سەروی وولات بە خێرایی و باوەڕ بە خۆبونەوە بەرەو سۆسیالیزم ، هێنانەدی ئاسودەیی و بەختەوەری بۆ گەل ، پتەو کردنی سەرو بەو جۆرەی ببێتە قەلایەکی پۆلایین بۆ ماوەی خەبات لە پێناوی یەکگرتنەوەدا ، بەشداریکردن لە پتەو کردنی ئوردوگای سۆسیالیستی دا و داکۆکی کردن لە ئاشتی لە خوارووی ڕۆژهەلاتی ئاسیا و گشت جیهاندا " .

" بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە ، پێویستە دەسەلاتی دیموکراتی گەل ئەرکە مێژوییەکانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا جێبەجێ بکات ، گۆڕانکاری سۆسیالیستی لە بواری کشتوکاڵ ، پیشە ، بازرگانی بچووک ، پیشەسازی ، بازرگانی سەرمایەداری تایبەتی بهێنێتەدی ، گەشەکردنی ئابوری دەولەت مسۆگەر بکات و ڕەچاوی گرنگی پیشەسازی قورس بکات و لە هەمان کاتیش دا گەشەکردنی کشتوکاڵ و پیشەسازی سوکیش پشت گوێ نەخات و بەرە بەپیشەسازی سۆسیالیستی بدات ، یارمەتی ئەوە

بدات شۆڕشی سۆسیالیستی تەکانێکی چاک بە باری فیکری و ڕۆشنبیری و تەکنیکی بدات و لە ئەنجام دا ڤێتنام بە هۆی پیشەسازی و کشتوکاڵی نوێ و ڕۆشنبیری و زانستی هاوچەرخەوە ببێتە وڵاتێکی سۆسیالیستی " (٢) .

بۆ جێبەجێ کردنی ئەم هێڵە گشتیە ، حیزبەکەمان داوای ئەوەی ئەکرد ، دیکتاتۆریەت دژی دوژمنەکانی گەل توند وتیژ بکرێ ، شۆڕشی چەواشە سەرکوت بکرێ و هێمنی و ئاسایش بەرقەرار بکرێ . هەروەها داوای ئەوەی ئەکرد ، پەرە بە دیموکراتیەت بۆ گەل بدرێ ، یاسای دیموکراسی و سۆسیالیستی دابنرێ و هەمیشە گۆڕانی باشیان بە سەردا بهێنرێ ، هەلومەرجی وەها سازبکرێ گەلەکەمان بە چالاکانە بەشداری لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا بکات . لە هەمان کاتیشدا حیزبەکەمان توانی ئەم سێ شۆڕشەی خوارەوە جێبەجێ بکات : شۆڕش لە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان دا ، شۆڕشی تەکنیکی ، شۆڕشی فیکری و ڕۆشنبیری .

لە ماوەی یەکەمین قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیستیدا ، ئەرکی گۆڕانکاری سۆسیالیستیمان گرتە ئەستۆی خۆمان و بە ئەرکی ناوەندیمان دانا . لە هەمان کاتدا دەستمان کرد بە بیناکردنی بناغەی مادی و تەکنیکی سۆسیالیزم و بایەخێکی تایبەتیمان دا بەو کەرتانەی گرنگی پلەیەکیان هەبوو لە ماوەی گۆڕانکاری سۆسیالیستیدا ، مەسەلەی هەرەوەزی کشتوکاڵیمان بە ئەوڵەوەی سەرەکی گەشەکردن دانا ، بەڵام لە هەمان کاتدا بایەخمان بە گەشەپێدانی پیشە و پیشەسازی و بازرگانی سەرمایەداری و بازرگانی بچوکیش دا . سیستەمی خاوەندارێتی سۆسیالیستیمان بە دوو جۆر دامەزراند : خاوەندارێتی گەل و خاوەندارێتی بە کۆمەڵ . بەڵام ئەمڕۆ پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی سۆسیالیستی بە تەواوی زاڵ بوە بەسەر ئابوری نیشتماندا و بۆتە فاکتەرێك بۆ بینا کردن و گەشەکردنی سۆسیالیزم لە سەروی وڵات .

شۆڕش لە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێناندا لە سنوری گۆڕینی خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەم هێناندا نەوەستا ، بەڵکو بە ڕێوە بردن و دابەش کردنیشی گرتەوە . چونکە گۆڕینی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان بۆ ئەوە بوو کرێکاران ببنە خاوەنی بە کۆمەڵی ئامرازە سەرەکیەکانی بەرهەم هێنان ، جا لە بواری بەرهەم هێناندا بێ یان بواری دابەش کردن . بێگومان ئەمەش ئەبێتە هۆی پەرەسەندنی دیموکراتیەتی سۆسیالیستی و گەشەکردنی دینامیکێتی جەماوەری ڕەنجدەر و پێ گەیشتنی فیکری داهێنەر لە بواری بەرهەم هێنان دا .

دوای تەواو بونی بەشی هەرە زۆری گۆڕانکاری لە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و مەسەلەی خاوەندارێتی دا ، شۆڕشی تەکنیکی شوێنێکی دیاری بۆ خۆی بەدەستهێنا ، ئامانجی ئەم شۆڕشە خۆشکردنی زەمینەی پیشەسازکردنی سۆسیالیستی یە . ئەمڕۆ ئێمە لە هەوڵ و کۆششی ئەوەداین پیشەسازکردنی سوسیالیستی وشورشی تەکنیکی جێگیر بکەین بۆ ئەوەی سەربەخۆیی ڕاستەقینەی ئابوری نیشتمانی و دامەزراندنی پیشەسازی نوێ مسۆگەر بکەین و بەرهەمهێنانی وولاّت کە لەسەر بیشەیی بچوك وەستاوە بگۆڕین بۆ بەرهەمهێنانی ئامێری گەورە و بە خێرایی گەشە بە هێزەکانی بەرهەم هینان بدەین ورادەی بەرهەمی کار بەرزبکەینەوە .

لە قۆناغی پیشەسازکردنی سۆسیالیستیدا ، حیزبەکەمان وزەیەکی زۆری تەرخان کرد بۆ ئەوەی هاوسەنگی نێوان پیشەسازی و کشتوکاڵ بپارێزێ . چونکە پیشەسازی قورس بنچینەی ئابوری نیشتمانیە بە گشتی و کشتوکاڵیش بنکەی گەشەکردنی پیشەسازیە . لەم بوارەشدا بە پلەی یەکەم بایەخمان بە پیشەسازی قورس دا ، بەلاّم پەرەپێدانی کشتوکاڵ و پیشەسازی سوکیشمان پشتگوێ نەخست . ئێمە لایەنگیری پەرەسەندنی پیشەسازی ناوەندی بوین بەلاّم لە هەمان کاتدا بایەخیشمان بە پەرەسەندنی پیشەسازی ناوچەکانیش ئەدا .

شۆڕشی تەکنیکی تەکانی توندو کاریگەر بە گەشەکردنی سۆسیالیستی ئەدات ، ئێمە لە وولاّتی خۆماندا ئەو شۆڕشەمان بەپێی ئەو دروشمە جێبەجێ کرد کە ئەڵێ : ڕێ کردن بەرەو پێشەوە لەسەر دوو ڕێ . ئەم دروشمە مانای ئەوەیە لە هەندێ بواردا هەنگاو بە هەنگاو لە بەرهەمی پیشەگەریەوە بچین بەرەو بەرهەمی نیمچە ئامێری و ئینجا ئامێری و لە بوارەکانی تریشدا ڕێگەی کورتی وەك بەکار هێنانی تەکنیکی نوێ بگرینە بەر . ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوە هاتووە وولاّتەکەمان سود لە یارمەتی وولاّتە سوسیالیستەکانی دۆستمان وەرئەگرێ و ژمارەیەکی زۆر کادیری تەکنیکی و کرێکاری سازکراوی وەهای هەیە ئەتوانن بەچاکی لە تەکنیکی نوێ بگەن و بە ژیرانە بەکاری بهێنن .

بۆ ئەوەی لەو دوو شۆڕشەی ڕابردوو چاکەکانیان بگەین و بزانین چۆن لە خزمەتی گەلەکەماندا بەکاریان بهێنین ، شان بە شانی هەردوکیان دەستمان کرد بە شۆڕشی فیکری ، وە ڕۆشنبیری و بیروڕای پرۆلیتاریمان بلاوکردەوە و بنچینەکانیمان قوڵ کردەوە ، چوین بە گژ هەموو ڕواڵەتەکانی بیروڕای بۆرجوازیدا و ڕەخنەمان لە فیکری وردە بۆرجوازی گرت ، پاشماوەی بیروڕای دەرەبەگایەتی و بیروڕا چەوتەکانی

ترمان لەناو برد ، لە ئەنجامی ئەوە توانیومان لە بواری رۆشنبیریدا گەنجینەیەکی چاکی رۆشنبیری نیشتمانی بەدەست بهێنین و بیخەینە ژێر نەشتەری رەخنەی بابەتیەوە و دەستمان کرد بە دروست کردنی رۆشنبیریەکی ئێتنامی نوێ بە ناوەرۆکێکی سۆسیالیستی و سروشتێکی نیشتمانیەوە .

پێویستە شۆرشی فیکری و رۆشنبیریمان ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێ بە جێ بکات :

★ رونکردنەوەی مانای مارکسیزم - لینینزم و هێڵی سیاسی حیزبەکەمان بۆ گەل و وەرگێرانی ئەو هێڵ و سیاسەتە بۆ کاری شۆرشگێری جەماوەری و هێنانە دی یەکێتی سیاسی و مەعنەوی گەلەکەمان .

★ گۆش کردنی کادیرەکان و گەلەکەمان بە هەموو ئەو زانیاریانەی یارمەتیان ئەدات لە لایەنە چاکەکانی سۆسیالیزم تێبگەن و بزانن رادەی شۆرشگێری چینی کرێکار چەندە ، و هەڵسان بەهوشیارکردنەوەی پێویست بۆ دروست کردنی هوشیاری سۆسیالیستی دەربارەی مەسەلەی کارەسەروەت وسامانی کۆمەڵە نیشتمان پەروەری و ئینتەرناسیونالیزم . بلاوکردنەوەی گیانی ئازایەتی وجوامێری شۆرشگێرانە ، قوڵ کردنەوەی نەریتەکانی خەباتی خۆراگرانەی گەلەکەمان بە درێژایی رۆژگاری تێکۆشانی . هاندانی خەڵك بۆ بەشداریکردنی پر سۆز و دڵسۆزانە لە پەرەسەندنی نیشتمانی و جێبەجێ کردنی ئەو ئامۆژگاریەیانەی سەرۆك هۆشی مینە کە داوا لە ئێتنامیەکان ئەکات " دڵسۆزبن بۆ وولات و گەل ، بە پەرۆشەوە ئەرکەکان جێبەجێ بکەن و زاڵ بن بەسەر هەموو کۆسپەکاندا و سەرکەون بەسەر هەمو جۆرە دوژمنێکدا " .

★ لەناو بردنی نەخوێندەواری ، بەتایبەتی لە ناوچەشاخاویەکاندا ، بلاوکردنەوەی رۆشنبیری ، فێرکردن ، ئەدەب ، هونەر ، زانست و تەکنیك ، بەرزکردنەوەی ئاستی کادیرەکان و گەل لە بواری رۆشنبیری و تەکنیکدا بۆ ئەوەی هەموو یەکێك بتوانێ زانیاریەکانی بە چاکترین شێوە لە کاتی بیناکردنی سۆسیالیزمدا بەکاربهێنێ و بەرامبەر دەست درێژی ئەمریکا خۆی رابگرێ و داکۆکی لە سەربەستی و سەرفەرازی گەل بکات

★ هوشیار کردنەوەی بەردەوامی ئەو فەرمانبەرە رۆشنبیرانەی بیروڕای کۆنیان هەیە و پێك هێنانی رۆشنبیری " ئەنتلجینسیا "ی نوێ لە ریزەکانی کرێکاران و جوتیاران دا کە زۆر دڵسوزن بۆ مەسەلەی سۆسیالیزم .

ئەمرۆ لە باشوری وولاتدا ململانێیەکی گەورە لە نێوان رێگای سۆسیالیزم و سەرمایەداری دا دروست بوە و پرسیارێك خۆی قوت

کردۆتەوە: ئایا کام ڕێگا سەرکەوتن بەدەست ئەهێنێ؟ ئەو ململانێیە زۆر دوور و درێژ و ئاڵۆز و توند وتیژە، پێك هاتووە لە چەندین پرۆسەی جۆرا وجۆری وەك: سەرکوت کردنی شۆڕشی چەواشە، بڵاوکردنەوەی دیموکراتییەت لەناو ڕیزەکانی گەل دا، گۆڕینی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان، پەرەپێدانی شۆڕشی تەکنیکی و جێبەجێ کردنی شۆڕشی فیکری و ڕۆشنبیری.

حیزبەکەمان لەکاتی شۆڕشی سۆسیالیستیدا لەسەروی وولات، پێشبڕەوی یاسا گشتیەکانی "شۆڕش و بیناکردنی سۆسیالیزم" ئەکات و شان بەشانی ئەوەش یاسای "پیشەسازکردنی سۆسیالیستی" جێبەجێ ئەکات کە بەپێی تایبەتێتی وولاتی خۆمان هێنراوەتەکایەوە و لەگەڵ وولاتێکی کشتوکاڵی دواکەوتوی وەك ڤێتنام دا ئەگونجێ و مەبەستی ئەوەیە شۆڕشەکەمان باز بەسەر قۆناغی سەرمایەداری دا بدات و یەکسەر و ڕاستەوخۆ بەرەو سۆسیالیزم بڕوات، ئەو یاسانەش ئەمانەی خوارەوەیە:

١) دابین کردنی سەرکردایەتی چینی کرێکار و حیزبە مارکسیە-لینینیەکەی بۆ جەماوەری ڕەنجدەر، ٢) جێبەجێ کردنی شۆڕشی پرۆلیتاری، ٣) دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، ٤) دروست کردن و پتەو کردنی پەیوەندی نێوان چینی کرێکار و جوتیاران و توێژە جۆرا وجۆرەکانی ڕەنجدەری کۆمەڵ، ٥) نەهێشتنی ڕژێمی خاوەنداریێتی سەرمایەداری و دامەزراندنی ڕژێمی خاوەنداریێتی گشتی ئامرازە بنچینیەکانی بەرهەم هێنان، ٦) هێنانە کایەی گۆڕانکاری پلە بە پلەی سۆسیالیستی لە کەرتی کشتوکاڵ دا، ٧) هێنانە دی پیشەسازکردنی سۆسیالیستی، ٨) پەرەپێدانی ئابوری نیشتمانی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و هەنگاونان بۆ هێنانە دی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیاتی کرێکاران، ٩) جێ بەجێ کردنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە بواری فیکری و ڕۆشنبیری دا وپێکهێنانی ڕۆشنبیری (ئەنتلجینسیای) ی زۆر و دڵسۆز بۆ چینی کرێکار و گەلی ڕەنجدەر و مەسەلەی سۆسیالیزم، ١٠) نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوە جۆرا و جۆرەکانی ڤێتنام و هێنانە دی یەکسانی تەواو لە نێوان نەتەوەکاندا، ١١) پاراستنی دەستکەوتەکانی سۆسیالیزم و ڕێگەنەدان بە تێکدانی لە لایەن دوژمنەکانی ناوەوە و دەرەوە، ١٢) دروست کردنی هاوپەیمانی نێوان چینی کرێکاری وولاتەکەمان و چینی کرێکاری وولاتە جۆرا وجۆرەکانی تر و چەسپاندنی ئینتەرناسیونالیزمی پرۆلیتاریا.

بە کورتی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی و شۆڕشی سۆسیالیستی، دوو ستراتیجی شۆڕشگێرین و پەیوەندیان بە دوو

شێوەی جیاوازی گەشەکردنەوە هەیە ، بەڵام دوبێتەوە یەك لەدوای یەك و پێکەوە گرێدراو پێك ئەهێنن . هەر لەبەر ئەوەیە ئەبینین هەندێ لە ئەرکەکانی قۆناغی دوەم لەقۆناغی یەکەمەوە سەرچاوە ئەگرێ و هەندێ ئەرکی قۆناغی یەکەمیش لەقۆناغی دوەمدا جێبەجێ ئەکرێ و شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتی زەمینە خۆشکەری شۆڕشی سۆسیالیستیە و شۆڕشی سۆسیالیستیش گەشەکردنی سروشتی و پێویستی شۆڕشی گەلی نیشتمانی دیموکراتیە .

## ٣) مەسەلەی زەبر لە شۆڕشی ڤێتنام دا :

هاوڕێیانی خۆشەویست :

مارکسیزم ـ لینینزم " مەسەلەی بنچینەی هەموو شۆڕشێك بە مەسەلەی دەسەلاَت دائەنێ " و ئەوە دوپات ئەکاتەوە بە بێ بەکارهێنانی زەبری شۆڕشگێڕانەی جەماوەری بۆ وردوخاش کردنی زەبەی شۆڕشی چەواشەی چینە دەسەلاتدارو چەوسێنەرەکان ، دەسەلاتی سیاسی بەدەست نایەت و کۆمەڵگای نوێ بینا ناکرێ ـ چونکە چینە چەوسێنەرەکان بە خۆشی خۆیان شانۆی سیاسی بەجێ ناهێڵن و دەست لە دەسەلات و زەبر و چەوساندنەوەی گەلی ڕەنجدەر هەڵناگرن .

مارکس ئەڵێ زەبر " ماما نی " هەموو کۆمەڵگایەکی نوێیە کە لە هەناوی کۆمەڵگای کۆندا گیری خواردوە . ئەنگلز ئەم فیکرەی مارکسی بە قوڵی لە بابەتی " ڕۆڵی زەبر لە مێژودا " ولە نامیلکە بە ناوبانگەکەی " ئەنتی دۆبرینگ " دا شیکردۆتەوە . لینین لەم بارەیەوە ئەڵێ : " ئەم فیکرەیە پەیوەندی بە شۆڕشی بە زەبردوە هەیە و ئەو بنچینەیەیە کە مارکس و ئەنگلز تیۆرەکەی خۆیان لەسەر بینا کردوە (٣) . لە شوێنێکی تریشدا ئەڵێ : " دەوڵەتی بۆرجوازی بەبێ ( زەبر او لەناوبردن ) شوێنی خۆی بۆ دەوڵەتی پرۆلیتاریا ( دیکتاتوریەتی پرۆلیتاریا ) چۆل ناکات ، و ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی شۆڕشی بەزەبرەوە نەبێ نایەتەدی " (٤) .

یەکێك لەو پێوەرە بنچینەییانەی مارکسیە ـ لینینیە ڕاستەقینەکانی پێ دیاری ئەکرێ و لە جۆرە جیاوازەکانی هەلپەرستی جیایان ئەکاتەوە بەکارهێنان یان بەکارنەهێنانی زەبری شۆڕشگێڕی جەماوەریە بۆ وردوخاش کردنی ئامێری دەوڵەتی چینە چەوسێنەرەکانی " بۆرجوازیەکان و دەرەبەگەکان " و بیناکردنی دەوڵەت و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا .

بڕیارەکانی کۆنگرەی حیزبە کۆمۆنیستی و کرێکاریەکان ساڵی ١٩٥٧ و ١٩٦٠ لە مۆسکۆ ئەوەی دەرخستووە کە دوو ڕێگە هەیە بۆ گۆڕانکاری سۆسیالیستی ، یەکێکیان ڕێگەی ئاشتیانەیە و ئەوی تریان ڕێگەی نائاشتیانەیە ٠ حیزبەکەمان باوەڕی بەو بیروڕایە هەیە ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوە دوپات ئەکاتەوە کە لەبەر ئەوەی سەرمایەدارە مۆنۆپۆلیەکان لە ژمارەیەك وڵاتی سەرمایەداری دا لەسەر ڕێگەی عەسکەرتاری و فاشیزم ئەچنە ڕێوە و ناشیرینترین جۆری زەبر بۆ سەرکوت کردنی چینی کرێکار و گەلی ڕەنجدەر بەکار ئەهێنن ، بۆیە بەکار هێنانی زەبری شۆڕشگێڕی بۆ وردوخاش کردنی دام و دەزگای دەوڵەتی بۆرجوازی و دامەزراندنی دەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە هەلومەرجی ئەم سەردەمەدا بە یاسایەکی گشتی خەباتی چینی کرێکاری شۆڕشگێڕی وڵاتە سەرمایەداریەکان دائەنێ " (٥) " ئێمە ئەزانین گوێزانەوەی ئاشتیانە بۆ سۆسیالیزم شتێکی بە نرخە ، بەڵام بە دەگمەن ڕوئەدات ٠ پێویستە کۆمۆنیستەکان لەکاتی ڕابەریکردنی شۆڕشدا خۆیان بۆ دوو ڕێگەی گوێزانەوە ئامادە بکەن: ئاشتیانە و نائاشتیانە بەڵام لە پێش هەموو شتێکەوە بایەخ بە گۆڕانی نائاشتیانە بدەن " (٦) ، و شتێکی زۆر گرنگە وریا بین بەرامبەر خەیاڵ پڵاوی ڕودانی گۆڕانکاری ئاشتیانە لە وڵاتە سەرمایەداریەکاندا ، و ئەبێ چینی کرێکار و گەلی کۆلۆنە کۆن و نوێکانیش دا زیاتر وریا بن بەرامبەر مەترسی کەوتنە دوای خەیاڵ پڵاوی کوشندەی لەو جۆرەوە ٠

حیزبەکەمان هەر لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە دڵسۆز بوە بۆ تیۆری زەبری شۆڕشگێڕی مارکسی لینینی و بە ڕونی لە سروشتی ئیمپریالیزم و دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان گەیشتبوو و دەرکی بە هێزی یەکێتی گەل " بە تایبەتی یەکێتی کرێکاران و جوتیاران " لە ناو ئەو ململانێ یەدا کردبوو ، ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە ڕێگەی شۆڕشی بە زەبر ، تاکە ڕێگەی ڕاست و دروستە بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی دوژمنەکانی چینی کرێکار و نەتەوەکەمان ، هێنانە دی دەسەڵات لە لایەن گەلەوە ، ئاکۆکی کردن لە دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی و ڕابەری کردنی شۆڕشی وڵاتەکەمان بەرەو سەرکەوتن و سەرفەرازی:

هوشی مینە ئەڵێ : " پێویستە لەسەرمان لە خەباتی دژی دوژمنەکانی چین و نەتەوەدا زەبری شۆڕشگێڕی دژی زەبری شۆڕشی چەواشە بەکار بهێنین ، بۆ ئەوەی بتوانین دەسەڵات بە دەست بهێنین و بی پارێزین " (٧) ٠

لە ڕاستیدا ئیمپریالیستەکان و بەکرێ گیراوەکانیان لە وڵاتە

هەواڵنامەی کتێب

کۆلۆنی و نیمچە دەرەبەگایەتیەکانی وەك وولاتی خۆمان دا ، بێ بەزەییانە پرۆسەی چەوساندنەوە و زۆرلێکردنی گەلانیان جێبەجێ ئەکرد ، ڕێگەیان بە بچووکترین سەربەستی دیموکراتی نەئەدا وسلیان لە بەکارهێنانی توقاندن و سەرکوت کردنی دڕندانەی جولانەوەی شۆڕشگێڕی نە ئەکردەوە . هەر لەبەر ئەمەش بوو حیزبەکەمان زوو لەو ڕاستیەی تێوری مارکسیزم - لینینزم دەربارەی زەبر تێ گەیشت و ڕێگەی شۆڕشی توندوتیژی هەلبژارد و بە تاکە ڕێگەی ڕاستی دائەنا بۆ بە دەست هێنانی دەسەلات و پاراستنی دەسەلاتی شۆڕشگێڕی "شۆڕشی ئاب و بەرگری دژی ئیمپریالیزمی فەرەنسای دوێنێ وخەباتی بێ ووچانی ئەمڕۆ دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و چالاکی پاکسازی هەمیشەیی ئەم چەند ساڵەی دوایی دژی چەکدارە یاخی بوە تاونبارەکانی دژی شۆڕش و هەموو هەلوێستەکانی تر بۆ وردو خاشکردنی شۆڕشی چەواشە لە باشوردا ، ئەوە ڕاستیەیان سەلماندوە ✷ .

---

✷ ئەرنستو تشی گیفارا دەربارەی زەبری پێویست بۆ بەرنگاربونەوەی دەسەلاتی ئۆلیگارشی حوکمداری چەوسێنەری جەماوەر ئەدوێ و لە ووتاری " شەڕی پارتیزانی ئامرازێکە " کە لە گۆڤاری Revoluion Africain دا بلاوی کردۆتەوە ئەلێ : " وەلام دانەوەی زەبری چەوسێنەران مافێك نیە بە میرات بۆ چەوساوەکان مابێتەوە و بۆیان هەبێ بە ویستی خۆیان بەکاری بهێنن ، بەلکو ئەرکی سەرشانی ئەوانە لە کاتی گونجاودا بە کاری بهێنن " ، خۆزێ مارتی ئەلێ "ئەوەی شەڕێك لە وولاتێك دا هەلئەگیرسێنێ و لە توانای دایە خۆی لێ لابدا تاوانبارە، بەلام ئەوەی شەڕێکی سەپێنراو ڕەت بکاتەوە هەر تاونبارە! " . لێنینیش ئەلێ : " سۆسیال دیموکراسی هیچ کاتێك لە ڕوانگەی سۆزەوە سەیری شەڕی نە کردوە و نای کات و شەڕی بە ئامرازێکی دڕندانەی بەکالاکردنەوەی ناکۆکی نێوان خەلکی داناوە . بەلام لەگەل ئەوەشدا لەوە گەیشتووە کە لە کۆمەلی پڕچین و چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دا ناکرێ خۆمان لە جەنگ لابدەین و ئەو چەوساندنەوەیەش بە خۆ لادان لەو جەنگەی هەمان چینی دەسەلاتداری چەوسێنەر لەهەموو شوێنێك بەرپای ئەکات ، لەناو نابری " .

ئەوە قسەکانی لێنینە لە ساڵی ١٩٠٥ دا ، دوای ئەوە لە بەرنامەی سەربازی شۆڕشی پرۆلیتاریادا بە قولی سروشتی ململانێی چینایەتی شیکردۆتەوە و ووتویەتی : " ئەوەی باوەڕی بە ململانێی چینایەتی هەبێ ، ئەبێ باوەڕی بە شەڕی ناوخۆش هەبێ . چونکە ئەو جەنگە لە هەموو کۆمەلگایەکی چینایەتی دا ، درێژەپێدان و پەرەپێدانی سروشتی

شارەزایی شۆڕشی ڤیێتنام ئەو ڕاستیەی مارکسیزم ـ لینینزم دەربارەی شۆڕشی بە زەبر دوبات کردۆتەوە و هەموو خەیاڵ پلاوێکی "گۆڕانی ئاشتیانە" و ڕەوتی ڕیفۆرمیستەکان و هەوڵدانێکی دۆزینەوەی چارەسەری نیوە چڵی هەلپەرستانەی تاوانبارکردوە. سەرۆك هۆشی مینە لە بارەی زەبری شۆڕشگێڕیەوە نوسیوەتی : " پێویستە بۆ دیاریکردنی شێوەی خەباتی شۆڕشگێڕی پشت بە بارودۆخی هەست پێکراو ببەستین و هەموو شێوەکانی خەباتی چەکداری وسیاسی بە ژیرانە و پاش سۆگەرکردنی زەمینەی لەبار، بۆ هێنانەدی سەرکەوتنی شۆڕش بە کار بهێنسین " (٨) .

شۆڕشی ڤیێتنام بە ڕابەرایەتی حیزبەکەمان، بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن و دەسەلاتی سیاسی، هەمیشە پەنای ئەبردە بەر شێوەی خەباتی سیاسی و خەباتی چەکداری ، و گشت کاتێك پشتی بە دوو هێز ئەبەست بۆ ورد و خاش کردنی دام و دەزگای دەوڵەتی ئیمپریالیستەکان و بەکرێ گیراوەکانیان و سۆگەر کردنی دەسەلاتی سیاسی لە لایەن گەلەوە ، ئەویش هێزی سیاسی جەماوەر و هێزی چەکداری جەماوەر بوو . هێزی چەکداری بە هاوکاری پتەو لەگەڵ هێزی سیاسیدا ، خەباتی چەکداریشان بە شانی خەباتی سیاسی، ڕواڵەتی زەبری شۆڕشگێڕی وولاتەکەمان بوو .

هەر لە کاتی دامەزراندنی حیزبەکەمانەوە جولانەوەی شۆڕشگێڕی لە سەرتاسەری وولاتدا دەستی پێکرد . لەکاتی دامەزراندنی سۆڤیتەکانی نگیە ـ تینە ڕ سالی ١٩٣٠ ـ ١٩٣١ ئەو جولانەوەیە گەیشتە بەرزترین پلەی ، چونکە جەماوەری کرێکار و جوتیار لە نگیەآن و هاتینیە ڕاپەڕین و دەسەلاتی کۆلۆنیالیزم و لایەنگیرەکانی وەك ڕۆشنبیرو پیاوە ماقولە چەوسینەرەکانیان ڕوخاند و دەسەلاتی کرێکاران و جوتیارانیان لە هەندێ ناوچەی دێهاتیدا دامەزراند .

ئەگەر چی ئەم ڕاپەڕینە نەی توانی سەرکەوتن بە دەست بهێنێ ، بەلاّم توانی گیانی شۆڕشگێڕی لە لای گەل بەگشتی ببوژێنێتەوە و

---

ئەو ململانێ چینایەتیەیە کە ناکرێ هەموو کاتێ خۆمانی لێ لابدەین " شۆڕشە گەورەکانیش ئەوەیان دوپات کردۆتەوە کە ڕەت کردنەوەی شەڕی ناوخۆ و پشت گوێ خستنی، مانای کەوتنە ناو زەلکاوی هەلپەرستی و وازهێنان لە شۆڕشی سۆسیالیستی ئەگەیەنێ . بە واتایەکی تر نابێ لە کاتی ژانی کۆمەلگای نوێدا لە زەبر بترسین، بە مەرجی زەبرەکە لە کاتی دیاریکراودا بەکار بهێنرێ و سەرکردەکانی گەل هەلومەرجی گونجاو ولەبار بۆ بەکارهێنانی هەلبژێرن .

یەکەمین تاقیکردنەوە بوو توانی پەیوەندی نێوان دوو ئەرکی سەرەکی ستراتیجی دژی ئیمپریالیزم و دەرەبەگەکان ، پەیوەندی نێوان جولانەوەی کرێکاری و جولانەوەی جوتیاری و هاوپەیمانی نێوانیان بە سەرکردایەتی چینی کرێکار ، پەیوەندی نێوان جولانەوەی شۆڕشگێڕی شار و لادێ و پەیوەندی نێوان خەباتی سیاسی و چەکداری ... هتد دەربب‌ڕێ .

لە سالی ۱۹۳٦ ـ ۱۹۳۹دا حزبەکەمان لەو باوەڕەدابو مەترسی فاشیزم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندن و زیاد بون دایە و لەوانەیە ناچاربین بەرنگاری هێرشەکانی فاشیزم ببینەوە ، بۆیەدا وای ئەوەی کرد خۆمان بۆ ئەوە سازبکەین لە دەرفەتی گونجاو و لەباردا هێرشی توند و تیژ بکەینە سەر دوژمن . بۆ ئەم مەبەستەش دەستی‌کرد بەسازکردنی هێزە سیاسیەکانی جەماوەر و کۆکردنەوەی چالاکی نهێنی و چالاکی ئاشکرای شەرعی وەك بەکارهێنانی " ژوری نوێنەرانی گەل " و " ئەنجومەنی کۆلۆنەکان " ... هتد . ئەمەش بۆ ئەوەبو کە بتوانێ جولانەوەیەکی خەباتی سیاسی بەهێز لە شار و لادێکانیدا دژی کۆلۆنیالیستە کۆنەپەرستەکان ، پاشا ، چینی فەرمانبەرە ڕۆشنبیرەکان و پیاو ماقولە خەوسینەرەکان بەرپا بکات ، هەول بدات سەربەستیە سیاسیەکان بهێنێتەدی ، ژیانێکی چاکتر مسۆگەر بکات ، دژی فاشیزم بوەستێ و داکۆکی لە ئاشتی جیهان بکات .

لە ماوەی دوەمین جەنگی جیهانیدا مەسەلەی سازکردنی ڕاپەڕینی چەکدارانە خۆی سەپاند و حیزبەکەمان ناچار خەباتی خۆی لە سیاسیەوە گۆڕی بۆ چەکداری و ڕێکخراوە سیاسیە جەماوەریەکانیشی گۆڕی بۆ دەستەی نیمچە چەکدار و چەکداری گەلی وەك ( لیواکانی بەرگری خۆیی بۆ دابین کردنی پاریزگاری نیشتمان ، لیواکانی جەنگ و داکۆکی خۆیی ، کەرتەکانی پارتیزانی سەربە سوپای پاریزگاری نیشتمان و سوپای ڕزگاری ) و لە قوناغی خۆسازکردن بۆ ڕاپەڕینەکەی ئاب دا پەیوەندی توند و تۆڵی نێوان خەباتی چەکداری و سیاسی مسۆگەر کرد . شۆڕشی ئابی ۱۹٤٥ سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ پەیوەندی توند و تولی نێوان خەباتی سیاسی و خەباتی چەکداری لە شار و لادێکاندا بو بە دەست هێنانی دەسەلاتی سیاسی لە لایەن گەلەوە ، و بەرهەمی تاقیکردنەوەی سێ جولانەوەی شۆڕشگێڕی بو حیزبەکەمان ڕابەرایەتی کردبوو : واتە جولانەوەی شۆڕشگێڕی نیشتمانی دیموکراتی ( ۱۹۳۰ ـ ۱۹۳۱ ) ، جولانەوەی بەرەی دیموکراتی ۱۹۳٦ ـ ۱۹۳۹ ، جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی ۱۹۳۹ ـ ۱۹٤٥ و دوبارە بونەوەی سۆڤیەتەکانی نگیەتنیە بو لەسەر ئاستی وولات بە گشتی . سەرکەوتنی شۆڕشی ئاب

سەرکەوتنی تیۆری مارکسیزم ـ لینینزم بۆ دەربارەی شۆڕشی بەزەبر و حیزبەکەمان بە شێوەیەکی داهێنەرانە و پشت ئەستور بە تێگەیشتنی قوڵی هەلومەرجی وڵاتەکەمان جێبەجێی کرد.

لە ماوەی بەرگری درێژخانی گەلەکەمان دژی کۆڵۆنیالیستەکانی فەرەنسا ( ١٩٤٥ ـ ١٩٥٤ ) زەبری شۆڕشگێڕی بریتی بوو لە پێکەوە گرێدانی خەباتی سیاسی و چەکداری، بە ڕەچاوکردنی گرنگی پلە یەکی خەباتی چەکداری. لە ئەنجامی ئەوەش شەڕی گەلی بەهێزبونی سەرکردایەتی حیزبە بلیمەتەکەمان و دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری گەلەکەمان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرکەوتنی بەدەست ئەهێنا. سەرکەوتنە مەزنەکەی دیان بیان فۆش بەرهەمی بەرگری دژی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسا بوو، توانی ئاشتی لەهیندەچینی دا بەرقەرار بکات و هەموو دنیا وا لێبکات دان بە سەربەخۆیی و دەسەڵات و یەکێتی خاکی ڤێتنام و کەمبۆدیا و لاوس دا بنێن.

ئەمڕۆش ئیمپریالیزمی ئەمریکی جەنگێکی دەست درێژکەرانەی دژی خواروی وڵات و جەنگێکی تێکدەرانەی دژی کۆماری ڤێتنامی دیموکراتی بەرپا کردوە و هەموو هێزی ئاسمانی و دەریایی بێ شوماری خۆی تیادا خستۆتە گەڕ. لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا ئەبی دانیشتوان بە زەبری شۆڕشگێڕی وەڵامی زەبری شۆڕشی چەواشەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و بەرگرێ گیراوەکانی بدەنەوە و خواروی وڵات ڕزگار بکەن، داگیرکەر لە سەروی وڵات بکەن وبۆ یەکگرتنەوەی وڵات بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە تێ بکۆشن.

زەبری شۆڕشگێڕی لە خواروی وڵات بریتیە لە پێکەوە گرێدانی خەباتی سیاسی و چەکداری، ئەوەش پوختەی تاقیکردنەوەی شۆڕشی ئاب و تاقیکردنەوەکانی بەرگری دژی ئیمپریالیزمی فەرەنسا بوە دژی ئەو "جەنگە تایبەتی" و "جەنگە ناوچەییانە" بەکار ئەهێنرا کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەرپای کردبوو. گەلەکەمان لە خواروی وڵات ئەیزانی چون پەیوەندی پتەوی نێوان خەباتی چەکداری و خەباتی سیاسی سەوگەر بکات و لە پێش دا و لە ساڵی ( ١٩٥٤ ـ ١٩٥٩ )دا دەستی کرد بە خۆپیشاندانی سیاسی و پڕۆپاگەندەی چەکداری، ئینجا دەستی کرد بە سازکردنی ڕاپەڕین و لە ساڵی ١٩٦٠ دا کۆمەڵێك ڕاپەڕینی بەرپا کرد، ئیستاش گەیشتۆتە قۆناغی جەنگی گەلی فراوان. گەلەکەمان لەم بوارەدا توانی شێوازەکانی هێرشی سیاسی و چەکداری بە داهێنەرانە بەکار بهێنێ و شانبەشانی ئەوەش هەڵسا بە پڕۆپاگەندەی فراوان لە نێو ڕیزەکانی هێزی دوژمندا.

هێرش و ڕاپەڕینە یەك لە دوای یەکەکانی خواروی ڤێتنام لە

هەواڵنامەی کتێب

سەرەتای ئەم ساڵەدا ، گەشە کردنێکی نوێ بو لە پەیوەندی نێوان هێزی سیاسی و چەکداری ، خەباتی سیاسی و چەکداری ، هەڵمەتی چەکداری و ڕاپەڕینی جەماوەری شار و دێهاتی شاخی و دەشتیەکان . ئەوانەش هەموو یارمەتی ئەوەیان دا قۆناغێکی نوێ ی خەباتی گەلەکەمان دەست پێ بکات دژی دەستدرێژی ئەمەریکا و بۆ پاراستنی نیشتمان و سۆگەرکردنی هەلومەرجی وەها بۆ دانیشتوانی خوارو کە بتوانن لە سێبەری دا گەورەترین ژمارەی هێزی دوژمن لەناو بەرن ، سوپای بەکرێ گیراوەکان تەفروتونا بکەن ، دەسەڵاتی بەکرێ گیراوەکان بڕوخێنن ، حوکمی ئیمپریالیزمی ئەمریکی دەست درێژکەر لەناوبەرن و ڕێگەی بەدەست هێنانی دەسەڵات لە لایەن گەلەکەمانەوە خۆش بکەن .

ئەمڕۆ گەلەکەمان بۆ سۆگەرکردنی سەرکەوتن بەسەر ئیمپریالیزمی ئەمریکادا ، هەوڵ ئەدات پەیوەندی نێوان خەباتی سیاسی و سەربازی و خەباتی دیبلوماسی سۆگەر بکات ، بو ئەوەش هەلسا بە جێبەجێ کردنی دووکاری بنچینەیی :

یەکەم : پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوی نیشتمانی وەها کە بتوانێ هەمو هێزە سیاسیەکان و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی وەك : سەندیکا و کۆمەڵی جوتیاران و یەکێتی خوێندکاران و ئافرەتان و کۆمەڵە ئاینیە نیشتمان پەروەرەکان کۆبکاتەوە .

دوەم : بیناکردنی هێزێکی چەکداری گەلی پێکهاتوو لە هێزی نیزامی و ناوچەیی ، میلیشیای بەرگری خۆیی ، هێزی پارتیزانی و ئاسایشی چەکدارانەی گەل .

تاقیکردنەوەکانی شۆڕشی ڤیێتنام لە ماوەی چل ساڵ دا ئەوەیان دەرخستووە ، شۆڕشی بە زەبر تاکە ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی نیشتمانی و دیموکراتیەتی گەلی و سۆسیالیزم . شێوەی بنچینەی زەبریش لەو شۆڕشەدا بریتی بو لە پێکەوە گرێدانی خەباتی سیاسی و چەکداری و بەکارهێنانی هەریەکێکیان بەپێی بارودۆخی هەستپێکراوی قۆناغە جیاجیاکان و ناوچە جۆراوجۆرەکان .

جا لێرەدا حیزبەکەمان بۆ چەسپاندنی پێکەوە گرێدانی خەباتی سیاسی و چەکداری و سۆگەر کردنی دەسەڵاتی سیاسی ، بەشێوەیەکی وەستی ڕەفتاری لەگەڵ ئەو دوانەدا نە ئەکرد ، بەڵکو لایەنگیری هێڵی شۆڕشی بە زەبری بیك هاتوو لە خەباتی سیاسی و چەکداری ئەکرد ، ڕوداوەکانی ئەمڕۆش ڕاستی ئەو هێڵە دوپات ئەکەنەوە . ئێمە لەو باوەڕەدا بین لە هەلومەرجی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و بالادەستی عەسکەرتاریادا ، بەکار هێنانی هێڵی گۆڕانکاری ئاشتیانە بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی خەیاڵ پلاوێکی چەوتی ڕیفۆرمیستانەیە .

هەواڵنامەی کتێب

هەروەها لەو بڕوایەداین ئەمڕۆ ئەبێ هەموو شۆڕشێکی جەماوەری ڕەسەن کە هەوڵ ئەدات بۆ دەسەلاتی سیاسی، خەباتی سیاسی ( مانگرتنی سیاسی گشتی ، مانگرتنی خوێندکاری ، مانگرتنی بازاڕەکان ، مانگرتنی کەرتەکانی خزمەت گوزاری ، کۆبونەوە و خۆپیشاندانی سیاسی ) و خەباتی چەکداری پێکەوە گرێ بدات و پێویستە جەنگی گەلی درێژخایان پەیوەندی نێوان خەباتی چەکداری و سیاسی بە هەموو شێوەو جۆرەکانیانەوە مسۆگەر بکات .

شۆڕشی ڤیێتنام لە بواری پێکەوە گرێدانی خەباتی سیاسی و چەکداریدا ئەم شارەزاییانەی بە دەست هێناوە :

١) پێویستە لەقۆناغەکانی شۆڕشدا جەماوەر پەروەردە و گۆش بکرێ و دانی بدرێ خەباتی سیاسی بەهەموو شێوەوجۆرەکانیەوە بەرپا بکات و شان بە شانی ئەوەش دەبێ گەشە بە حیزب بدرێ و ڕێکخراوە سیاسیەکانی جەماوەر فراوان بکرێ ( واتە سوپای سیاسی جەماوەر ، پێك بهێنرێ )ولە دەرفەت و هەلومەرجی لەباردا دەست بکرێ بە دامەزراندنی هێزی چەکداری شۆڕشگێڕی گەل بۆ بەرپاکردنی خەباتی چەکداری . لەم کاتەشدا ڕێکخراوە سیاسیەکانی جەماوەر ئەبنە بنکەی هێزە چەکداریەکانی گەل و ماسی ( واتە هێزی چەکداری گەل ) ئەتوانێ ئەو ئاوە ( واتە ڕێکخراوە سیاسیەکانی جەماوەر ) مسۆگەر بکات کە مەلەی تیاائەکات .

٢) پتەو کردنی پەیوەندی نێوان خەباتی سیاسی و خەباتی چەکداری ، دابین کردنی ئەو پەیوەندیە لەپێش و کات و پاش دەست پێ کردنی چالاکیە چەکداریەکاندا ، مسۆگەر کردنی ئەو پەیوەندیە لە ماوەی جەنگی ڕزگاری و ئەو شۆڕشانەدا کە بۆ بەدەست هێنانی دەسەلات تێ ئەکۆشن . پتەو کردنی پەیوەندی نێوان شار و لادێ و نێوان چالاکی ستراتیجی و تکتیکی لە جەنگی گەلیدا ، بەمەرجێ بالاترین ئاستی ئەو پەیوەندیە لە نێوان هێرشی گشتی و ڕاپەڕینی گشتیدا بسێت .

٣) پێویستە شۆڕشی هەموو گەلێك لە ئەستوی ئەو گەلە خۆیدا بێ و نابێ هیچ گەلێك لە بری گەلێکی تر شۆڕش هەلگیرسێنێ . خەباتی چەکداری هەموو وولاتێکیش کارێکە جەماوەری ئەو گەلە بە سەرکردایەتی حیزبی مارکسی ـ لینینی وولاتەکە ئەنجامی ئەدات . لێرەشدا یارمەتی شۆڕشەکانی تری دنیا بۆ ئەو شۆڕشە مەسەلەیەکی گرنگە ، بەلام ناتوانێ شوێنی خەباتی شۆڕشگێڕی ئەو گەلە بگرێتەوە و ئەبێ ئەو گەلە خۆی کاری شۆڕشگێڕی وولاتەکەی پەرە پێ بدات و تەرازووی تەرەکە بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە .

بەشی دوەم و کۆتایی ئەم بابەتە لە ژمارەی داهاتودا بلاو دەکەینەوە.

★ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کرێکارانی ڤیێتنامی.

پەراوێزەکان :

(١) لە ووتاری سەرۆک هۆشی مینە لە کردنەوەی هەشتەمیـــن کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی دا .
(٢) لە بریارەکانی سێیەمین کۆنگرەی حیزبی کرێکارانی ڤیێتنامی/ سالی ١٩٦٠ .
(٣) لێنین : " دەوڵەت و شۆرش " ، دانراوە گشتیەکان ، بەشی ٢٥، ل ( ٤٣٣ ) .
(٤) لینین : " هەڵبژاردەکان ، بەشی یەکەم / بەرگی ٢ .
(٥) لە بریارەکانی نۆیەمین کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کرێکارانی ڤیێتنامی / سالی ١٩٦٣ .
(٦) هەمان سەرچاوەی پێشو .
(٧) هۆشی مینە :"شۆرشی ئۆکتوبەری مەزن دەرگای رزگاری گەلانی خستە سەر گازی پشت" / ١٩٦٧ .
(٨) هەمان سەرچاوەی پێشو

هەواڵنامەی کتێب

کلاسیکەکانی مارکسیزم

# دانراوی "چی بکەین؟"ی لینین و گرنگی بۆ دامەزراندنی حیزبێکی شێوە نوێ

د. رزگار

هەواڵنامەی کتێب

دانراوی "چی بکەین؟" ی ڤلادیمیر ایلیتش لینین لە مانگی ئازاری سالّی ١٩٠٢ دا بلاوکرایەوە . ئەم نامیلکەیە گرنگیەکی یەکجار مەزنی هەبو بۆ دامەزراندنی حیزبی مارکسی شۆڕشگێڕ لە روسیا ، چونکە لینین تیایدا باسی ئەزمونی دەولەمەندی جولانەوەی کرێکاری و چالاکی مارکسیەکانی کردوە و ئەرکە سیاسیەکانی حیزبی چینی کرێکاری دیاریکردوە ، لە ئەنجامیشدا تیۆری گرنگی داڕشتووە . جگە لەوانەش لینین لەو نامیلکەیەدا ئەو بیروڕایەی گەشە پێ داوە کە حیزبی بەهێزی شۆڕشگێڕ رابەر و رێکخەری جولانەوەی کرێکاری دادەنا .

## ١) هەلومەرجی نوسینی نامیلکەکە :

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ، جولانەوەی رزگاریخوازی مەزنی روسیا بە خێرایی گەشەی دەکرد و ولات رو لە شۆڕشێکی گەلی فراوان بوو . ئەوەش ئەو راستیە دەسەلمێنێ ئەو کاتە روسیا پێی نابووە قۆناغێکی نوێی گەشەکردنی سەرمایەداریەوە ، واتە قۆناغی ئیمپریالیزم و ناکۆکیەکانی کۆمەلّی سەرمایەداری تیایدا گەیشتبووە ئەو پەری توندوتیژی . لێرەدا پێویستە ئەوەمان لە یاد نەچێت کە ئیمپریالیزمی روسی خاسیەتی تایبەتی خۆی هەبوو ، خاسیەتی بنەرەتیش ئەوەبوو ، سەرمایەداری مۆنۆپۆلّی لە هەلومەرجی

پاشماوەی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی دا سەری هەڵدابو و گەشەی دەکرد و بەشێوەیەکی سەرەکی خاوەندێتی زەوی دەرەبەگایەتی و فەرمانڕەوایی ڕەهای قەیسەری تیدابوو • بۆیە لینین ناوی ئەو ئیمپریالیزمەی ڕوسیای نابوو " ئیمپریالیزمی سەربازی دەرەباگەیەتی " •

چینی کرێکار ئەو کاتە لە ژێر باری قورسی سەخترین چەوساندنەوەدا دەی نالاند ، جوتیارەکان لە ژێر فشاری نەبونی زەوی و پاشماوەی پەیوەندیەکانی کۆیلایەتیدا دەژیان ، گەل و نەتەوەکانی ڕوسیا دوچاری چەوساندنەوەی سێلایەنی ڕژیم و دەربەگ و سەرمایەدارەکان ببونە ڕەنجدەرانی وولات بە گشتی بەدەست کنەکردنی بێ شوماری سەرمایەی وولاتە ئەوروپاییەکان و ئەمریکاوە دەیان نالاند •

بۆیە ناکۆکیە چینایەتیەکان ئەو کاتە لە ڕوسیا سروشتێکی توندوتیژ و قوڵی بەخۆوە گرتبو ، شۆڕشێکی گەلی مەزن لە خەملیندا بووە بۆ وەشاندنی زەبری کوشندە لە قەیسەریەت و سەرمایەداری ڕوسیا و لەڕێی ئەوانیشەوە لە ئیمپریالیزمی جیهانی •

لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا تەنگ و چەڵەمەیەکی ئابوری لە جیهاندا سەری هەڵدا و ڕوسیای گرتەوە ، ئەنجامی ئەوە بارودۆخی ڕەنجدەران زیاتر تێکچوو • جوڵانەوەی کرێکاریش گەشەی زۆری کردو ڕێکخراوە سۆسیال دیموکراسیەکان هاتنە ڕیزی پێشەوەی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانەوە •

بە کاریگەری جوڵانەوەی کرێکاری گەشەکردو ، ملیۆنەها جوتیار هاتنە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕیەوە • بۆرجوازی لیبرالیش ئەگەرچی نەی ئەتوانی کاری بڕیاردەر ئەنجام بدات بەڵام دەستی کرد بەجوڵان•

ڕێڕەوی بابەتیانەی گەشەکردنی مێژویی ، پرۆلیتاریای ڕوسیای کردە پێشرەوی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی جیهان • لەم هەلومەرجەدا ، گرنگی دامەزراندنی حیزبێکی کارامە بۆ ڕابەریکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کرێکاران و جوتیاران هاتە گۆڕێ • مەزنی لینین ئەوکاتە لەوەدا بو ئەرکی خەباتی یەکخستنی هێزی پرۆلیتاریا و هێزە شۆڕشگێڕەکانی تری ڕوسیای لەیەك حیزبی شۆڕشگێڕدا گرتە ئەستۆی خۆی •

سۆسیال دیموکراسی ڕوسیا هەتا ئەو کاتە دوو قۆناغی گەشەکردنی بڕیبو • یەکەمیان بۆ ماوەی دە ساڵ درێژەی کێشابوو ، لە ١٨٨٤ەوە هەتا ١٨٩٤ ، ئەمەش لەو کاتەدابوو کە تیۆر و بەرنامەی سۆسیال دیموکراسی سەری هەڵدابوو جێگیر ببوو ، بەڵام سۆسیال دیموکراسی هێشتا خاوەنی جوڵانەوەی کرێکاری نەبوو ، وەك حیزبێکی سیاسیش لەقۆناغی ئاولەمەیی ( جنینی ) دابوو • قۆناغی دوەم ماوەی سێ چوار ساڵ درێژەی کێشا ( ١٨٩٤ - ١٨٩٨ ) و بە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری سۆسیال

دیموکراسی ڕوسیا دادەنرێ. لەم قۆناغەدا بیروباوەڕی مارکسیزم بەسەرکەوتوانە و لەسەر ئاستێکی فراوان بلاوبوەوە و بوە شتێکی باو، لێنین وتەنی دیارترین داواکاری سوسیال دیموکراسیەکان لەو قۆناغەدا دامەزراندنی حیزب بوو.

لە کۆتایی قۆناغی دوەمدا (١٨٩٧) ئاستی فیکری و تیۆری لایەنگیرانی جولانەوەی سۆسیال دیموکراسی هاتە خوارەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو توخمی خۆنەگری ناو ڕوشنبیرە وردە بۆرجوازیەکان هاتبونە ناو ریزەکانی جولانەوەکەوە و ڕاڕایی فیکریان قول کردبوەوە، هەروەها سەرکردەی وەها هاتبونە مەیدانەوە کە نەک هەر توانای ڕێ کردنیان لە گەل پێداویستیەکانی جولانەوەی کرێکاری پەرەسەندودا نەبوو، بەلکو پاشەکشەیان پێ دەکرد. لە دوای یەکەمین کۆنگرەی حیزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراسی روسیا کە سالی ١٨٩٨ بەسترا، قۆناغی دوەمی گەشەکردنی سۆسیال دیموکراسی ڕوسیا جێ گیربوو. لەم سەردەمەدا توێژێك سەرکردە لە مەیدان دا بون تەنیا بە کەلەپوری زانستی مارکسیزم پەروەردەبیبون، ئەوانە تەنیا لە ڕوی تیۆری و پراکتیکیەوە دواکەوتوونەبون، بەلکو بە هەموو جۆرە "بەداهێنەدك" ی دەستیان بکەوتایە، داکۆکیان لە پاشکەوتویی خۆیان دەکرد. لەم ماوەیەدا سوسیال دیموکراسی دابەزیە خوارەوە بۆ ئاستی‌تریدنیونیزم (ئابوریزم).

ئابوریستەکان ئەو کاتە مەترسیەکی تایبەتیات بۆ جولانەوەکە دروست دەکرد، چونکە ئەیان ویست بە هۆی تیۆرەکانیانەوە، ڕۆلی سیاسی سەربەخۆی پرۆلیتاریا و گرنگی حیزبەسیاسیەکەی ڕەت بکەنەوە. ئەوانە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەسەلاتی زۆربەیان لەناو کۆمیتەکانی سۆسیال دیموکراسیدا بەدەست هێنابو. "ئابوریزم" شێوەی ڕوسی هەلپەرستی جیهانی بوو، پێویست بو هێزی سۆسیال دیموکراسیە شۆڕشگێڕەکان بۆ خەبات دژی ئەو هەلپەرستیە کۆبکرێتەوە.

لینین لە سەرەتای نامیلکەی "چی بکەین؟" دا نوسیویەتی، ڕێلی و ڕاڕایی و سەرگەردانی "نیشانەی جیاکەرەوەی قۆناغێکی تەواوی مێژوی سۆسیال دیموکراسی ڕوسیابوو، ناکرێ بێ پاك کردنەوەی تەواوی ئەو قۆناغە هیچ هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بنێین" (١).

لینین خەباتی خۆی دژی ئابوریستەکان لە ڕێگەی وتاری "ناڕەزایی سۆسیال دیموکراتەکانی ڕوسیا" وە دەست پێ کرد، کە سالی ١٨٩٩ وەلامی "بەیاننامەی" ئابوریستەکانی پێ دابوەوە. لە ڕێگای ئایسکراشەوە (بلێسە)، ڕۆژنامەی سیاسی ڕوسیا وهاندەر و

پڕۆپاگەندەکەر و ڕێکخەری بە کۆمەڵ ، پشتگیری ئەو ناڕەزاییەی کرد و لە وتاری "بە چی دەست پێ بکەین؟" دا پلانی دامەزراندنی حیزبی دارشت . لینین دەیویست بە هۆی ئەو خەباتەوە ڕێگ لەو هاوڕێیانە بگرێ کە ئامۆژن بە مارکسیزم و کۆسپ بخاتە ڕێگەی توخمە هەلپەرستەکانەوە و بەڕونی پابەندی مارکسیزم دەست نیشان بکات ، بۆیە نوسیویەتی دەڵێ "پێش ئەوەی یەک گرین ، بۆ ئەوەی یەکگرین دەبێ بەر لە هەموو شتێك سنوری نێوانمان بەبێ سڵ کردنەوە و بەڕون و ئاشکرایی دیاری بکەین "(٢) ..

پێویست بو سەر مارکسیەکان بەر لە هەموو مەسەلەیەك پاشە کشە بە بیروڕا ڕچالاکی دژ بە مارکسیزمی "ئابوریستەکان" بکەن ، چونکە کۆسپی سەرەکی بون لە بەردەمی دامەزراندنی حیزبی مارکسی چینی کرێکار لە ڕوسیا . ئامیلکەی "چی بکەین ؟ "یان ( مەسەلەی پێ گەیشتوەکانی جولانەوەکەمان " ی لینین گەورەترین رۆڵی لەو بوارەدا بینی .

## ٢) ف ١٠ . لینین و دوو ئاقاری سۆسیال دیموکراسی جیهانی و ڕوسی:

ئەو سەردەمە دوو ئاقار لەناو جولانەوەی سوسیال دیموکراسیدا پێك هاتبو ، یەکێکیان ئاقاری شۆڕشگێڕی کۆڵنەدەر بو کە پشتی بە بنچینەکانی مارکسیزم دەبەست ، ئەوی تریان ئاقاری "ڕەخنەگرانە" بو بەرامبەر "مارکسیزمی ئۆزنی دۆگماتیستی" و "دروشمی" سەربەستی ڕەخنەگرتن " یا بلاودەکردەوە . لینین دژی گرنگی پەرەپێدانی داهێنەرانەی مارکسیزم و دەولەمەندکردنی بە ئاییکرنەوەی نوێی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای بەت، ئەستور بە هەلوێستی داهێنەرانەی مارکسیزم دژی دۆگمای مردو تەدەوەستا . بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە خۆراگرانە دژی تەییاری "ڕەخنەگرانە" لە جولانەوەی سۆسیال دیموکراسیدا دەوەستا و پەنجەی بۆ ئەوە ڕادەکیشا مەبەستی ئەو دروشمە لادانی هەلپەرستانەیە لە مارکسیزم و گۆڕینیەتی بۆ کاریکاتور و ڕێ خۆشکەرە بۆ کنەکردنی بیروڕای بۆرجوازیەت . ناوەرۆکی ئاقاری "نوێ" بە چاکی و ڕونی لە لایەن برنشتاینەوە و لە ڕێگەی نامیلکەی ( سەرەتاکانی مارکسیزم و ئەرکانە دیموکراتیەکۆمەلایەتیەکانی) کە سالی ١٨٩٩ بلاوبوەتەوە ، ڕون کراوەتەوە جا لەبەر ئەوەی ئەو بیروڕا "نوێ" بە خۆراکی فیکری "ئابوریستەکان" بوو ، بۆیە پێویست بوو ڕەخنەی لێ بگیرێت و ڕیسوا بکرێت .

لینین لە نامیلکەی "چی بکەین؟" دا ئەوەی دەرخستووە کەمەترسی سیاسی سەرەکی برنشتاین لەوەدا بو، دەی ویست سۆسیال دیموکراسی لە حیزبی شۆرشی کۆمەلایەتیەوە بگۆرێ بۆ حیزبی دیموکراتی بو ریفۆرمی کۆمەلایەتی. برنشتاین بە هۆی بەلگەو بەهانەی "نوێ"وە پشتگیری لە مەبەستەکانی خۆی دەکرد، هەولی دەدا لە ریگەی ئینکار کردنی بێدەرەتانی بێ رادەی کرێکاران و گوزانی رەنجدەران بۆ پرولیتاریا و توندوتیژبونی رادەی ناکۆکیەکانی سەرمایەداریەوە، هەر زانستیەکانی پێویستی مێژویی گوێزانەوە بۆ سۆسیالیزم رەت بکاتەوە. برنشتاین ئەوەی دەربڕی کە "ئامانجی کۆتایی"، واتە بە دەست هێنانی دەسەلاتی سیاسی، هیچ بناغەیەکی نیە، بەوپێیەش بێ هیچ چەندوچونێك بیری مەرجی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای رەت دەکردەوە. برنشتاین هەمیشە ئەوەی دوپات دەکردەوە کە سۆسیالیزم تەنیا لە ریگەی گۆرانکاری ریفۆرمیستانەی پلە بە پلە و لەسەرخۆ و بێ خەباتی چینایەتی دێتە دی. سەرچاوەی ئەو بیروڕایەش لە رەت کردنەوەی تیۆری ململانێی چینایەتیەوە هەلقولاوە کە ئەو بۆ کۆمەلێکی دیموکراتی "رەسەنی" خاوەن دەسەلاتی "زۆربە" بەشتێکی چاکی نە دەزانی. لە نوا ئەنجامیشدا گەیشتە ئەو ئاستەی ناکۆکی مەبدەئیانەی نێوان لیبرالیزم و سۆسیالیزم رەت بکاتەوە.

ئەو بیرو بۆچونانەی سەرەوە نیشانەی ئەوە بوو رەخنەی بورجوازیانە دەستی بە هێرش بردنە سەر بیروڕا بنچینەییەکانی مارکسیزم کردبوو.

لینین لە نامیلکەی دا پەنجە بۆ ئەوە رادەکێشێ کە تیۆریەکانی برنشتاین بێگومان سەرئەنجامی سیاسیشیان دەبێت، و ئەگەر سوسیال دیموکراسی ببێتە حیزبی ریفۆرمی کۆمەلایەتی و هاوکاری نێوان چینەکان لە ئارادابێ، ئەوا سۆسیالیستەکان نەك هەر ئەتوانن لەناو هەموو حکومەتێکی بورجوازی دا بەشداری بکەن، بەلکو ناچار دەبن لەبەر هێنانەدی هاوکاری چاکتر جێبەجێ بکەن. ئەو بیروبۆچونەش لە لایەن میلیرانی سۆسیالیستی فەرەنساوە جێبەجێ کراو سالی ١٨٩٩ چوە ناو حکومەتێکی بۆرجوازی کۆنەپەرستی واوە کە کالیفیەی خوێن رێژی کۆمونەی پاریسی تیادابوو.

ف٠١٠لینین لەو نمونە دیاریکراوانەی برنشتاین و میلیرانەوە ئەوەی هەلهێنجا ئاقاری "نوێ" لە دیموکراتیەتی کۆمەلایەتیدا، لە گەل جیاوازی خاسیەتی نەتەوەیی و هەلومەرجی سیاسی ولاتەکاندا، جۆرێك لە جۆرەکانی هەلپەرستی پێك دەهێنێ.

ئەگەرچی هەلپەرستەکان بە روالەت لەسەر رێکخراوە کرێکاریەکان حساب کرابون، بەلام هێزێکی سیاسی بۆرجوازی و بلاوکەرەوەی

کاریگەری بۆرجوازی بون لە نێو ڕیزەکانی چینی کرێکاردا . لینین دەڵێ : " هەلپەرستی یەکێتی ... ، بەشێك لە کرێکارانە لەگەڵ بۆرجوازیەتدا دژی جەماوەری پرۆلیتاریا " (٣) .

گەشەکردنی هاوچەرخی کۆمەڵ ئەو ڕاستیە سەلمێنراوە دوپات دەکاتەوە کە بۆرجوازیەت بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی ئامادەیە هەندێ پاشەکشەی ڕێژەیی بۆ چینی کرێکار بکات . لێرەشدا هەلپەرستی ، وەك ڕابردوو ، ئامادەیە دەستی یارمەتی بۆ ڕابکێشێ و لایەنە دزێوەکانی سەرمایەداری دا بپۆشێ و ناوی " سەرمایەداری گەلی " وشتی تری لێ بنێ . ریفیزیۆنیزمی هاوچەرخی وەك " برنشتاینیزم " کە داکۆکی لە بیری هاوکاری نێوان چینەکان و ملکەچی کرێکاران بۆ بۆرجوازیەت دەکات ، دیاردەیەکی جیهانیە . هەلپەرستی ، وەك چەکێکی ئایدیۆلۆجی مەترسی تایبەتی خۆی هەیە ، چونکە هەموو دەزگای قەبەی پرۆپاگەندەی ئیمپریالیزمی لەبەر دەستدایە و بەکاری دەهێنێ .

لە ڕوسیا ئەو سەردەمەی ئێمە لێی دەدوێین ئابوریستەکان هەڵگری بیروڕای برنشتاینیە ریفۆرمیستەکان بون ، ڕۆژنامەکەیان ( ڕابۆتشیێ دیلۆ ـ مەسەلەی کرێکار ) کە دروشمی " سەربەستی ڕەخنەگرتن"ی بەرزکردبووەوە و ئەی وت " سەربەستی ڕەخنەگرتن بۆ هێنانەدی یەکگرتنی توند و تۆڵ شتێکی گرنگە " . ئابوریستەکان کە بەرامبەر جولانەوەی خۆڕسکی کرێکاران سەریان شۆڕ دەکرد ، پێڕەوی ئەو فۆرمەی برنشتاینیان دەکرد کە دەڵێ " جولانەوە هەموو شتێکە و ئامانجی دوایی هیچ نیە " ، ئەوەش مانای ئەوە بوو ڕەنجدەران نابێ بیر لە ئامانجی خەباتی سیاسی و بەدەستهێنانی دەسەڵات و بنیاتنانی سۆسیالیزم بکەنەوە ، بەڵکو دەبێ بیر لەوە بکەنەوە ڕۆژی کاری باشتریان هەبێ و هێزی بازویان بەنرخی چاکتر بفرۆشن .

بۆ نمونە " ئابوریستەکان " ی ڕوسیا نوسیویانە جولانەوەی سۆسیالیستی بە هەموو شێوەکانیەوە لەسەر زەمینەی ململانێی پێنایەتی دەوەستێ ، ئەوەش یالێنا بە لینینەوە " بە برنشتانیەکانی ڕوسیا " ناویان بەرێ و ئەو ئەنجامە هەڵهێنجێ کە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی سیاسی هەلپەرستی دنیا یەکە و بەم یان ئەو جۆر و بە پێی خاسیەتی نەتەوەیی سەرهەڵدەدات .

### ٣) ف . ا . لینین و گرنگی تیۆری شۆڕشگێڕی و خۆڕسکی و هوشیاری جولانەوەی کرێکاری :

" ئابوریستەکان " گرنگی تیۆر و ئایدیۆلۆجیای سۆسیالیستیان ڕەت دەکردەوە و دەیان وت " کاری ئێمە جولانەوەی کرێکاری وریێکخراو

کرێکاریەکانە ، ئەمەیە جێی ئێمە و ئەوەی تر تەنیا دەستکردی دوگماتیزم و قەبەکردنی پایەی ئایدیۆلۆجیایە " .

لینین لە خەبات‌دا دژی هەلپەرستی ڕوسیا و جیهان ، ئەوەی سەلماندوە کە تیۆری شۆڕشگێڕی چەکێکی مەزنە و حیزب دەتوانێ بەهۆیەوە لە یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بگات و سەرکردایەتی ڕەنجدەران بکات و بەرەو سەرکەوتن ئاڕاستەیان بکات ، بۆ ئەم کارەش دەبێ حیزب پێشبینی هەبێ .

پێش‌بینی سیاسی بەبێ زانینی یاسا بابەتیەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی مسۆگەر ناکرێ ، ئەو یاسایانەش بەهۆی تیۆریکی زانستی و شۆڕشگێڕی وەك مارکسیزم ـ لینینیزمەوە نەبێ بەدەست نایەت و نادۆزرێتەوە .

لینین ئەوەی دەری خستووە کە دروشمی "سەربەستی ڕەخنەگرتن" مانای گۆڕینی تیۆریك بە تیۆرێکی تر نیە ، بەڵکو مانای ڕزگاربونە لە هەموو تیۆرێکی دوربینی کامڵ . چونکە ئەو گۆڕینە مانای تێکەڵ کردنی میکانیکیانە و نامەبدەئیانەی بیروڕا دژ بەیەکەکانی بواری زانستە ، لە هەمان کاتدا لینین سەرنج بۆ چۆنیەتی دروست بونی ئەو مەسەلەیە ڕادەکێشێ و دەڵێ:شان بەشانی بڵاوبونەوەی مارکسیزم بەشێوەیەکی فراوان ئاستی تیۆر هاتەخوارەوە ، ئەوەش شتێکی ئاساییە ، چونکە جولانەوەکە ژمارەیەکی زۆر مرۆڤی گۆش نەکراو هاتبوە ناویەوە و ئەمانەش کاریان دەکردە سەر ڕێرەوی جولانەوەکە .

لینین لە نامیلکەی "چی بکەین؟ "دا یەکێك لە هەرە گرنگترین تێزەکانی فیکری مارکسیزمی داڕشت ، ئەویش بریتی بو لە ووتەی " هیچ جولانەوەیەکی شۆڕشگێڕی بە بێ تیۆری شۆڕشگێڕی نابێ"(٤). کە گرنگیەکی بڕیاردەری بۆ ئەو خەباتە هەبوو کە چینی کرێکار لە پێناوی سۆسیالیزم دا بەرپای کرابوو. ئەرکی سەرشانی چینی کرێکارە مرۆڤایەتی لە هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی ونەتەوایەتی ڕزگار بکات ، بۆیە دەبێ دەرك بەڕۆڵی خۆی بکات لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا و لە ئامانج و ئەرکەکانی خەباتی خۆی تێ بگات. ئەمەش بەبێ مارکسیزم کە فێرکاریەکی مەزنەوبە تەواوترین و قوڵترین شێوە بەرژەوەندیە بنەڕەتیەکانی پرۆلیتاریا دەردەبڕێ ، نایەتەدی .

هەروەها لینین دەربارەی گرنگی تیۆری شۆڕشگێڕ بۆ حیزبی پرۆلیتاریا نوسیویەتی دەڵێ : " تەنیا ئەو حیزبە دەتوانی بە ڕۆڵی تێکۆشەری پێشڕەو هەڵسێ کە پێڕەوی تیۆرێکی پێشڕەودەکات" (٥).

ئەو تێزەی لینینزم دەربارەی گرنگی تیۆر بە هەموو هێزی خۆیەوە بۆ هەلومەرجی هاوچەرخیش بەکار دێت ، چونکە ئەمڕۆ ڕۆڵی تیۆری

شۆڕشگێڕی و گونجاندنی ڕاستیە گشتیەکانی مارکسیزم - لینینزم لەگەڵ خەباتی پراکتیکی هەستپێکراودا ( کە لە وولاتە جۆرا وجۆرەکان ئەرکی جیاواز دەردەبڕێ ) گرنگیەکی تایبەتی پێویستی هەیە •

لینین پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە ئەنگلز باسی شێوەکانی خەباتی چینایەتی کۆمەڵی بۆرجوازی کردوە و بە سێ شێوەی داناوە خەباتی سیاسی و ئابوری و تیۆری ، ولە ناو ئەوانەشدا گرنگیەکی تایبەتی داوە بە خەباتی سیاسی ، ئەوەش شتێکی سروشتیە ، چونکە بەبێ تەواوکردنی ئەرکە سیاسیەکان و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی ، باری ئابوری ڕەنجدەران بە شێوەیەکی بنەڕەتی ناگۆڕدرێت

ئەمەش مانای ئەوە نیە مارکسیەکان لە بایەخی خەباتی ئابوری کەم دەکەنەوە ، چونکە ئەوانە لەو بڕوایەدان خەباتی سیاسی و تیۆری بێ خەباتی ئابوری،ک ناکۆکی لە پێداویستیە ماددیە ڕاستەوخۆکانی چینی کرێکاردەکات ، بەرپا ناکرێ ، لە هەمان کاتیشدا ناتوانین بەبێ خەباتی ئایدیۆلۆجی ، سەرکەوتن لە خەباتی سیاسی و ئابوریدا بەدەست بهێنین ، چونکە بەهۆی ئەوەوە تێڕوانینی پرۆلیتاریا بۆ جیهان دادەڕێژرێ و پرنسیپەکانی ئامانجی خەبات و چۆنیەتی جێبەجێ کردنیان دیاری دەکرێ •• بۆیە جیاکردنەوەی حیزب بە تیۆری شۆڕشگێڕی مەسەلەیەکی گرنگە بۆ سەرکردایەتی کردنی خەباتی پرۆلیتاریا وگۆشکردنی جوڵانەوەی پرۆلیتاریا بە هوشیاری چینایەتی •

ئەمەش ئەو مەسەلەیەیە کە ( ئابوریستەکان ) بە تەواوی ڕەتیان دەکردەوە و لەوە ئەدوان گوایە لینین تووشی بایەتی یان خۆڕسکی لە گەشە کردن دا بە کەم دەگرت ، بە بیروبۆچونی ئەوان چینی کرێکار دەتوانێ بە خەباتی خۆڕسکی هوشیاری سوسیالیستی بە دەست بهێنێ و پێویست ناکات ئەو هوشیاریە لە دەرەوە بهێنرێ ، چونکە زیان بەخشە • ئەمەش بە ڕونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بنچینەی هەڵپەرستی ئابوریستەکان بریتی بوو لە ملکەچی بۆ خۆڕسکی •

لینین ئەوەی ڕونکردۆتەوە کە مانگرتنەکانی نەوەتەکانی سەدەی رابردو و شێوەی ئاولەمەیی ( جنيني ) هوشیاری بوو ، بەڵام هەر خەباتی سەندیکالی (تریدنیونی) بوو ، هێشتا نەگەیشتبووە ئاستی خەباتی سۆسیال دیموکراسی • بەشداری کەرانی جوڵانەوەی خۆڕسکی کرێکاری تێئەکۆشان بۆ چاك کردنی باری ئابوری لە چوار چێوەی ڕژێمی سەرمایەداری دا و دەرکیان بەوە نەکردبوو نابێ سازش لە نێوان بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خۆیان و بۆرجوازیدا بکەن و نەیان دەزانی هوشیاری چینایەتی ، هوشیاری گرنگی خەباتی شۆڕشگێڕانەیە بۆ ورد وخاش کردنی سەرمایەداری و دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی

پرۆلیتاریایە، وەك ئامرازی بنیات نانی سۆسیالیزم ، هوشیاری حەتمیەتی مێژوویی سەرکەوتنی کۆمۆنیزمە .

هوشیاری لەناو چینی کرێکار خۆیدا بەدی ناکرێ و دەبێ لەدەرەوەی چینەکەوە بۆی بگوێزرێتەوە . مێژوو ئەوەی دەرخستووە کە چینی کرێکار لە هەلومەرجێکی وەهادا دەژی ناتوانێ بە هێزی خودی خۆی بگاتە ئەو ئاستەی بڕوا بەگرنگی کارکردن لەڕێکخراوی کرێکاری دا بهێنێ و خەبات لە دژی خاوەن کارەکان بکات و زۆر بۆ بژێم بهێنێ ئەم یان ئەو یاسای پێویست بۆ کرێکاران دابڕێژێ . ئەمەش دەربارەی خەباتی چینی کرێکاری ڕوسیا ڕاستە ، بەلام " ئابوریستەکان " دەیان ویست چینی کرێکاری ڕوسیا لەو جۆرە بارەدا بهێڵنەوە .

بوونی هوشیاری سۆسیالیستی لەلای کرێکاران لەو قۆناغەدا زەمینەی لەباری نەبوو ، چونکە فێرکاریەکانی سۆسیالیزم زانستێکە لەو تیۆرە فەلسەفی و ئابوری و مێژوویانەوە بەرەی سەندوە کە نوێنەری ڕوناکبیری چینە داراکان ، واتە ڕۆشنبیرەکان ، دایان ڕشتووە . دامەزرێنەرانی سۆسیالیزمی زانستی ، مارکس و ئەنگلز ، لە ڕوی باری کۆمەلایەتیانەوە سەر بە توێژی ڕۆشنبیری بۆرجوازیەت بوون ، لە ڕوسیاش فێرکاریەکانی تیۆری سۆسیال دیموکراسی وەك ئەنجامێکی سروشتی و حەتمی گەشە کردنی بیری ڕۆشنبیرە سۆسیالیزمە شۆڕشگێڕەکان سەری هەلدا . چینی کرێکار بە تەنیا ناتوانێ ئایدیۆلۆجیایەکی سۆسیالیستی بۆ خۆی بهێنێتە گۆڕێ وە ، چونکە ئەو ئایدیۆلۆجیایە بیروڕایەکی زانستیە ولە بواری تیۆری دا دروست دەکرێت ، بۆ نمونە فێرکاریەکانی مارکسیزم دەربارەی ململانێی چینایەتی و شۆڕشی سۆسیالیستی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و گرنگی مێژوویی گوێزانەوەی مرۆڤایەتی بۆ کۆمۆنیزم لە نێو بۆتەی شارەزایی جولانەوەی کرێکاری دا بەگشتی داڕێژران . لە ڕاستیدا تیۆر بەرهەمی شارەزایی جولانەوەی کرێکاری هەموو ولاتەکانە بەگشتی، بۆیە مەحالە تیۆری سۆسیالیزمی زانستی بێ کاری زانستی گەورە و داڕشتنی ڕەخنەگرانەی دەستکەوتەکانی ڕابردوی بیری زانستی بێتە کایەوە . چینی کرێکاریش لەبەر هەلومەرجی کاروژیان لە سێبەری سەرمایەداری دا ناتوانێ بچێتە ناو ئەو مەیدانەی زانستەوە .

ئەو بیروڕایەی لینین دەربارەی بێ توانایی جولانەوەی کرێکاری بو دروست کردنی هوشیاری سوسیالیستی سەربەخۆ بە تەنیا ، مانای ئەوە نیە چینی کرێکار لە توانای دا نیە لە فێرکاریەکانی مارکسیزم بگات ، چونکە کرێکاران نەك هەر وەك کرێکار بەلکو وەك تیۆرستیش

ئەتوانن بەشداری لە داڕشتنی ئایدیۆلۆجیای سۆسیالیزمدا بکەن.

چینی کرێکار بە خۆڕسکیانە بەرەو بیری سۆسیالیزمی زانستی دەچێت، چونکە تیۆرێکە بە قوڵی و ڕاستگۆیانە هۆکانی نەبونی دەست نیشان دەکات و ڕێگای ڕاستی ڕزگاریان نیشان دەدات. هەر لەبەر ئەوەشە کرێکاران دەتوانن بە ئاسانی لە تیۆری سۆسیالیزمی زانستی بگەن. بەلام لەگەڵ ئەو تیۆرەشدا ئایدیۆلۆجیای چینی دەسەلات دار لە کۆمەڵی بۆرجوازیدا هەیە و ئامرازی زۆر و قەبەی بلاوکردنەوەی وەك خوێندگا و کەنیسە و چاپکراوەکان و ئێستگە و تەلەفزیون و شتی تری بە دەستەوەیە، بۆیە چینی کرێکار زۆرجار شان بەشانی نزیك بونەوەی خۆڕسکیانەی لە فێرکاریەکانی مارکسیزم ئایدیۆلۆجیای بۆرجوازیش وەردەگرێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەریەوە. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە ئایدیۆلۆجیای سۆسیالیستی لەکاتی خەباتدا و لە ناو جولانەوەی کرێکاریدا دوچاری ململانێیەکی توندوتیژ دەبێت لەگەڵ ئایدیۆلۆجیای بۆرجوازیدا.

لینین لە ئامیلکەکەیدا ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە لە کۆمەڵگای چینایەتیدا، هیچ ئایدیۆلۆجیایەك لە سەروی چینەکانەوە بونی نابێ، یان ئایدیۆلۆجیای بۆرجوازی یان ئایدیۆلۆجیای سۆسیالیستی لە ئارادا دەبێ و مەحالە ئایدیۆلۆجیایەکی مامناوەندی لەنێوان ئەو دوانەدا هەبێت. بۆیە هەمو کەم کردنەوەیەکی لەنرخ و پایەی ئایدیۆلۆجیای سۆسیالیستی یان دورکەوتنەوە لەو ئایدیۆلۆجیایە تەنیا مانای پتەوکردنی ئایدیۆلۆجیای بۆرجوازیەت دەبێت. لینین دەڵێ: "هەموو سەپۆڕیەك بۆ خۆڕسکی لە جولانەوەی کرێکاریدا و کەم کردنەوەیەك لە ڕۆڵی "توخمی هوشیاری" وسۆسیال دیموکراسی، بە ئارەزو بێ یان زورەملێ، مانای پتەوکردنی کاریگەری ئایدیۆلۆجیای بۆرجوازیەتە لە نێو کریکاراندا" (٦). پەرەسەندنی خۆڕسکیانەی جولانەوەی کرێکاری دەبێتە هۆی ملکەچی بۆ ئایدیۆلۆجیای بورجوازی، جولانەوەی خۆڕسکیانەی کرێکاریش بەرەو سەندیکالیزم (تریدنیونیزم) دەچێ، ئەوەش مانای بەردەوامی چەوساندنەوەی کرێکارانە لەلایەن بۆرجوازیەتەوە.

ئەمڕۆ ئایدیۆلۆجیای بۆرجوازی بە توندی دەچێت بەگژ مارکسیزم لینینزمدا، بۆ ئەوەش هەموو ئامرازەکان، لەوانە لادەری ڕاست و "چەپ" بەکار دەهێنێ. بۆیە پێویستە حیزبە کۆمۆنیستەکان تین بە خەباتی دژی ئایدیۆلۆجیای بۆرجوازی و هەموونیوەکانی تری خەبات بدەن و بیروڕای مارکسیزم لینینزم بە فراوانترین شێوە بلاوبکەنەوە.

ئایدیۆلۆجیای مارکسیزم لینینزم ئایدیۆلۆجیای بالادەستە لە ولاتە سوسیالیستەکاندا. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا تاقیکردنەوەکانی

ڕابردوو فێرمان دەکات ڕێگە نەدەین مەسەلەکانی بواری ئایدیۆلۆجی بەویستی خۆیان ڕوبدەن و نابێ ئەو ئامۆژگاریانەشمان بیر بچێتەوە کە لە نامیلکەکەدا باسکراوە و دەڵێ : " لاوازکردنی کار لە بواری پەروەردەکردنی کۆمۆنیستانەی ڕەنجدەراندا دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی بیر وبۆچونی نامۆ لە سوسیالیزمدا" . ئەمڕۆش کاتێ ئەبینین دەنگی لادەرە ڕاسترەو و" چەپرەوەکان " چۆتە پاڵ ئیمپریالیزم ، خەباتی پەروەردەکردنی جەماوەر ، پەردە هەڵماڵین لەسەر ئەو درۆودەلەسانەی دژی وڵاتە سۆسیالیستەکان بڵاوی دەکەنەوە ، گرنگیەکی تایبەتیان هەیە .

## ٤) ف . ا . لینین و خەباتی سیاسی چینی کرێکار :

جیاوازیەکی قوڵ لە نیوان مارکسیە لینینیەکان و "ئابوریستەکاندا" هەبوو ، لەسەر مەسەلەی ناوەڕۆکی سیاسەت و ڕۆڵی پرۆلیتاریا لە خەباتی سیاسی گشتی دژی قەیسەریەتدا . ئابوریستەکان خەباتی سیاسیان بە شێوەیەکی گشتی ڕەت نە دەکردەوە ، بەڵکو دەیان کرد بە پاشکۆی ئابوری . بەلای ئەوانەوە خەباتی ئابوری فراوانترین شێوەی خەباتی سیاسی حیزبی جەماوەری بوو ، ئەمەش بە تەواوی هەڵە و چەوتە ، چونکە زۆر جار خەباتی ئابوری گرێدراوی سیاسەتی بۆرجوازی و شتی تر دەبێ . ئابوریستەکان دروشمی " دانی سروشتی سیاسی بە خەباتی ئابوری " یان بەرزدەکردەوە ، ئەم دروشمەشتەنیا یەك مانای هەیە ئەویش هێنانە خوارەوەی سیاسەتی کۆمەڵایەتی سۆسیال دیموکراسیە بۆ ئاستی سەندیکالیزم ( تریدنیونیزم ) ، چونکە خەباتی ئابوری لە بنچینەدا خەباتێکی سەندیکالیە ، خەباتە لە پێناوی ڕیفۆرمی ئابوریدا . بۆیە دروشمەکەی " ئابوریستەکان " دەربری ویستی خەبات بەرپاکردن بوو لە پێناوی سەربەستی مانگرتن و چاك کردنی هەلومەرجی کارو شتی تردا ، بە مەرجێ ئەو دەستەکەوتانە شێوەیەکی یاسایی بە خۆوە بگرێت . بەو جۆرە ئەو دروشمە دەستکاری بنچینەکانی سەرمایەداری نەدەکرد ، چونکە پرۆلیتاریا لە سێبەری ئەو جۆرە دروشمانەدا دەسەلاتی سیاسی بەدەست نەدەهێنا . خەباتکردن بە تەنیا لە پێناوی دەستکەوتی ئابوریدا مانای هێشتنەوەی کرێکارانە لەژێر کۆیلایەتی بۆرجوازیەتدا .

سەرباری ئەوەی ، ئابوریستەکان پرۆپاگەندەیان بۆ تیۆری هەلپەرستانەی " قۆناغەکان " دەکرد کە باس لەوەوە دەکات چینی کرێکار

لە خەباتی خۆیدا سەرەتا داوای سەربەستی مانگرتن دەکات ، ئینجا سەربەستی سەندیکاکان ، لە دوایشدا داوای سەربەستی سیاسی تەواو دەکات . ئەو تیئورە لە ناوەڕۆکدا خۆرسکیانەبوو ، دەی ویست چینی کرێکار وەها تێبگەیەنێ خۆ بەخۆ و پلە بە پلە دەگاتە سۆسیالیزم، و پێویست ناکات ئەمڕۆ دەست بداتە خەباتی سیاسی . لینین وتەنی ، ئابووریستەکان دەیان ویست لە ڕێگەی فۆرمی: "ویستراو خەباتی گونجاوە ، خەباتی گونجاویش ئەو خەباتەیە لە کاتی دیاریکراودا بەرپا دەکرێت" ەوە پڕوپاگەندە بۆ ئەو "ئاقارەی هەڵپەرستی بکەن کە بێ سنورە و لەگەڵ ئاقاری خۆرسکی دا دەسازێ"(٧) .

لینین دەی ووت ، چارەسەرکردنی ئەرکی بنچینەیی ، واتە ڕوخاندنی ڕژێمی حوکمی ڕەها ، پێویستی بە پەروەردەکردنی سیاسی چینی کرێکار هەیە ، ئەمەش پڕوپاگەندەی سیاسی دژی حوکمی ڕەهای گەرەکە . پەروەردەکردنی سیاسی کرێکاران مانای گۆش کردنیانە بە هوشیاری سازش نە کردن لە نێوان بەرژەوەندیەکانی خۆیان و بۆرجوازیەتدا ، هوشیاری ئامادەیی خەباتە بۆ وردوخاش کردنی حوکمی ڕەهای قەیسەریەت و ستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی پرۆلیتاریا و جێگیرکردنی خاوەندێتی کۆمەڵایەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان . چونکە بە بێ پەروەردەکردنی سیاسی پرۆلیتاریا لە لایەن حیزبەوە،سەرکردایەتی پرۆلیتاریا بۆ شۆڕش و هاوپەیمانی لەگەڵ جوتیاراندا و ڕابەری کردنی خەباتی ڕەنجدەران مسۆگەر نابێ، ئەمەش هەر لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا دێتەدی .

لینین پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکیشاوە کە کرێکاران دەبێ هوشیاری چینایەتی سیاسی بەدەست بهێنن ، ئەو هوشیاریەش "تەنیا لە دەرەوە، واتە لەدەرەوەی خەباتی ئابوری و مەیدانی زۆرانبازی نێوان کرێکاران و دەسەلاتدارانەوە دێت . تاکە مەیدانێکیش ئەو هوشیاریەی تیا بەدەست بێت ، مەیدانی هەڵوێست وەرگرتنی گشت چین و توێژەکانە بەرامبەر دەوڵەت و حکومەت ، مەیدانی پەیوەندی نێوان هەموو چینەکانە "(٨) . بۆ ئەوەی سۆسیال دیموکراسیەکان بتوانن هوشیاری بگوێزنەوە بۆ کرێکاران دەبێ وەك تیۆریست وپڕوپاگەندەکەر و هاندەر و ڕێکخەر تێکەل بە هەموو توێژەکانی دانیشتوان ببن .

هەر لەبەر ئەوەش بە تایبەتی ، نابێ سەرکردەکانی سۆسیال دیموکراسی ببنە سکرتێری تریدنیونەکان ( سەندیکاکان ) ، چونکە قایل بونیان بەو پایەیە تەنیا یارمەتیەوەیان ئەدات "خەباتی ئابوری دژی خاوەن کارەکانی ڕژێم بەرپا بکەن" . بەڵکو پێویستە ئەو سەرکردانە ببنە تریبیۆنێکی گەلی و بتوانن بەرامبەر هەموو جۆرە

دیاردەیەکی ستەم و چەوساندنەوە بوەستن لە هەرجێ یەك بێ و هەر چینێك و توێژێکیش بگرێتەوە • لە هەمان کاتدا بتوانن ئەودیاردانە لە یەك فۆرمدا دابڕێژن و چین و توێژەکان بۆ خەبات دژی چەوساندنەوە ساز و ئامادە بکەن و گرنگی مێژوویی خەباتی ڕزگاریخوازانەی پرۆلیتاریا بۆ هەموو کەسێك ڕون بکەنەوە •

لینین توانی لەناو گێژاوی ئەو بیروڕایانەدا پەیوەندی نێوان خەباتی لە پێناوی دیموکراتیەت و خەبات لە پێناو سۆسیالیزمدا دیاری بکات • شتێکی ئاساییە دەبێ کۆمونیستەکان داکۆکی لە هەمو جولانەوەیەکی شۆڕشگێری بکەن ، و شانبەشانی خەبات بۆهێنانەدی ئامانجە دیموکراتیەکان بیروڕاکانی خۆشیان دەربارەی سۆسیالیزم نەشارنەوە و بەراشکاوی دەری بڕن •

هەروەها لینین لە دانراوەکەی خۆیدا مەسەلەی ڕۆڵی پێشڕەوانەی چینی کرێکاری ڕون کردۆتەوە و پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە مەسەلەکە تەنیا ناو لە خۆنانی پێشڕەو نیە ، بەڵکو کارکردنە بەو جۆرەی هەموو لایەنەکانی تر دان بەوە دابنێن ئەو کرێکارانەی لە لایەن سۆسیال دیموکراتەکانەوە ڕابەری دەکرێن لە ڕیزی پێشەوەی خەباتڕێکەن• ئەوەشی دەربڕیوە کە ئەو کەسانەی مل دەکەنەوە باز بەسەر هۆشیاری خۆڕسکی دا بدەن ، نا توانن بە ڕۆڵی پێشڕەوایەتی هەڵسن •

لینین ئەوەی ڕون کردۆتەوە کە لەنێو چینە جیا جیاکانی دانیشتوانیدا زەمینەی چالاکی نواندن لە بارە ، چونکە چینی کرێکار لە وڵاتە سەرمایەداریەکاندا هەمیشە بێزاری خۆی دەربڕیوە و ئاگادار بووە لە بێ توانایی حوکمی ڕەها و بۆرجوازی مۆنۆپۆلی و دڵنیا بووە لە حەتمیەتی ڕوخانی دەسەڵاتی چەوساندنەوە • سەرەڕای ئەوەش ناتوانین ئەوە پشتگوێ بخەین کە لەنێو چینەکانی دانیشتواندا خەڵك و کۆڕ و تەڵقەی بێزار و بێ ماف و چەوساوە هەیە ، ئەمانەش ئەتوانن کۆمۆنیزم وەرگرن چونکە دەربڕی پێگەیشتوترین پێداویستیە دیموکراتیە گشتیەکانە •

کاتێ لینین وەك تێکۆشەرێکی پێشڕەو لەپێناو سەربەستیە دیموکراتیەکاندا تێ دەکۆشا و باسی ڕۆڵی سۆسیال دیموکراسیەکانی لە هێنانەدی ئەو مەسەلەیەدا دەکرد ، بایەخی تایبەتیشی بە مەسەلەی سەربەخۆیی فیکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی پرۆلیتاریا و حیزبەکەی دەدا • بیروبۆچونی لینینزم دەربارەی پرۆلیتاریا وەك سەرکردەی خەباتی ڕەنجبەران بۆ هێنانەدی دیموکراتیەت و سۆسیالیزم ، لەواقیعدا ئاڕاستەی ئەو جۆرە بیرو بۆچونە چەوتانە کرابو کە لەشۆڕشی

پرۆلیتاری ڕوت و دژایەتی کردنی بەشی زۆری وردە بۆرژوازی وجوتیاران و ڕۆشنبیران دەدوا .

## ٥) ف . ا . لینین و حیزبێکی شێوە نوێ :

لینین لە کاتی دانانی بناغەی ئەرکە سیاسیەکانی چینی کرێکاردا ، ئەوەی ئاشکرا کرد کە سۆسیال دیموکراتەکان نابێ بە خۆیان بڵێن پێشڕەو و دەستەی پێشکەوتوو ، بەڵکو دەبێ بەو جۆرە کاربکەن هەموو لایەك دان بەوەدا بنێن ئەوان پێشڕەون و لە ڕیزی پێشەوە ڕێ دەکەن . مەسەلەی پێشڕەوایەتیش تەنیا بە حیزبێکی شێوە نوێ و جیاواز لە حیزبەکانی ئینتەرناسیونالی دوەم مسۆگەر دەکرێت . "ئابوریستەکان" بەم جۆرە بیریان نەدەکردەوە ، بەڵکو لە بواری ڕێکخراوییدا سەریان بۆ خۆڕسکی شۆڕدەکرد و جگە لەوەی دژی پارچە پارچە کردنی ڕێکخستنە دەوەستان ، بەهانەشیان بۆ بنچینە تیۆریەکانی پارچە پارچە کردن دەهێنایەوە . تیۆری "خۆڕسکی" لە بواری ڕێکخراوەییدا مانای ئینکار کردنی گرنگی حیزبی ناوەندی پرۆلیتاریایە ، مانای چەسپاندنی پرش و بڵاوی و سەرگەردانی و پیشەگەریە ، واتە مانای شێوەی کاری نەخەملێوی حیزبە .

لینین سەرچاوەی ئەو بیرو بۆچونانەی ئابوریستەکانی لەبواری ڕێکخراوەیی ڕون کردۆتەوە کە دەڵێ "بۆ خەباتی ئابوری دژی خاوەن کارەکان و ڕژێم ، ڕێکخراوی ناوەندی بۆ یەکخستنی هەموو دیاردەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و بێزاری و ناڕەزایی پێویست نیە ، و پێویستیش ناکات ئەو ڕێکخراوە لەو جۆرە مرۆڤانە پێك بێت کە پیشەیان شۆڕشگێڕیەتەو ڕابەری سیاسی ڕاستەقینەی خەڵکن" ولە نامیلکەکەیدا ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە "سروشتی ڕێکخستنی هەموو دامەزراوێك بە پێی سروشت و ناوەڕۆکی چالاکی ئەو دامەزراوە دیاری دەکرێت" (٩) بەو پێیەش بونی بیروڕای بەو جۆرەی دەربارەی حیزب لای "ئابوریستەکان" شتێکی ئاسایی و سروشتیە . لینین بۆ بەرپەرچ دانەوەی سوربونی "ئابوریستەکان" لەسەر بێ بایەخی شۆڕشی سیاسی ، داوای دامەزراندنی ڕێکخراوێکی پۆڵایینی شۆڕشگێڕەکانی کرد و ئەوەی دوپات کردەوە کە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی وەها کەبتوانێ بەردەوامی و خۆڕاگری خەباتی سیاسی مسۆگەر بکات ، گرنگترین و یەکەمین ئەرکی سەرشانی سۆسیال دیموکراتەکانە .

لینین بە پێی ئەرکەکانی ئەو سەردەمە مەسەلەی گرنگی دامەزراندنی ڕێکخراوی ناوەندی پتەو و تێکۆشەری شۆڕشگێڕەکانی ڕون کردەوە • ئەوەشی دەرخست کە ئەو جۆرە ڕێکخراوە هەلومەرجی ڕۆژگاری خەبات سەپاندویەتی ، چونکە خەبات دژی پۆلیسی سیاسی پێویستی بە جۆرێکی تایبەتی شۆڕشگێڕ هەبوو ، ئەوانەی گەرەکبوو کە بەپیشە شۆڕشگێڕ بون • خەبات ، بەتایبەتی ئەوجۆرەی کە جەماوەر بە خۆڕسکیانە لەدەوری کۆئەبنەوە ، پێویستی بە جۆرە کەسێک هەیە کە خەباتی شۆڕشگێڕی پیشەیان بێ و بەپێی دەستور وپرنسیپەکانی هونەری سیاسی ڕێکخرابێ • هەر لەبەر ئەم هۆیەش بو لینین دروشمی " ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕەکانمان بدەنێ ، ئەوسا ئە ڕوسیا قلپ دەکەینەوە " (١٠) ی بەرزکردەوە • ئەوەش پێداویستیەکی بابەتی و مێژو کردبوو ، چونکە چینی کرێکار ڕوبەڕوی دەوڵەتێکی چەوسێنەری وەها ببوەوە کە خاوەنی دامودەزگای چەوساندنەوەی مەزنی وەك پۆلیس و سوپا و ئەوانەی تربوو ، دامودەزگای چەوساندنەوە دەرونی و گیانی وەك کەنیسە و خوێندگاشی بەکار دەهێنا •

لینین ئەوەی دروشتوە خەباتی سیاسی لە خەباتی ئابوری فراوانتر و هەمەلایەنتر و ئالۆزترە ، بۆیە پێویستە ڕێکخستنی حیزبی سۆسیال دیموکراسیش جۆرێکی تایبەتی ڕێکخستنی کرێکاران بێت • ڕێکخراوی کرێکاران دەبێ : یەکەم / سەندیکالی بێ ، دوەم / هەتادەکرێ فراوان بێ ، سێیەم / کەمتر نهێنی بێ • بەلام ڕێکخراوی شۆڕشگێڕەکان بە پێچەوانەی ئەوەوە دەبێ لە بنچینەدا لەو خەڵکانە پێك هاتبێ کە خەباتی شۆڕشگێڕی پیشەیانە ، ژمارەی کەمتر بێ و زیاتر نهێنی بێ •

لینین دەڵێ ، بۆ ئەوەی حیزب بتوانێ بە ڕۆلی پێشڕەوی چینی کرێکار هەلسێ ، دەبێ جولانەوەی خۆڕسکیانە بو ئاستی خەباتی جینایەتی بەرزبکاتەوە و وەك ڕێکخراوێکی تێکۆشەری ناوەندی و پولایین دابمەزرێ و ناوکی ڕابەریکەری لەو کەسانە پێك بهێنێ کە شۆڕشگێڕی پیشەیانە ، هەروەها لینین بۆ بنیاتنانی حیزب بایەخێکی تایبەتی بەوە دەدا کارگەکان بە ئەندامی حیزبی موتوربە بکرێن ، چونکە هەر ئەو جۆرە حیزبە دەتوانی جەماوەری فراوانی کرێکارانوتوخمە پێشکەوتوەکانی ترێژە کومەلایەتیەکانی تریپێکبخات وئەرکی سەرکردایەتی جولانەوەی شۆڕشگێڕی گشت گەل بگرێتە ئەستۆی خۆی ، کە خاوەنی ڕێکخراوی وەها بی بتوانێ ناوچەکان پێکەوە ببەستێ و ناوکی پولایینی بەو جۆرەی هەبێ بە کارامەیی ڕابەری جولانەوەکە بکات •

لینین پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە تاقە ئامراز بۆ پەروەردەکردنی سیاسی ڕێك و پێکی پتەو، بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکی وەك " ئایسکراتیە

(بلێسە) بۆ گشت ڕوسیا و ئەمەی بە کۆڵەکەی بنچینەیی بنیات نانی حیزب دادەنا ∘ بۆ ئەمەش نوسیویەتی " ئەو ڕێکخراوەی خۆبەخۆ لە چوار دەوری ڕۆژنامەکە کۆدەبێتەوە ، واتە ڕێکخراوی لایەنگیران و گشت ئەو هەڵکانەی کاری بۆ دەکەن ، بە تەواوی ئامادەی هەموو شتێکە ، هەر لە پاراستنی شەرەف و پایە و بەردەوامی حیزبەوە لە سەردەمی نالەبارترین " چەوساندنەوەی " شۆڕشگێڕیدا هەتا دەگاتە سازکردن و دیاریکردنی ڕاپەڕینی چەکدارانە و بە ئەنجام گەیاندنی " (٦١) ∘

" ئایسکرا " توانی ئەو بیروڕایەی لینینیزم بچەسپێنێ کە دەڵێ ڕۆژنامە هاندەر و بزوێنەر و ڕێکخەرو پڕوپاگەندەکەری بەکۆمەڵە ، چونکە توانیبوی هەڵسێ بە بڵاوکردنەوەی بیروڕای مارکسیزم و پاراستنی پاکی بنچینەکانی ∘ وەک بزوێنەری بە کۆمەڵیش توانیبوی ببێتە تریبۆنێک بۆ ڕیسواکردنی سیاسەتی ڕژێمی حوکمی ڕەها و چەوساندنەوەی سەرمایەداری و زەمینەی خەملینی هوشیاری چینایەتی پرۆلیتاریای خۆشکرد ، هەروەها ڕۆژنامەکە ڕێکخەرێکی جەماوەریش بو ، چونکە لەڕێگەی تۆڕێکی فراوانی پەیامنێرەوە کە بەشێوەی جۆراوجۆر چالاکی دەنواند و ڕۆژنامەکەی بڵاو دەکردەوە و توانی پەیوەندی لەگەڵ کۆمیتەی و کۆمەڵە سۆشیال دیموکراسیەکانی ڕوسیادا دروست بکات ∘ بەڕاستی (ئایسکرا) ئەو چەکە سیاسیە ـ فیکریە کاریگەرە بوو کە توانی مارکسیە شۆڕشگێڕە خۆڕاگرەکان لە حیزبێکی شۆڕشگێڕدا یەک بخات ∘

لەو باسانەی سەرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە لینین دەیویست حیزبێکی مارکسی تێکۆشەر بۆ چینی کرێکاری ڕوسیا دابمەزرێنێ ، حیزبێک بتوانێ سوپای سیاسی پرۆلیتاریا کۆبکاتەوە و ڕێک بخات و گوش بکات و لە کاتی گونجاودا بۆ هێرش بردنە سەر حوکمی ڕەها سازیان بکات ∘ ئەو حیزبەش دەبێ حیزبێکی شێوە نوێ بێ و وەک حیزبەکانی ئینتەرناسیونالی دوەم خۆی لە چوارچێوەی خەباتی پەرلەمانیدا نە هێڵێتەوە ، بەڵکو هەموو جۆرەکانی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا بە کار بهێنێ و خەباتی سیاسیش بە بنچینەی هەموویان دابنێ و ئامادە بێ لەکاتی گونجاودا هێرش بەرێتە سەر حوکمی ڕەها ∘

## ٦) گرنگی نامیلکەی " چی بکەین ؟ " ی لینین :

نامیلکەی " چی بکەین ؟ " گرنگیەکی مێژوویی و سیاسیی هەبوو ∘ زەبری کوشندەی لە جوورەجیاوازەکانی هەلپەرستی جیهان و بەکەمین

جۆری هەلپەرستی جولانەوەی سۆسیال دیموکراسی روسیا " واتە ئابوریستەکان " وەشاند . لینین پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە هەلپەرستی لەگەڵ جیاوازی خاسیەتە نەتەوەییەکانی دا ، دیاردەیەکی جیهانییە و ئامانجی گۆڕینی حیزبی چینی کرێکارە ، لە حیزبی شۆڕشی کۆمەلایەتییەوە بۆ حیزبی ریفۆرمی کۆمەلایەتی .

لینین توانی شان بە شانی گەشەپێدانی بیروباوەڕی مارکس و ئەنگلز دەربارەی حیزب ، پرنسیپە تیۆریەکانی حیزبی شێوە نوێش دابڕێژێ و ئەوەی دەرخست کە یەکێتی تیۆر و پراکتیك و بوونی سەرکردایەتی پرۆلیتاریا بۆ سەقامگیرکردنی خەباتی چینایەتی و شۆڕش پرنسیپێکی بنچینەیی ئەو شێوە حیزبەیە . بیروباوەڕی ناملیکەکەشی لەبنچینەدا لە وەدا پوختە دەکرێتەوە کە دەبێ حیزبی چینی کرێکار حیزبی شۆڕشی کۆمەلایەتی و دیکتاتوریەتی پرولیتاریا بێت .

هەروەها لینین پرنسیپەکانی ، ئەو تێزە بنچینەییەی مارکسیزمی داڕشت کە دەڵێ : حیزب بریتییە لە یەکگرتنی جولانەوەی کرێکاری و سۆسیالیزمی زانستی ، و گرنگی تیۆری مارکسیزمی بۆ جولانەوەی کرێکاری و بالاکی حیزب دەرخست و ئەوەی سەلماند کە سەرچاوە فێکریەکانی هەلپەرستی لە بنەڕەتدا سەرداندنەوا ندنە بۆ خۆڕسکی لە جولانەوەی کرێکاری دا .

هەروەها ناملیکەکە توانی لەسەر بنچینەی بەرنامەی سیاسی ئاشکرای لینینیزم هەموو هێزە ڕاست و دروستەکانی سۆسیال دیموکراسی ڕوسیا یەك بخات . ئەوەش زەمینەی بۆ بەستنی دوەمین کۆنگرەی حیزبی سۆسیال دیموکراسی ڕوسیا سازکرد کە لەساڵی ۱۹۰۳ دا بەسترا .

ناملیکەی " چی بکەین ؟ " گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ حیزبە کۆمۆنیستی و کرێکاریەکانی ئەم سەردەمە و خەباتکردن دژی ئایدیۆلۆجیای بۆرجوازی و ریڤیژینیزم و دۆگماتیزم و پاراستنی پاکی مارکسیزم لینینیزم . بیروڕا پەرەپێدراوەکانی ناملیکەکە ئەوە دەسەپێنێ بە سەرماندا هەمیشە هێرشی توندوتیژ بکەینە سەر خۆڕسکی لە جولانەوەی کرێکاری دا و ڕەنجدەران بە گیانی خەباتی شۆڕشگێڕی دژی سیاسەتی ئیمپریالیزم پەروەردەبکەین .


پەراوێزەکان

---

۱) ف . ا . لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی (٥) ، ل٣٦٣ .
۲) ف . ا . لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی (٤) ، ل ٣٦٣ .
۳) ف . ا . لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی (٢١) ، ل٢٣٦ .

هەواڵنامەی کتێب

٤) ف٠ا٠لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی (٥) ، ل ٣٨٤ ٠
٥) ف٠ا٠لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی (٥) ، ل ٣٨٥ ٠
٦) ف٠ا٠لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی (٥) ، ل ٣٩٧ ٠
٧) ف٠ا٠لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی (٥) ، ل ٤٠٧ ٠
٨) ف٠ا٠لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی (٥) ، ل ٤٤٠ ٠
٩) ف٠ا٠لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی (٥) ، ل ٤٦١ ٠
١٠) ف٠ا٠لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی (٥) ، ل ٤٩٨ ٠
١١) ف٠ا٠لینین ـ دانراوە گشتیەکان ، بەرگی (٥) ، ل ٥٤٠ ـ ٥٤١ ٠



یادی ( ١١٧ ) ساڵەی
لەدایك بونی
لینینی مەزن

پاشکۆی ژمارە ٢ ی یەکگرتن مان تەرخان کردوە بۆ یادی ( ١١٧ ) ساڵەی لەدایك بونی لینینی مەزن ، بۆیە هیوادارین هەموو مرۆڤە مارکسیەکانی گەلەکەمان لەرێگەی بابەتی سیاسی و رێکخراوەیی و ئەدەبی و هونەریەوە بەشداری لەو یادە پیرۆزەدا بکەن و هەتا سەرەتای مانگی شوباتی ١٩٨٧ لەسەر ناونیشانی یەکگرتن بۆمانی رەوانە بکەن ٠

هەواڵنامەی کتێب

**فەلسەفە**

# ڕێنیشاندەری خوێنەر بۆ دیراسەکردنی فەلسەفەی مارکسیزم

ئامادەکردن و وەرگێڕانی : ب ئەنجام

پێویستە لە سەرەتای ئەم باسەدا ئەوە دوپات بکەینەوە ، یەکێك لەڕاستیە گەورەکانی بەرهەمی گەشەکردنی کۆمەلایەتی و مێژویی ئەم سەدەیەی دوایی ئەوەیە کە تیئوری مارکسیزم ـ لینینزم ، وەك تیئوری چینی کرێکار و حیزبە سیاسیەکەی و تێکۆشەر لە پێناوی بیناکردنی کۆمەلگای بێ ناکۆکی چینایەتی و نەتەوایەتی و ڕەگەزی و دامەزراو لەسەر بنچینەی یەکسانی و برایەتی بواری وەك یەك ، ڕاستی و دروستی سەلماوە . لێرەشدا پێویست بەوە ناکات زۆر لەسەر باسکردنی گرنگی مارکسیزم ـ لینینیزم بڕۆین ، چونکە بیروراکانی ئەو تیئۆرە ئەمڕۆ بۆتە واقیعێکی زیندوی هەستپێکراو ، بێ لەو گەشەکردنە بێ شومارەدا کە سیستەمی سۆسیالستی جیهانی بەدەستی هێناوە ، یان ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی جولانەوەی شۆڕشگێڕی وولاتە جۆراو جۆرەکانی جیهان لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و پاشکەوتن و چەوساندنەوەی چینایەتی دا بەدەستیان هێناوە . بەلام لەگەل ئەوەش دا پێویستە پەنجە بۆ گرنگی ئەو پایەیە ڕابکێشین کە فەلسەفەی مارکسیزم ـ لینینیزم لەناو تیئۆری مارکسیزم ـ لینینیزم دا هەیەتی و سەرنجیش بۆ ئەو ڕێ نیشاندەرە تیئۆری و پراکتیکیانە ڕابکێشین کە بۆ دیراسەکردن و تێ گەیشتنی بیروبۆچونە فەلسەفیەکانی مارکسیزم ـ لینینزم لەلایەن خەباتکەرە شۆڕشگێڕەکانەوە گرنگە . تیئوری مارکسیزم ـ لینینزم تەنیا تیئۆرێکی ئابوری و سیاسی نیە ، بەلکو

لەهەمان کاتیشدا تێڕوانینە بۆ جیهان وە مرۆڤ بە دەستوورێ تایبەتی ڕەفتارکردن گوزر دەکات • لینین لە دانراوەکانی خۆی دا سێ پێکهاتوەکەو تیۆری مارکسیزمی دیاریکردوەو بەم سیانەی داناوە : ئابووری سیاسی ، فەلسەفەی مارکسیزم ، سۆسیالیزمی زانستی ( واتە ئێرکاریەکانی سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی کۆمەلایەتی و ملمانێی چینایەتی ) • بێگومان ئەم سێ پێکهاتووە سەربەخۆ و لەیەک دابڕاونین ، بەلکو لەگەل یەک دا تەبان و یەکێتیەکی دیالەکتیکیانەی تۆل پێکەوە دەیان بەستێ •

گرنگی فەلسەفەی مارکسیزم ( واتە مەتریالیزمی دیالەکتیک و مەتریالیزمی مێژوو ) لەوەدایە حیزب و خەباتکەری شۆڕشگێڕ بەو تێڕوانینە گشتیانە گوزر دەکات ، کە بە هۆیەوە لە جیهان دەگەن و بۆ گۆڕینی هەول دەدەن و ئامانج و ئامرازەکانی خەباتی پێ دیاری دەکەن • بەواتایەکی تر ، فەلسەفەی مارکسیزم یارمەتی حیزب دەدات ، کار بۆ هوشیارکردنەوە و ڕێکخستنی جەماوەری گەل بکات و لە شەڕە چینایەتی و نیشتمانیەکاندا ڕابەرایەتیان بکات ، و لە هەموو قۆناغێکی خەبات لە پێناوی سەرکەوتنی شۆڕشیش دا سەر ئەنجامی پێویست بەدەست بهێنێ •

ئەم بابەتەش بەشداریەکی بچووکە بۆ چەکدارکردنی جەماوەری گەل بەو تێ گەیشتنە زانستیە شۆڕشگێڕەی بۆ سەرکەوتنی خەباتی ڕەواو دلێرانە لە پێناوی ڕزگاری نیشتمانی و پێشکەوتنی کۆمەلایەتیدا ، گرنگە • لێرەشدا پێویستە ئەوە بلێم ، کە لەداڕشتن و ئامادەکردنی ئەم بابەتەدا ، پشتم بە ژمارەیەک بەرنامەی دیراسەکردنی فەلسەفەی مارکسیزمی زانکۆکانی تیشکوسلوڤاکیا و هەندێ دیراسەی فەلسەفی بە زمانی ئینگلیزی بەستووە و بەشێوەیەکیش سازم کردون کە بە یارمەتی ئەو دانراوە فەلسەفیە بنچینەییانەی مارکس وئەنگلز و لینین ئەو پرنسیپە گشتی و بنچینەییانە دیاری بکەم کە بۆ تێگەیشتنی بیروبۆچونە سەرەکیەکانی مەتریالیزمی دیالەکتیک و مەتریالیزمی مێژوو گرنگن ، هیوادارم سودبەخش بێت •

## ناوەڕۆک

بەرنامەی فەلسەفەی مارکسیزم ـ لینینزم ( مەتریالیزمی دیالەکتیک و مەتریالیزمی مێژوو ) دەکرێت بەسێ بەشەوە : بەشی یەکەم بەشێوەیەکی گشتی چارەسەری مەسەلە فەلسەفیەکان دەکات و هەلو مەرجی سەرهەلدانی مارکسیزم دیاری دەکات و دەستنیشانی ئەو

گۆڕانکاریە شۆڕشگێڕیە دەکات کە لە فەلسەفەدا هێناویەتە گۆڕێوە ، بەشی دووەم باسی بابەتەکانی مەتریالیزمی دیالەکتیک دەکات و بەشی سێیەمیش لە بابەتەکانی مەتریالیزمی مێژوو دەدوێ٭.

ئەم بەرنامەیە بە هەرسێ بەشە دیاریکراوەکەیەوە ، باسی ژمارەیەك بابەتی بنچینەیی دەکات ، ئەو بابەتانەش ناوەرۆك وگیانی فەلسەفەی مارکسیزم لینینزم و ڕەنگدانەوەی لەسەر سروشت و کۆمەڵ و بیری مرۆڤایەتی پێك دەهێنن . مەبەستیش لە دیاریکردنی ئەم بابەتانە ئەوەیە یارمەتی خوێنەر بدەم بە شێوەیەکی ڕێك وپێك و لۆجیکی و مەنهەجی دیراسەی مارکسیزم ـ لینینیزم بکات و بەشێوەیەکی کاریگەرانەی بەرهەمدار سود لە دانراوەکانی مارکس و ئەنگلز و لینین وەربگرێ٭.

## بەشی یەکەم

## مەسەلە گشتیەکانی فەلسەفە

بابەتی یەکەم : مەسەلە گشتیەکانی فەلسەفە /

١/ فەلسەفە و تێڕوانین بۆ دنیا ٢٥/ گرنگی فەلسەفەی مارکسیزم بۆ کاری سیاسی ، ٣/ مەسەلەی بنچینەیی لەفەلسەفەدا و دو لایەنەکەی ، ٤/ مەتریالیزم و ئایدیالیزم ، ٥/ بنەڕەتی چینایەتی فەلسەفە٦/ ڕیشەی زانیاری مەتریالیزم و ئایدیالیزم ٧٥/ گرنگی چارەسەر کردنی مەتریالیستانەی مەسەلەی بنچینەیی فەلسەفە لەڕوی تیۆری و پراکتیکەوە ٨٥/ شێوازی دیالەکتیکی و میتافیزیکی لە زانین دا .

بابەتی دووەم : سەرهەڵدانی مارکسیزم وەك گۆڕانکاریەکی شۆڕشگێڕی لە فەلسەفەدا :ـ

کرۆکە و پێکهاتنی فەلسەفەی مارکسیزم:ـ

١/ فەلسەفەی مارکسیزم وەك بەشێك و بنچینەیەکی تیۆری و میتۆدۆلۆجی مارکسیزم ، ٢/ هەلومەرجی مێژویی سەرهەڵدانی مارکسیزم ، ٣/ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابوری وسەرچاوە تیوریەکان و بینەکیە زانستیە سروشتیەکانی سەرهەڵدانی مارکسیزم ٤٥/ دروست بونی تێڕوانینی مارکس و ئەنگلز بۆ دنیا ٥٥/ ڕوخسارە بنچینەییەکانی گەشەکردنی تیۆری مارکس و ئەنگلز ڕووەو مارکسیزم ٦٥/ ڕۆڵی بڕیاردەری چالاکی سیاسی مارکس و ئەنگلز لە گەشەکردنی فیکری خۆیان و گەشەکردنی جولانەوەی سیاسی و قێرکاریە تیۆریەکاندا ، ٧/ ناوەرۆکی ئەو

هەواڵنامەی کتێب

گۆڕانکاریە شۆڕشگێڕیەی سەرهەڵدانی مارکسیزم لە فەلسەفەدا بنیادیەکاییەوە ٨ه/ پەرەسەندنی کەرەسەو فەلسەفە ٩ه/ فەلسەفەی مارکسیزم وەك زانستی گشتیترین یاساکانی گەشەکردنی سروشت و کۆمەڵ و زانین ١٠ه/ پێکهاتنی فەلسەفەی مارکسیزم ١١ه/ پەیوەندی نێوان تیۆر و میتۆد ١٢ه/ مەتریالیزمی دیەلەکتیك وەك میتۆدی فەلسەفی بۆ زانینی زانستیانە ١٣ه/ پەیوەندی نێوان فەلسەفەی مارکسیزم و زانستە تایبەتیەکانی تر ١٤ه/ فەلسەفەی مارکسیزم وەك تێڕوانینی زانستی بۆ جیهان ١٥ه/ شۆڕشگێڕانەو ڕۆڵی پراکتیك لە فەلسەفەی مەتریالیزم دا ١٦ه/ حیزبێتی فەلسەفەی مارکسیزم .

بابەتی سێیەم : دیراسەکردنی نامیلکەی " لیۆدفینگ فیۆرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی " ئەنگلز :

١/ ڕۆڵی لیۆدفینگ فیورباخ لە گەشەکردنی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی دا ٢ه/ ڕەخنەی ئەنگلز لە سروشتی ئایدیالیستانە و میتافیزیکانەی فەلسەفەی هیگڵ ٣ه/ ناوکی ژیری دیالەکتیکی هیگڵ ه ٤/ داڕشتنی ئەنگلز بۆ مەسەلەی بنچینەیی لە فەلسەفەدا ه ٥/ ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و تیوری سەرهەڵدانی فەلسەفەی مارکسیزم ه ٦/ بنچینەکانی چەمکی مەتریالیستانە بۆ مێژو ٧ه/ گرنگی نامیلکەی " لیۆدفینگ فیۆرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی "ی ئەنگلز.

سەرچاوەکانی ئەم بەشە :

١/ هەندێ بابەت دەربارەی فیۆرباخ / کارل مارکس .
٢/ لیۆدفینگ فیۆرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی / فردریك ئەنگلز .
٣/ سێ سەرچاوەو سێ بەشە پێکهێنەرەکەی مارکسیزم / لینین .
٤/ سۆسیالیزمی ئەوباوڕ و سوسیالیزمی زانستی/ فردریك ئەنگلز.

## بەشی دووەم
## مەتریالیزمی دیالەکتیك

بابەتی یەکەم : مەتریال و شێوەکانی هەبوونی :

١/ گرنگی چارەسەرکردنی مەتریالیستانەی مەسەلەی بنچینەیی فەلسەفە بۆ مارکسیزم لینینزم و چالاکی پراکتیکی ٢ه/ چەمکی مارکسی - لینینی بۆ مەتریال ٣ه/ قۆناغە مێژوییەکانی گەشەکردنی

چەمکی مەتریال " مەتریالیزمی یونانی کۆن ، مەتریالیزمی میکانیکسی ، فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی " ٤، ئاقارە چەوتە ساویلکە مـاو چەرخەکان دەربارەی چەمکی مەتریال " مەتریالیزمی میکانیکی" ، ٥/ جیاوازی نێوان چەمکی مارکسیزم و تێڕوانینەکانیە کتوپڕەکان بۆ مەتریال ٦، ٦/ شیکردنەوەی چەمکی مەتریال وەك واقیعێکی بابەتی ، ٧/ ڕەخنە لە ئاقارە ئایدیالیستیە هاوچەرخەکان و هێرشەکانیان بۆ سەر چەمکی لینینیزم دەربارەی مەتریال ، ٨/ بێ کۆتایی و هەمەجۆری لایەنەکانی مەتریال ، ٩/ شێوەکانی مەتریال: جیاوازی وپەیوەندی نێوانیان ، ١٠/ مەتریال لەناوناچێ و ناخوڵقێنرێ ١١، ١١/ چەمکی فەلسەفی مارکسی - لینینی بۆ جوڵان ١٢، ١٢/ لەجیابوندوە نەهاتنی مەتریال و جـوڵان ، ١٣/ پرنسیپە زانستیە سروشتیەکانی لەجیابونەوە نەهاتنی مەتریال و جوڵان ١٤، ١٤/ ڕەخنە لەتێڕوانینی میکانیکیانە دەربارەی جوڵان ١٥، ١٥/ جوڵان وەك گۆڕانکاریەکی بەردەوام کە لەواقیعی بابەتی دا ڕوودەدات ١٦، ١٦/ شێوە بنچینەییەکانی جوڵانی مەتریال ، جیاوازی و پەیوەندیەکانی نێوان ئەو شێوانە ١٧، ١٧/ جوڵان وەك یەکێتی گۆڕانکاریە چەندایەتی و چۆنایەتیەکان ، ١٨/ جوڵان و ئارام بوون ١٩، ١٩/ سروشتی ڕەهای جوڵان و ڕێژەیی ئـارام بوون ٢٠، ٢٠/ جوڵان لەناو ناچێ و ناخوڵقێنرێ ٢١، ٢١/ چەمکی فەلسـەفـی مارکسیزم - لینینزم بۆ شوێن و کات ٢٢، ٢٢/ تێڕوانینە ساویلکەکانی دەربارەی شوێن و کات ٢٣، ٢٣/ سروشتی بابەتیانەی شوێن و کـات ، ٢٤/ ڕەخنەگرتن لەوبیرورا ئایدیالیستیە میکانیکیانەی دەیانەوێ شوێن و کات لەمەتریال جیابکەنەوە ".واتە ئەوانەی پێ یان دەوترێ شوێنی ڕەها و کاتی ڕەها "، ٢٥/ بەڵگەی زانستی دەربارەی پەیوەندی کات و شوێن لەگەڵ مەتریال دا ٢٦، ٢٦/ هەندێ ئەنجامی پراکتیکی پەیوەندی تونـدو تۆڵی نێوان کات و شوێن و مەتریال " ڕێژەیی دوری و کات و پەیوەندی کات و شوێن " ، ٢٧/ لە کۆتایی نەهاتنی پەیوەندی نێوان کات و شوێن لەگەڵ مەتریالدا .

سەرچاوەکانی ئەم بابەتـە :

/١ لیبۆدفینگ فیۆرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی/ئەنگلز.
/٢ ئەنتی دۆیرینگ/ ئەنگلز .
/٣ مەتریالیزم و ڕەخنەی تەجروبەگەرانە / لینین .

بابەتی دوەم : مەتریال و هوشیاری/

/١ چەمکی فەلسەفی مارکسیزم - لینینزم بو پەیوەندی نێـوان مەتریال و هوشیاری ٢، ٢/ تێڕوانینی ساویلکانە دەربارەی پەیوەندی

نێوان مەتریال و هوشیاری ٣٠/ ڕەخنە لەو چەمکە ئایدیالیستانەی باوەڕیان بەسەرەتایی بونی هوشیاری هەیە " ئایدیالیستی بابەتی و ئایدیالیستی خۆیی " ٤٠/ هوشیاری وەک سروشتی مەتریالێکی ڕێکخراو لە ئاستێکی زۆربەرزدا : مێشک ( دەماغ ) ٥٠/ بیرکردنەوەی زانستیانە دەربارەی سەرهەڵدانی ژیان و هوشیاری ٦٠/ هوشیاری وەک بەرهەمی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ٧٠/ ئەو بەڵگە زانستیانەی سەرەتایی بونی مەتریال لەبەرامبەر هوشیاریدا دوپات دەکاتەوە ٨٠/ ڕۆڵی هوشیاری لە چالاکی مرۆڤدا ٩٠/ نیشانە ڕەها و ڕێژەییەکانی ناکۆکی نێوان مەتریال و هوشیاری ١٠٠/ سەرەتایی بونی هەبونی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر هوشیاری کۆمەڵایەتیدا ١١٠/ دیالەکتیکی پەیوەندی نێوان هەبونی کۆمەڵایەتی و هوشیاری کۆمەڵایەتی ١٢٠/ یەکێتی مەتریالیستیانەی جیهان ١٤٠/ جیهان وەک یەک پرۆسەی گەشەکردن ١٥٠/ یەکگرتنی مەتریال و شێوەکانی هەبوونی .

<u>سەرچاوەکانی ئەم بابەتە :</u>

١/ دیالەکتیکی سروشت/ ئەنگلز .

٢/ ڕۆڵی کار لە گۆڕینی مەیموون دا بۆ مرۆڤ/ ئەنگلز .

بابەتی سێیەم : دیراسەکردنی نامیلکەی " ئەنتی دۆیرینگ" ی ئەنگلز/

١/ هەلومەرجی مێژویی بڵاوکردنەوەی نامیلکەی " ئەنتی دۆیرینگ" ی ئەنگلز ٢٠/ ئەو بەڵگە زانستیانەی ئەنگلز لەبوارەکانی زانستی فیزیا و کیمیا و ژیان و ئاسماندا بۆ سەلماندنی ڕاستی مەتریالیزمی فەلسەفی هێنابویەوە ٣٠/ هوشیاری وەک بەرهەمی مێشک ٤٠/ چەمکی مەتریالیستانە بۆ پرنسیپەکانی بیرکردنەوە ٥٠/ یەکێتی مەتریالیستانەی دنیا ٦٠/ ئەمری و لەکۆتایی نەهاتنی کات و شوێن لەجیهاندا ٧٠/ جوڵان وەک شێوەی هەبونی مەتریال ٨٠/ ڕەخنە لە تیوری داروین .

بابەتی چوارەم : دیراسەکردنی نامیلکەی " مەتریالیزم و ڕەخنەی تەجروبەگەران " ی لینین .

١/ هەلومەرجی مێژویی سەرهەڵدانی نامیلکەی " مەتریالیزم و ڕەخنەی تەجروبەگەرانە"ی لینین ٢٠/ ڕەخنە لە تیۆری "توخمەکان "ELEMENTS" وەک بەرهەمی تیۆری ماخیەکان "MACHISM" ٣٠/ ڕەخنەگرتن لەسەرچاوە مێژوییەکانی فەلسەفەی ماخی و ئاسۆکانیان ٤٠/ ڕەخنە لە تێڕوانینی ئایدیالیستانەی ماخیەکان دەربارەی تەنگەو چەڵەمەی فیزیا ٥٠/ ڕەخنەگرتن لە سروشتی چینایەتی کۆنەپەرستانەو ئایدیۆلۆجیای فەلسەفەی ماخیەکان ٦٠/ گرنگی شێوازی ڕەخنەگرتنی لینین

لەو تیورە دوژمنکارانەی لە نامیلکەی " مەتریالیزم و ڕەخنەی تەجروبەگەرانە " دا هاتووە ٧٥/ گەشەپێدانی دیالەکتیك و چەمکی مەتریاڵ و تیۆری زانین لە لایەن لینینەوە ، ٨/ گەشەپێدانی مەسەلەی مەتریالیزمی مێژوو لەلایەن لینینەوە ، ٩/ گرنگی ئەم نامیلکەیە بۆ پەرەسەندنی فەلسەفەی مارکسیزم لە هەلومەرجی هاوچەرخ دا •

بابەتی پێنجەم : تیۆری زانین /

١/ جیاوازی نێوان تیۆرەکانی پێش مارکس و تیۆری مارکسیزم دا دەربارەی زانین ٢، / زانین وەك پرۆسەیەکی تاودانەوەی گەشەکردو لەڕوی مێژوییەوە ٣، / مەرجە کۆمەڵایەتیەکانی پرۆسەی زانین ، ٤/ شیکردنەوەی پرۆسەی زانین ٥، / دوپلەکەی پرۆسەی زانین ، ٦/ پلەی هەستکردن لەزانین دا ٧، / توخمەکانی پلەی هەستکردن لەزانین دا : زانە دەرك کردن " PERCEPTION " هەستکردن " SENSE " ، ڕامان " IMAGINATION " و گەشەکردنیان ٨، / وەرگرتن " RECEPTIVITY " وەك تاودانەوەی واقیعی بابەتی ٩، / ئامرازەکانی تاودانەوەی هەستکردن ، ١٠/ مەسەلەکانی خەیاڵی بڵاوی هەست کردن ١١، / توانا و سنوری وەرگرتن " RECEPTIVITY " ١٢، / بنج و بناوانی زانینی ئایدیالیزمی خۆیی ، ١٣/ ڕەخنەگرتن لەسروشتی ڕەهای وەرگرتن " ڕەخنە لە تەجروبەگەری " EMPIRISM " ١٤، / پلەی عەقڵی ( ژیری ) " LOGICAL " ( لۆجیکی ) زانین ، ١٥/ توخمەکانی زانینی لۆجیکی : چەمك حوکم دان ، گریمان ١٦، /گەشەکردنی توخمەکانی زانینی لۆجیکی ١٧، / ئەرك و ئامانجەکانی زانینی لۆجیکی ، ١٨/ قەبەکردنی زانینی لۆجیکی " ئاقاری عەقڵیەکان " یاخود فەلسەفەی عەقڵی " RATIONALISM " ١٩، / ڕیشەکانی زانینی ئایدیالیزمی بابەتی ، ٢٠/ ڕۆڵی پراکتیك لە پرۆسەی زانین دا ٢١، / چەمکی ئایدیالیستانە بۆ پراکتیك ٢٢، / چەمکی مارکسیزم بۆ پراکتیك ٢٣، / پراکتیك وەك بنچینە و پێوەر و ئامانجی زانین ٢٤، / پەیوەندی نێوان تیۆرو پراکتیك ، ٢٥/ تیوری مارکسیزم دەربارەی ڕاستی ٢٦، / ڕەخنە لە تێڕوانینی ئایدیالیزمی " بابەتی " و " خۆیی " دەربارەی ڕاستی ٢٧، / ڕەخنە لە فەلسەفەی پراکتیکی سودبەخشانە " پراگماتیزم PRAGMATISM " ٢٨، / ڕاستی و حیزبایەتی ٢٩، / بنج و بناوانی دۆگماتیزم " DOGMATISM " و ڕیڤیژینیزم " REVISIONISIM " ٣٠، / گرنگی تیۆری مارکسیزم دەربارەی زانین بۆ چالاکی پراکتیکی سیاسی •

<u>سەرچاوەکانی ئەم بابەتە .</u>

١/ ئەنتی دۆیرینگ / بەشی یەکەم ) ئەنگلز •

٢/ مەتریالیزم و ڕەخنەی تەجروبەگەرانە / بەشی یەکەم و سێیەم و چوارەم ) / لینین •

بابەتی شەشەم : پرنسیپەکانی مەتریالیزمی دیالەکتیك /
١/ پێکەوە گرێدان و گەشەکردن - دوپرنسیپی بنچینەیی دیالەکتیکە ،
٢/ دیالەکتیکی مەتریالیستانە وەك گشتی ترین و کاملّ ترین فێرکاری
پێکەوە گرێدان و گەشەکردنی جیهانی مەتریالیستی ٣،/ پێکەوە گرێ
دانی ناوەرۆك و ڕواڵەت ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ٤،/ پێکەوە گرێدانی
گشتی ڕوداو و دیاردەکانی جیهانی مەتریالیستی ٥،/ جولاّن و گەشەکردن
بەرهەمی کارتێکردنی دوولایەنی دیاردەکانی جیهانی مەتریالیستی ،
٦/ چەمکی گەشەکردن : بلاّوکردنەوەی مێژووی دیاردەکان ٧،/ گەشەکردن
وەك گۆڕانکاریەکی هەست پێکراو و جولانێکی خاوەن ئاقاری مێژوویی ،
٨ / سەرچاوەو ڕێڕەو و ئاقاری گەشەکردن ٩،/ چەمکی مەتریالیزمی
دیالەکتیك دەربارەی گەشەکردن ١٠،/ ڕەخنە لەچەمکی میتافیزیکی و
ئایدیالیستی دەربارەی گەشەکردن ١١،/ یاسا وەك گرنگترین و گشتی
ترین شێوەی پەیوەندی بڕیاردەری ئاقاری دیاردەکان ١٢،/ یاسا
وەك پرۆسەیەکی بابەتی ناوەکی لە ناوەڕۆکی دیاردەکاندا ١٣،/ یاسا
بنچینەیی و نابنچینەییەکان ١٤،/ سروشتی مێژوویی یاساکان ١٥،/ گشتێتی
یاسا و تایبەتێتی دەربڕینی ١٦،/ یاسا زانستیەکان: بیروە فیکریەکانی
قوڵترین ڕەنگ دانەوەی واقیعی بابەتیە ١٧،/ وێنەی زانستی جیهان لە
سیستەمی چەمك و یاساکاندا ، ١٨/ یاسا تایبەتیەکانی زانستە جۆرا و
جۆرەکان وەك ڕەنگدانەوەی هەمەلایەنی جیهان ، ١٩/ یاسا گشتیەکان وەك
ڕەنگدانەوەی یەکێتی جیهان ، ٢٠/ یاسا زانستیەکان بنچینەی
تیۆری پرۆسەی گۆڕانکاری هوشیارانەی واقیعە ، ٢١/ سروشتی
بابەتیانەی حەتمیەتی چالاکی پراکتیکی خەلّك ٢٢،/ سروشت و
ئەنجامەکانی بەکارهێنانی یاساکان لەلایەن کۆمەلّەوە ٢٣،/ ڕەخنە لە
فەتالیزم "FATALISM" ( القدرية ) و ڤۆلّەنتەریزم " VOLUNTARISM "
( الاختيارية ) ١٤،/ هەلّوێستی مارکسیزم پێکەوە گرێدانی حەتمیەت
"DETERMINISM" و چالاکی داهێنەرانەی جەماوەر .

سەرچاوەکانی ئەم بابەتە :


١/ ئەنتی دۆیرینگ " سەرەتای گشتی " ئەنگلز .
٢/ دیالەکتیکی سروشت / ئەنگلز .
٣/ لۆدفینگ نیۆرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەلّمانی ( بەشی یەکەم) / ئەنگلز .
٤/ کارل مارکس ( بەشی دیالەکتیك ) / لینین .
٥/ جاریکی تر دەربارەی سەندیکاکان / لینین .


هەواڵنامەی کتێب

بابەتی حەوتەم : دیراسەکردنی ئامێلکەی ( دیالەکتیکی سروشت ) ی ئەنگلز و ڕەخنەکانی لینین " دەربارەی دیالەکتیك " .

١/ هەلومەرجی مێژوویی نووسینی ئامێلکەی " دیالەکتیکی سروشت " ، ٢/ دژایەتی نێوان دیالەکتیك و میتافیزیك ، ٣/ شێوە مێژوویەکانی دیالەکتیك ( ئەرستۆ ، هیگل ) ، ٤/ یاسا بنچینەییەکانی دیالەکتیك ، ٥/ زانستە سروشتیەکان وەك نیشانەو حەتمیەتی بابەتی دیالەکتیکانە ٦/ بیروڕای ئەنگلز دەربارەی یاساکانی دیالەکتیك ( ناکۆکی ، گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی ، دژی دژ ) ، ٧/ بیروڕای لینین دەربارەی " مەسەلەی دیالەکتیك " ، ٨/ ناوەڕۆکی دیالەکتیك و ناسینی جیهان ، ٩/ ناکۆکی گشتی ، ١٠/ ناکۆکی وەك سەرچاوەی جوڵانی خۆیی جیهان ، ١١/ ڕەخنە لە چەمکی میتافیزیك بۆ جوڵان و گەشەکردن ، ١٢/ نیشانەی ڕێژەیی یەکێتی و نیشانەی ڕەهای ملمانێی دژەکان .

بابەتی هەشتەم : یاسا بنچینەییەکانی مەتریالیزمی دیالەکتیك .

١/ یاسا بنچینەییەکانی مەتریالیزمی دیالەکتیك وەك گشتیترین یاسای زانستی ، ٢/ گرنگی مەتریالیزمی دیالەکتیك وەك تێڕوانین بۆ جیهان و شێوازی توێژینەوە و بیرکردنەوە ، ٣/ تایبەتێتی سێ یاسا بنچینەییەکەی دیالەکتیك و کاریگەری ئاڵۆزی دوولایەنی نێوانیان .

☆/ یاسای یەکێتی و ملمانێی دژەکان ( یاسای ناکۆکی ) :

١/ ناوەڕۆکی یاساکە : ناکۆکی و لایەنەکانی ناکۆکی ( دژەکان ) ، یەکێتی ، ملمانێ ، گەشەکردنی ناکۆکی و دوو قۆناغەکەی ، ناکۆکی ناوەکی و دەرەکی ، ناکۆکی سەرەکی و لاوەکی و ناکۆکی بنچینەیی ، ٢/ بەکارهێنانی ناکۆکی بنچینەیی لەلایەن مارکسەوە بۆ شیکردنەوەی ئابوری سیاسی سەرمایەداری ، ٣/ نیشانە گشتیەکانی یاسای ناکۆکی لەسروشت و کۆمەڵ و بیرکردنەوەدا ، ٤/ چەند سەرئەنجامێکی تێڕوانینی زانستی بۆ جیهان ، ٥/ ناکۆکی مەتریال سەرچاوەی جوڵانیەتی ، ٦/ چەند سەرەنجامێك دەربارەی شێوازی زانستی زانینە ، ٧/ شیکردنەوەی ناکۆکیەکان وەك شێوازی بنچینەیی لەشیکردنەوەی واقیع و ئاقارەکانی گەشەکردنی دا ، ٨/ ڕواڵەتە تایبەتیەکانی یاسا لە گەشەکردنی کۆمەڵ دا ( جیاوازی نێوان ناکۆکی دوژمنکارانەو ئاشتیانە ، جیاوازی نێوان سەرچاوەکانیان و ئامرازی چارەسەرکردنیان ، ٩/ پایەی مێژوویی هەریەکێکیان و توانای گۆڕانی یەکێکیان بۆ ئەوی تر ، ١٠/ شێوەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لە کۆمەڵگای هاوچەرخ دا .

☆/ یاسای گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی و بەپێچەوانەوە :

١/ ناوەڕۆکی یاساکە : چەندایەتی و چۆنایەتی ، پێوانەو خاڵی گۆڕانی ، ٢/ گۆڕانکاری چەندایەتی و گۆڕانکاری چۆنایەتی ، ٣/ بازدان " MUTATION "

و شێوەکانی ٤٥/ بەکارهێنانی یاسا لەلایەن مارکسەوە بۆشیکردنەوەی ئابوری سیاسی سەرمایەداری ٥٥/ سروشتی گشتی یاساکە لەگەشەکردنی سروشت و کۆمەڵ و بیرکردنەوەدا ٦٥/ سەر ئەنجام دەربارەی تێڕوانینی گشتی بۆ جیهان ٧٥/ تێڕوانینە نازانستیەکان دەربارەی گۆڕانکاریە چونایەتیەکانی بوارە جۆربەجۆرەکانی جیهان ٥ ٨/ ڕواڵەتە تایبەتیەکانی یاساکە لە گەشەکردنی کۆمەڵدا ٩٥/ شێوەکانی دەربڕینی گۆڕانکاریە چۆنایەتیەکان لەم بوارەدا ١٠٥/ پەرەسەندنی " EVOLUTION " کۆمەلایەتی و شۆڕشی ١١٥/ ڕەخنە لە تیئورە بێزراوەکانی پەرەسەندن ، ڕیفۆرمیزم ، شۆڕشگێڕی بێزراوو ئەنارشیزم ٠

☆/ یاسای دژی دژ " NEGATION OF NEGATION ":

١/ ناوەڕۆکی یاساکە : وردو خاش کردن و پێک هێنان و پاراستنی دیارەدە ( دژی میتافیزیکی و دژی دیالەکتیکی ) ٢٥/ چەمکی میتافیزیکی بۆ گەشەکردن بەشێوەی ئەلتەی و شێوەی ڕاستەدێلی ٣٥/ گەشەکردن لە خوارەوە بۆ سەرەوە و شێوە پێچاوپێچەکەی ٤٥/ هۆی دوبارەبوتەوەی دیالەکتیکانە ٥٥/ بەکارهێنانی یاساکە لەلایەن مارکسەوە بۆشیکردنەوەی ئابوری سیاسی سەرمایەداری ٦٥/ نیشانەی گشتی یاساکە لە گەشەکردنی سروشت و کۆمەڵ و بیرکردنەوەدا ٧٥/ سەرئەنجامەکانی بۆ تێڕوانینی زانستیانە دەربارەی جیهان ٨٥/ ڕواڵەتە تایبەتیەکانی یاساکە لە گەشەکردنی کۆمەڵدا : ڕەوتی خۆپاریز " CONSERVATISM " و ڕەوتی نەبونی ( العدمیة NIHILISM ) لەگەشەکردنی کۆمەڵدا وەک هەڵوێستی میتافیزیکانە بەرامبەر ناوەڕۆکی گەشەکردن ٠

سەرچاوەکانی ئەم بابەتە :

☆/ یاسای ناکۆکی ( یەکێتی و ململانێی دژەکان ) :

١/ دیالەکتیکی سروشت / ئەنگلز ٠

٢/ بەڕاوەی فەلسەفیەکان / لینین ٠

☆/ یاسای گۆڕانکاری چەندایەتی و چۆنایەتی و بەپێچەوانەوە :

١/ ئەنتی دۆبرینگ ( خاڵی دوانزەهەم / بەشی یەکەم ) ئەنگلز ٠

٢/ بەڕاوەی فەلسەفیەکان / لینین ٠

٣/ دەربارەی مارکسیزم لە زانستی زماندا / ستالین ٠

☆/ یاسای دژی دژ :

١/ ئەنتی دۆبرینگ ( خاڵی یەکەم / بەشی دوانزەهەم ) ئەنگلز ٠

٢/ بەڕاوەی فەلسەفیەکان ( دەربارەی مەسەلەی دیالەکتیک ) لینین ٠

٣/ دەربارەی مارکسیزم لە زانستی زماندا / ستالین ٠

## بەشی سێیەم

# مەتریالیزمی مێژوو

بابەتی یەکەم : پرنسیپ و یاسا بنچینەییەکانی چەمکی مەتریالیستی بۆ مێژوو :

ا/ چەمکی مەتریالیستانە بۆ مێژوو وەك گۆڕانکاریەکی شۆڕشگێڕی لە تێڕوانین دا :

١/ پەیدابوونی کۆمەڵایەتی و مێژوییەکانی سەرهەڵدانی چەمکی مەتریالیستانە بۆ مێژوو ٢ە/ پەیدابوونی تیوریەکانی سەرهەڵدانی چەمکی مەتریالیستانە بۆ مێژوو ٣ە/ رەخنە لە تیۆرە کۆمەڵایەتیەکانی مەتریالیستەکانی فەرەنسا ٤ە/ پایەی چەمکی مەتریالیستانە بۆ مێژوو لە فەلسەفەی مارکسیزم دا ٥ە/ پەیوەندی نێوان مەتریالیزمی دیالەکتیك و مەتریالیزمی مێژوو ٦ە/ دیاریکردنی کەرەسەکانی چەمکی مەتریالیستانە بۆ مێژوو.

ب/ مەسەلەی بنچینەیی فەلسەفە لەبواری مێژوی کۆمەڵایەتی دا :

١/ هەبونی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی ٢ە/ سروشتی رەها و رێژەیی ناکۆکی نێوان هەبونی کۆمەڵایەتی و هوشیاری کۆمەڵایەتی ،
٣/ رۆڵی بیر لەگەشەکردنی کۆمەڵ دا ٤ە/ پەیوەندی نێوان مەتریالیزم و ئایدیۆلۆجیەت ٥ە/ رەخنە لەچارەسەرکردنی ئایدیالیزم و مەتریالیزمی میتافیزیکانە بۆ مەسەلەی پەیوەندی نێوان هەبونی کۆمەڵایەتی و هوشیاری کۆمەڵایەتی ، ٦/ هۆ چینایەتی و زانیاریە سەرەکیەکانی چەمکی ئایدیالیستی بۆ مێژوو ٧ە/ سروشتی تاکێتی نەگۆری فەلسەفەی مارکسیزم .

ج/ یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی :

١/ سروشتی بابەتیانەی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و توانای ناسینیان ٢ە/ یاساکانی سروشت و کۆمەڵ ٣ە/ سروشتی مێژویی یاسا کۆمەڵایەتیەکان ٤ە/ پەیوەندی نێوان هوشیاری و خۆرسکی ، ٥/ چەمکی سەربەستی و پێویستی ٦ە/ رەخنە لە چەمکە نازانستیەکان دەربارەی حەتمیەتی کۆمەڵایەتی .

د/ ژیانی مەتریالیستی کۆمەڵ :

١/ سروشت و کۆمەڵ ٢ە/ گرنگی کار بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، ٣/ کار و شێوازی بەرهەمهێنان ، ٤/ رەخنە لە چەمکی ئایدیالیستی و سروشتیەکان دەربارەی چارەسەرکردنی پەیوەندی نێوان سروشت و کۆمەڵ ، ٥/ رۆڵی هەلومەرجی جوگرافی لە مێژوو دا ،

٦/ ڕەخنە لە زۆرەملێی ( الجبریة DETERMINISM ) جوگرافی ٧٠/ ڕۆڵی زان و زۆربونی ژمارەی دانیشتوان لەگەشەکردنی کۆمەڵ دا ٨٠/ ڕەخنە لە فەلسەفەی مالتۆس ٠

ه/ چەمکی مەتریالیزم بۆ هێزە بزوێنەر و بنچینەییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵ :

١/ هۆکانی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەم هێنان ٢٠/ دیالەکتیکی کارتێکردنی دولایەنی نێوان هێزەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان ٣٠/ ڕۆڵی پێداویستی و هاندەرەکان لە مێژودا ٤٠/پێوانەی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی ٥٠/ ناکۆکی نێوان سروشتی بەرهەم هێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان وەک بنچینەی ئابوری شۆڕشی کۆمەلایەتی ٠

و/ ژێرخان و سەرخان :
دیاریکردنی چەمکی ژێرخان و سەرخان و پەیوەندی نێوانیان ٠

ز/ فۆرماسیۆنی کۆمەلایەتی ـ ئابوری :

١/ شیکردنەوەی چەمکی فۆرماسیۆنی کۆمەلایەتی ـ ئابوری ٢٠/ گەشە کردنی کۆمەڵ وەک پرۆسەیەکی زانستی و مێژوییو سروشتی ٣٠/ چەمکی مارکسیزم بۆ مێژوی مرۆڤایەتی ٠

<u>سەرچاوەکانی ئەم بابەتە</u>

١/ سەرەتایەک بۆ رەخنە لە ئابوریسیاسی / مارکس ٠
٢/ ڕۆڵی کار لە گۆڕینی مەیمون دا بۆ مرۆڤ / ئەنگلز ٠
٣/ دۆستەکانی گەل کێن و چۆن دەچن بەگژ سۆسیال دیموکراتەکاندا/لینین٠
٤/ مەتریالیزم و رەخنەی تەجروبەگەرانە بەشی ئەدەم / لینین ٠
٥/ دیالەکتیکی سروشت / ئەنگلز ٠
٦/ نامەکانی مارکس و ئەنگلز ٠

بابەتی دوەم / تیۆری مارکسیزم ـ لینینزم دەربارەی چینەکان و ململانێی چینایەتی و شۆڕش :

١/ چەمکەکانی پێش مارکسیزم دەربارەی چینەکان ٢٠/ سەرهەڵدانی چینەکان و پێداویستیە ئابوریەکانی ٠ ٣/ پێناسەی لینینیزم بۆ چین ٠ ٤/ تیۆرە ئایدیالیستەکانی دەربارەی ناوەڕۆکی چینەکان ٠ ٦/بەرژەوەندیە چینایەتیەکان و هوشیاری چینایەتی ٧٠/ پێکهاتنی چینایەتی کۆمەڵ و پەیوەندی لەگەڵ شێوەی بەرهەمهێنان دا ٨٠/ چینەکان لە سیبەری سەرمایەداری دا ٩٠/ چینە سەرکی و لاوەکیەکان و توێژە کۆمەلایەتیەکانی تر( پایەو ڕۆڵی هەریەکێکیان)ە ١٠/ پایەی ئەنتلجینسیا لە پێکهاتنی چینایەتی دا ١١٠/ بیروڕای مارکس دەربارەی سەرهەڵدان و نەمانی چینەکان ١٢٠/ ناوەڕۆک و شێوەکانی ململانێی چینایەتی ١٣٠/ جوڵانەوەی

کرێکاری لەقۆناغی خەباتی خۆڕسکی و خەباتی هوشیاردا ١٤، گرنگی هاتنە کایەی حیزبی شۆڕشگێڕی مارکسی ١٥، ستراتیج و تاکتیک وەک ڕێ نیشاندەری سەرکردایەتی کردنی خەباتی چینی پرۆلیتاریا ، ١٦/ شێوەکانی خەباتی پرۆلیتاریا لەسێبەری سەرمایەداری دا ، ١٧/ ناوەڕۆکی دولایەنی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا لەسێبەری سەرمایەداری دا ١٨، خەباتی چینایەتی و شۆڕش ١٩، هەلومەرجی بابەتی و خۆیی شۆڕش ، ٢٠/شۆڕشی سیاسی وەک توندوتیژترین جۆری ململانێی چینایەتی پرۆلیتاریا لە سێبەری سەرمایەداریدا ، ٢١/ شۆڕشی سۆسیالیستی جیهانی و شۆڕشی سۆسیالیستی لەیەک ولاتدا ، ٢٢/ شێوەکانی گوێزانەوەی ولاتە جۆراوجۆرەکان بۆ سۆسیالیزم ، ٢٣/ یاساکانی شۆڕشی سۆسیالیستی و بیناکردنی سۆسیالیزم ، ٢٤/ چەمکەکانی بۆرجوازیەت و ریڤیژینیزم دەربارەی شۆڕش ( نەمانی چینەکان و ململانێی چینایەتی ) ، ٢٥/ چینەکان و ململانێی چینایەتی لەماوەی گوێزانەوە لەسەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم ، ٢٦/ بیروراکانی لینین دەربارەی ئەرکە سەرەکیەکانی خەباتی چینایەتی لەماوەی گوێزانەوەدا ، ٢٧/ پەروەردەکردنی چینی کرێکار ، ٢٨/ پرۆسەی پێکهاتنی ئەنتلجینسیای سۆسیالیستی ٢٩/ دوبارە پەروەردەکردنەوەی بەرهەمهێنەرە بچووکەکان ، ٣٠/لەناوبردنی چینە چەوسێنەرەکان و هەڵبەندی شۆڕشی چەواشە ، ٣١/ دوو قۆناغی لەناوبرنی چینەکان ، ٣٢/ چینەکان و پەیوەندیە چینایەتیەکان لەماوەی گوێزانەوە لەسۆسیالیزمەوە بۆ کۆمۆنیزم ، ٣٣/ نەهێشتنی یەکبارەکی چینەکان وەک ئەرکی مێژویی چینی کرێکار و مەسەلەی ململانێی چینایەتی جیهانی، ٣٤/ پایەو کاریگەری سیستەمی سۆسیالیزمی جیهانی .

<u>سەرچاوەکانی ئەم بابەتە :</u>

١/ نامەکانی مارکس و ئەنگلز / نامە بۆ ج - فایدمیر .
٢/ مارکسیزم و ریڤیژینیزم / لینین .
٣/ دەربارەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا / لینین .
٤/ ئەنتی دۆیرینگ/ خاڵی ٢ بەشی سێیەم / ئەنگلز .

بابەتی سێیەم : تیۆری مارکسیزم - لینینزم دەربارەی دەوڵەت و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا

١/ سەرهەڵدانی دەوڵەت و ناوەڕۆکەکەی ، ٢/ دەوڵەت وەک بەرهەم و ڕواڵەتی ناکۆکیە چینایەتیەکان ٣، دەوڵەت وەک دامەزراوێکی سیاسی و بەشێک لە سەرخان ٤، دەوڵەت وەک دامودەزگای سەرکوت کردنی

چینێك لەبەرژەوەندی چینێکی تردا ٥/ شێوە و جۆرەکانی دەوڵەتی چەوسێنەر و ئەرکە بنچینەییەکانی ٦/ دەوڵەتی بۆرجوازی لە قۆناغی سەرمایەداری مۆنۆپۆلی دا ٧/ گیروگرفتی دموکراتیەتی بۆرجوازی و ناتارە فاشستیەکان ـ گەندەکردنی دەوڵەتی ئیمپریالیستی ماوچەرخ دا ٨/ دەوڵەت لەو وڵاتانەدا کە تازە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە ( وڵاتە کۆنۆنی و نیمچە کۆلۆنیەکانی رابردوو ) ٩/ رەخنە لەو تیۆرە نامارکسیانەی باوەڕیان وایە دەوڵەتی بۆرجوازی ماوچەرخ " بێ لایەنە " یان " لەسەرووچینەکانەوەیە " ١٠/ تیۆری مارکسیزم ـ لینینزم دەربارەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ١١/ گرنگی دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و رۆڵە مێژوییەکەی ١٢/ ناوەرۆکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و ئەرکە بنچینەییەکەی ١٣/ شێوە جۆرا و جۆرەکانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ١٤/ پەیوەندی نێوان دیکتاتۆریەت و دیموکراتیەت ١٥/ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا وەك بەرزترین شێوەی دیموکراتیەت ١٦/ هاوپەیمانێتی کرێکاران و جوتیاران وەك پرنسیپی بنچینەیی حکومەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ١٧/ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و رۆڵی سەرکردایەتی حیزبی مارکسی ـ لینینی ١٨/ پایەی تایبەتی دەوڵەتی سۆسیالستی لە سیستەمی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا ١٩/ ناوەرۆك و ئەرکی دەوڵەتی سۆسیالیستی ٢٠/ مەرجە بنچینەییەکانی نەمانی دەوڵەت ٢١/ رەخنە لە ریڤیزیۆنیزمی نوێ دەربارەی مەسەلەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، دەوڵەتی سۆسیالیستی و رۆڵی سەرکردایەتی کردنی حیزبی مارکسی ـ لینینی لەسیستەمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دا .

سەرچاوەکانی ئەم بابەتە :

١/ دەوڵەت و شۆڕش / لینین .

٢/ شۆڕشی پرۆلیتاریا و کاوتسکی هەڵگەڕاوە / لینین .

٣/ بنچ و بناوانی خێزان و خاوەنداریێتی تایبەتی و دەوڵەت / ئەنگلز .

٤/ دەربارەی مێژوی مەسەلەی دیکتاتۆریەت ( دانراوە گشتیەکان ) ـ لینین .

بابەتی چوارەم : دیراسەکردنی نامیلکەی " دەوڵەت و شۆڕش "ی لینین :

١/ هەلومەرجی کۆمەلایەتی و سیاسی سەرهەڵدانی نامیلکەی " دەوڵەت و شۆڕش " ی لینین ٢/ گرنگی تیۆری و سیاسی نامیلکەکە ٣/ رەخنە لەو شێواندنانەی ریڤیزیۆنیزم لە فێرکاریەکانی مارکس و ئەنگلز دا دەربارەی دەوڵەت دروستیان کردوە ٤/ گەشەدانی لینین بە تیۆری دەوڵەت ٥/ تاقارە هەلپەرست و ئەنارشیستەکان دەربارەی چەمکی دەوڵەت ٦/ جیاوازی نێوان شێوە چەوسێنەرەکانی دەوڵەت و

دەوڵەتی سۆسیالیستی لە مەسەلەی سەر هەڵدان و لەناوچوون و (ناوەڕۆکی چینایەتی و ئەرکە بنچینەییەکانی) دەوڵەتدا ، ٧/ مەسەلەی وردوخاش کردنی دام و دەزگای دەوڵەتی بۆرجوازی ، ٨/ دیموکراتیەت و دیکتاتوریەت لە کۆمەڵی بۆرجوازی و کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا ، ٩/ رەخنە لە رەوتی "پەرلەمانتاری" ، ١٠/ چەمکی مارکسیزم - لینینزم دەربارەی لەناوچوونی دەوڵەت و داهاتوی دەوڵەت .

بابەتی پێنجەم : تیۆری مارکسیزم - لینینزم دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی :

١/ شێوە رەگەزیە سەرەکیەکانی کۆمەڵە مرۆڤایەتیەکان : هۆز ( TRIBE ) ، عەشیرەت (CLAN) ، کۆمەڵگا (COMMUNITY) " کۆمەڵگا کۆمەڵ کەسێکە خاوەنی یەک رێکخستنی هاوبەش یان بەرژەوەندی هاوبەش و لە یەک نیشتماندا و لە ژێر یەک یاسادا دەژین ، ٢/ سەرهەڵدانی مێژوویی نەتەوە وەک شێوەیەکی تایبەتی رێکخستنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، ٣/ سەرهەڵدان و گەشەکردنی نەتەوە ، ٤/ نەتەوەی بۆرجوازی و نەتەوەی سۆسیالیستی ، ٥/ رەخنە لە چەمکە نامارکسیەکان دەربارەی نەتەوە ، ٦/ ناوەڕۆکی چینایەتی مەسەلەی نەتەوایەتی ، ٧/ نەتەوەو چینەکان ، ٨/ مەسەلەی نەتەوایەتی وەک مەسەلەیەکی گشتی بۆ گەشەکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵ ، ٩/ گرنگی هەڵوێستی مێژوویی هەست پێکراو بەرامبەر چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی ، ١٠/ قۆناغە بنچینەییەکانی گەشەکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی ، ١١/ ئاقارە فیکریە بنچینەییەکانی مەسەلەی نەتەوایەتی ، ١٢/ نەتەوایەتی بۆرجوازیەت و (رەگەزپەرستی) وەک دەربڕی ئایدیۆلۆجی سیاسی بۆرجوازیەت ، ١٣/ کۆسمۆپۆلیتیەتی بۆرجوازیەت وەک لایەنێکی مەسەلەی نەتەوایەتی ، ١٤/ پەیوەندی نێوان مەسەلەی نەتەوایەتی و کۆسمۆپۆلیتیەت ، ١٥/ ناوەڕۆک و پێکهاتن و شێوەکانی نەتەوایەتی بۆرجوازیەت و کۆسمۆپۆلیتیەت ، ١٦/ پێشە کۆمەڵایەتی و زانیاریەکانی مەسەلەی نەتەوایەتی و کۆسمۆپۆلیتیەت ، ١٧/ ئینتەرناسیۆنالی پرۆلیتاریا و سۆسیالیستی وەک پرنسیپی ئایدیۆلۆجی بنچینەیی لە سیاسەتی نەتەوەیی چینی کرێکاردا ، ١٨/ ناوەڕۆک و پێکهاتنی ئینتەرناسیۆنالی پرۆلیتاری و سۆسیالیستی ، ١٩/ پەیوەندی نێوان ئینتەرناسیۆنالی پرۆلیتاریا و مەسەلەی نەتەوایەتی سۆسیالیستی ، ٢٠/ هەڵوێستی چینی کرێکار بەرامبەر نەتەوە و نیشتمان ، ٢١/ پەیوەندی نێوان بەرژەوەندی ئینتەرناسیۆنالیستی و بەرژەوەندی نەتەوایەتی چینی کرێکار .

سەرچاوەکانی ئەم بابەتە :

/١ دەربارەی مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەکان / لینین •
/٢ چەند سەرەنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی و ئەو وتارانەی بەشێوەیەکی گشتی لە نامیلکەی ( دەربارەی مەسەلەکانی سیاسەتی نەتەوایەتی و ئینتەرناسیونالیزمی پرۆلیتاریا ) دا نوسراوە / لینین •
/٣ مارکسیزم و مەسەلەی نەتەوایەتی / ستالین •
/٤ مەسەلەی نەتەوایەتی و لێنینزم / ستالین •

بابەتی شەشەم : رۆڵی تاك و جەماوەری گەل لە مێژوودا :

/١ بیروراکانی مارکسیزم ـ لینینزم دەربارەی رۆڵی تاك و جەماوەری گەل لە مێژودا ، /٢ گەل وەك دروستکەری مێژوو و خوڵقێنەری نەریتە مەتریالیستی و فەرهەنگیەکان ، /٣ گەل هێزی بریاردەرە لەگەشەکردنی پێشکەوتنخوازانەی کۆمەڵ دا ، /٤ بیروراى مارکسیزم ـ لینینزم دەربارەی پەیوەندی نێوان جەماوەر و حیزب و سەرکردەکان ، /٥ خەباتی کلاسیکەکانی مارکسیزم ـ لینینزم دژی چەمکە ئایدیالیستیەکانی دەربارەی رۆڵی تاك لە مێژودا ، /٦ ئەزمونی مێژویی جولانەوەی شۆرشگێری جیهانی لەقەلاچۆکردنی پەرستنی تاکە کەس دا •

سەرچاوەکانی ئەم بابەتە :

/١ " دۆستەکانی گەل " کێن و چۆن دەچن بەگژ سۆسیال دیموکراتەکاندا / لینین •
/٢ نەخۆشی " چەپرەوی " منداڵانە لە کۆمۆنیزم دا / لینین •
/٣ نامەبۆ ـ سترکنبرگ / ئەنگلز •
/٤ رۆڵی تاك لە مێژو دا / بلیخانۆف •
/٥ بریارەکانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت دەربارەی نەهێشتنی پەرستنی تاك و ئەنجامەکانی (تەموزی ١٩٥٦) •

بابەتی حەوتەم : هوشیاری کۆمەلایەتی و شێوەکانی :

/١ هوشیاری کۆمەلایەتی وەك رەنگدانەوەی هەبونی کۆمەلایەتی ، /٢ شێوە هەستپێکراو و هەمەلایەنەکانی هوشیاری کۆمەلایەتی وەك دەربری سروشتی ئالۆزی هەبونی کۆمەلایەتی ، /٣ پەیوەندی نێوان شێوەکانی هوشیاری کۆمەلایەتی ( زانست ، ئایین ، هونەر و خورەوشت ... هتد ) ، /٤ هوشیاری تاکە کەس و هوشیاری کۆمەلایەتی ، /٥ هوشیاری کۆمەلایەتی و دەرون زانی ( سایکۆلۆجی ) ، /٦ سەربەخۆیی رێژەیی گەشەکردنی شێوەکانی هوشیاری کۆمەلایەتی ، /٧ بەدوایەکهاتنی مێژویی گەشەکردنی شێوەکانی هوشیاری کۆمەلایەتی ، /٨ کاریگەری هوشیاری کۆمەلایەتی

لەسەر دەبونی کۆمەڵایەتی ، ٩/ ڕۆڵی بیر لە گەشەکردنی کۆمەڵ دا ، ١٠/ هۆشیاری کۆمەلایەتی و ئایدیۆلۆجیا و سەرخان ١١، / دژایەتی و جیاوازی نێوان ئایدیۆلۆجیای بۆرجوازیەی و ئایدیۆلۆجیای سۆسیالیزم دا ، ١٢/ ڕەخنە لە چارەسەرکردنی ئایدیالیستانەی مەسەلەی هۆشیاری کۆمەلایەتی دا •

__سەرچاوەکانی ئەم بابەتە :__

١/ پێشەکیەك دەربارەی ڕەخنە لە ئابوری سیاسی / مارکس •

٢/ نامە بۆ بلۆخ و شمیدت و سترکنبرگ / ئەنگلز •

٣/ لیۆدفینگ فیۆرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی / ئەنگلز •

٤/ جارێکی تر دەربارەی سەندیکاکان / لینین •

٥/ ئەرکەکانی ڕێکخراوەکانی لاوان / لینین •

٦/ چەند بابەتێك دەربارەی فیۆرباخ / مارکس •

٧/ دەربارەی گرنگی مەتریالیزمی خەباتگێڕ ( لینین / دانراوە گشتیەکان بەرگی - ٣٣ ) •

٨/ دەربارەی ڕۆشنبیری پرۆلیتاری ( لینین / دانراوە گشتیەکان بەرگی ٣١ ) •

٩/ دەربارەی هەڵوێستی چینی کرێکار بەرامبەر ئایین ( لینین دانراوە گشتیەکان - بەرگی ١٥ ) •

١٠/ سۆسیالیزم و ئایین ( لینین دانراوە گشتیەکان - بەرگی ٦ ) •

بابەتی هەشتەم : شۆڕشی فەرهەنگی :

١/ فەرهەنگ ( CULTURE ) چیە ، ٢/ چەمکو باوەکانی فەرهەنگ ، ٣/ فەرهەنگ و هوشیاری کۆمەلایەتی ، ٤/ فەرهەنگ و سەرخان ٥، / چەمکی ئایدیالیستانە بۆ فەرهەنگ ، ٦/ مێژوی مرۆڤایەتی وەك مێژوی فەرهەنگ ، ٧/ دابەشکردنی مێژوو بۆ چەند قۆناغێك ، ٨/ چەمکی مارکسیزم بۆ فەرهەنگ ، ٩/ بیروڕای کلاسیکەکانی مارکسیزم - لینینزم دەربارەی فەرهەنگ ، ١٠/ کەلتوری مارکسی و فەرهەنگ ، ١١/ سەرهەلدان و گەشەکردنی فەرهەنگ ، ١٢/ دابەش کردنی کار بۆ دەستی و فیکری " واتە فەرهەنگی گیانی و مەتریالیستی و دابەشبونی کۆمەڵ بۆ چینەکان " ، ١٣/ کارپێکردنی مەسەلەی بنچینەیی فەلسەفە لە بواری فەرهەنگدا ، ١٤/ شۆڕشی فەرهەنگی ، ١٥/ شۆڕشی فەرهەنگی و گۆڕانکاریە شۆڕشگێڕیەکانی کۆمەڵ ، ١٦/ شۆڕشی فەرهەنگی لە پرۆسەی شۆڕشی بۆرجوازی دا ، ١٧/ شۆڕشی فەرهەنگی وەك بەشێك لە شۆڕشی سۆسیالیستی ، ١٨/ یاسا گشتیەکانی شۆڕشی فەرهەنگی و تایبەتێتی شۆڕشی فەرهەنگی لە هەلومەرجی دەست پێکراوی جیاوازدا ، ١٩/ شۆڕشی فەرهەنگی وەك بەشێك لە خەباتی چینایەتی چینی کرێکار •

سەرچاوەکانی ئەم بابەتە :

١/ دەربارەی ئەرکەکانی لاوان /لینین .

٢/ دەربارەی ئەرجەنگ و شۆڕشی ئەرەنگی / لینین .

٣/ مانیفێستی کۆمۆنیستی / مارکس و ئەنگلز .

٤/ ئەنتی دۆبرینگ/ ئەنگلز .

بابەتی نۆیەم : مەسەلەکانی ئاشتی و جەنگ :

١/ جەنگ وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویی ، ٢/ بنج و بنەوانی جەنگ و هۆ ئابورییەکانی ، ٣/ سروشتی چینایەتی جەنگ ، ٤/ جەنگ وەك درێژەپێدانی سیاسەتی چینایەتی لە ڕێگەی ئامرازی توندوتیژەوە ، ٥/ ڕەخنە لە تیۆرە بۆرجوازییەکان دەربارەی بنج وبناوان و ناوەڕۆك و هۆکانی جەنگ ، ٦/ پەیوەندی نێوان سروشتی جەنگ و ئامانجە سیاسییەکانی ، ٧/ دوو جۆری جەنگ : جەنگی ڕەوا و جەنگی ناڕەوا ، ٨/ پێوانەی دیاریکردنی سروشتی جەنگ ، ٩/ سروشتی جەنگ لەسەردەمی ئێستاماندا ، ١٠/ هۆ مێژووییەکانی هەبونی جەنگ ، ١١/ بیروڕای مارکسیزم ـ لینینزم دەربارەی هەلومەرجی دەست پێکراوی نەهێشتنی جەنگ ، ١٢/ سروشتی سەردەمی ئەمڕۆ و توانای نەهێشتنی بەرنگاری کردنی جەنگ پێش لەناوبردنی یەکجارەکی ئیمپریالیزم ، ١٣/ سروشتی دەست درێژکەرانەی ئیمپریالیزم و توانای دابین کردنی بەئاشتی پێکەوە ژیان ، ١٤/ ڕەخنە لەئاقارە ڕیڤیژینیستی و "چەپڕەوە" دۆگماتیستەکان دەربارەی مەسەلەی ئاشتی و جەنگ .

سەرچاوەکانی ئەم بابەتە :

١/ سۆسیالیزم و جەنگ/ لینین .

٢/ هەرەس هێناتی ئینتەرناسیونالی دوەم /لینین .

٣/ بەرنامەی سەربازی شۆڕشی پرۆلیتاریا / لینین .

٤/ جەنگ و شۆڕش / لینین .

هونەر

چەند تێبینییەکی گشتی :

# هونەر و پەکەکە شۆڕشگێڕە

ف. پیربال

هەواڵنامەی کتێب

دەقی قسەکەم وشە بە وشە لەبەر نیە ، بەڵام ناوەڕۆکی ئەو قسەیە، قسەکەی لینین ( کە جارێکیان لەبارەی شیعرەکانی- مایکۆفسکی -یەوە هاتبووە ئاخێین ) ، گوتبووی :" من بەتەواوەتی لە شیعرەکانیمایکۆفسکی تێناگەم ، بەڵام دڵنیام شیعرەکانی ئەو ،خزمەتی شۆڕش و ، داهاتووی پرۆلیتاریا دەکەن " .

لینین ، ئەو بابا شۆڕشگێڕە گەورەیە ، بەم قسەیەی ، چەند خۆ بە بچووك ڕاگرانەوە ، ئیشارەتی بۆ باوەڕهەبوونی خۆی ، بە جیاوازیی ( سیستەمی هونەر) لەگەڵ ( سیستەمی خەباتی سیاسی ) کردووە ، وەچەند وردبینانە پەنجەی بۆ جیاوازیی زمانی هونەر لەگەڵ ( زمانی سیاسییانەی شۆڕش ) درێژ کردووە .

ئەو ، بەم قسەیەی ، هیچ هێڵێکی زەق و دابڕی ، بە نێوان دنیای هونەر و دنیای سیاسەتدا نە هێناوە ، بەڵکو ، بە پێچەوانەوە: وبستوویەتی کە پەیوەندیی ( ئەم دوو جۆرە چالاکییە ) : پەیوەندیی داهێنانی هونەری بە شۆڕش و سیاسەتەوە پیشان بدات .

هونەر ، ئەم سیحرەی هەیە ، ئەم توانا دەم و دەست هەست پێ نەکراو و شاراوەیەی هەیە ، کە لینین - لە ڕێگای شیعرەکانی مایکۆفسکی یەوە - هەستی پێ کردووە ، وە هەروەها ئەو توخمە کاراو گۆڕانخواز و پڕ لە ژیان و جونبوشانەی تێدایە ، کە هونەرمەند لەڕێگای خولقاندنەکانی یەوە ، بەگەڕیان دێخێ ، بۆ بەشداری کردن لە بنیاو

هەڵەتاندنی پیتۆەری چێژ و بۆچوونە قاڵب بەستووەکانی بەسەماوەر ، هەروەها بۆ ڕاتەکاندنی بارودۆخ ، لە پێناو گۆڕان ، لە پێناو شۆڕش ...

دەبێ هەر ئاوادابێ کە لینین باسی لێ کردوە :

خەباتی سیاسی و چەکدارانە ، بەزمانی خۆی و سیستەم و مەنطقی خۆی ، هونەریش بەزمانی خۆی و بەسیستەم و مەنطقی خۆی .

شۆڕش : ئەم پەیوەندیە تەبا و بەیەکتری گرێدراوەیە !

پێشکەوتن و گۆڕانکاری یە هەرە گەورە کۆمەلایەتی یەکانی مێژووش هەر ، لەسەر هەر هەمان ئەو پەیوەندی یە تەبا و بەیەکتری گرێدراوە بە ئەنجام گەیشتوون .

لە سەردەمی بووژانەوەی ڕینسانس دا ، گەر بهاتایە و بواری زانستی و زانیاری و دۆزینەوەکان ، بۆ نموونە پێشکەوتنی ( کارەبا ) ، ( پیشەسازی ) ، زانستەکان : فیزیا ، کیمیا ، هونەری میعماری ... هتد ، هەریەکەوە بەجیا لە بواری خۆیان دا ، هەر یەکەو لەسەر دەستی چەند زانایەك ، چەند هونەرمەندێك ، چەند تاقمێك ، بەجیا جیا ئەنجام نەدرابانایە ، بێ گومان ئەو پێشکوتنە کۆمەلایەتی و گۆڕانکاری یە گەورە و مەزنەی کەلەو سەردەمدا هاتە ئارا - لە ڕووی کامڵ بوون و پێگەیشتنی چینی بۆرژوا وە - ، ئەنجام نەدەدرا : کۆمەڵگای ئەورووپی ، لە قۆناغی تاریکی دەرەبەگایەتی " کەنیسە زاڵی " یەوە بازی نەدەدایە قۆناغی - پێشکەوتووتری - بۆرژوازی یەوە . مێژوو سەلماندوویەتی : بۆرژوازیەتی ئەورووپی ی سەردەمی ڕینسانس - لە ڕوی دەسەلاتٓ پەیداکردنی خۆی - گەلێك زۆر قەرزاری پێشکەوتنە زانستی یەکەی سەردەمی خۆیەتی .

ئەمە لە بواری کۆمەلایەتی دا ، لە بواری پێشکەوتنە فیکری و شۆڕشە فیکری یەکانیش هەروا .

با زانستی ( بایۆلوجیا ) وەربگرین ، کە لەوانەیە بەڕای هەندێ کەس ئەم زانستە ، زانستی ( بایۆلوجیا ) ، دوورترین و بێ کاراترین زانستێك بێ - لە ڕووی کزی ی ڕۆڵ نواندنی بەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵ و فیکرو فەلسەفەی مرۆڤایەتی یەوە - ، بەلاٙم دەبینین ، ئەم زانستە ، لەسەر دەستی ( داروین ) ، وە لە ڕێگای کامڵ بوونی تیۆری پەرەسەندنەوە ، بووە چ بنەما و پشتیوانێکی بنەڕەتی وگەورە بۆ بەڕەوا نیشاندان و پوختەبوونی فیکری مارکسیەت : ( فیکرەی دیالەکتیك ) .

فیکرەی دیالەکتیك ، بەو قەبارە گەورەیەی کە ئەنگلز و مارکس

خەملاندیان و دایانچەسپاند ، ئەگەر بە شۆڕشێکی فیکری بژمێردرێت ، ئەوا یەکێك لە پایە سەرەکیەکانی ئەو شۆڕشە فیکری یە: تیئۆری پەرەسەندنی ( بایۆلوجیانەی ) داروین بوو - ئەمە جگە لە سوود وەرگرتنی ئەو دوو فەیلەسووفە لە فیکری ( ئابووریناسی ) و ( کۆمەڵناسی ) ی هاوسەردەمی خۆیان .

هەموو گۆڕانکاری یەك ، چ کۆمەڵایەتی ، چ فیکری (یابە شێوەیەکی سەرتاپایی تر ، بڵێین ) : هەموو شۆڕشێك : لە منداڵانی بزوتنەوە و جوڵانەوەی چەند چالاکی و هێڵ و بوارێکی جیا جیاوە لە دایك دەبێ ، نەك تەنیا لە ڕێگای یەك جۆرە چالاکی - یەك بوار - وە لەسەر حیسابی هێزهەڵمژین و فەراموش کردنی یا سەربەستی لێ زەوت کردنی ئەوانیتر ! هەموو جۆرە بۆچوونێکی دیکەی غەیری ئەوە بۆ شۆڕش ، شۆڕشێکی بێبەر و نەزۆکی لێ دەردەچێ .

باس باسی ئیلتیزامی هونەرە (نابێ بڵێین بە سیاسەتەوە ، بەڵکو دەبێ بڵێین) بە بەرەی یا یەکەی شۆڕشگێڕی یەوە.(پەیوەندیی هونەر بە یەکەی شۆڕشگێڕی یەوە ) واژەیەکی گونجاوتر و قووڵترە لەوەی بڵێین (پەیوەندیی هونەر بە سیاسەتەوە ).هونەر چەمکێکە ماناکەی دیارە ، هەموو جۆرە چالاکی یەکی هونەری و داهێنانێك دەگرێتەوە : هونەری سینەما ،هونەری تەشکیلی ، مۆسیقا ، شانۆگەری ، پەیکەرتاشی ، ئەدەب... هتد ، بەڵام سیاسەت - لە ڕوی پەیوەندی هەبوونی بە هونەر و بە بەهای هونەری یەوە - دەبێ بڵێین : چەمکێکی پڕ گرێ و گۆڵتر و ناقوڵترە لەوەی کە ڕازی ببین وای ناوبنێین .

ئایا چ سیاسەتێك ؟ پەیوەندی هونەر بە چ سیاسەتێکەوە ؟!....

جگە لەوەش ، لەم مەسەلەیە زۆر گرینگتر : هونەر ، هەر ئەوە نیە کە پەیوەندیی تەنیا " بە سیاسەتەوە " هەبێت ،هونەر پەیوەندیی بە هەموو لایەنێك و بە هەموو جۆرە چالاکی یەکانی دیکەی ئەم یەکە شۆڕشگێڕی یەی ژیان و میللەتی ئێمەوە هەیە .

کەوابوو بە حوکمی شۆڕشخوازبوونی هونەر خۆی ، وە لەبەر خاتری هەبوونی ئەو بوعدە کۆمەڵایەتی و سیاسی و...سەرتاپاگیری یەی ، کە لە هونەر خۆی دا هەیە ، لە پێناو دەربڕینی بیروڕا و مەبەستەکانمان ، هەر دەبێ " زاراوەیەکی گونجاو " بدۆزینەوە .

هونەر هەمیشە گەورەتر و پیرۆزترە لەوەی بکرێتە پاشکۆی "حزبێك" ...بۆیە ، لەم ڕووەوە ، ئەگەر هەر زاراوەیەکی غەیری زاراوەی "( یەکەی شۆڕشگێڕی )" بەکار بێنین ، بە هەڵەدا دەچین.



هەواڵنامەی کتێب

## یەکەی شۆڕشگێڕی چی یە؟

یەکەی شۆڕشگێڕی ، وەك لەماناى زاراوەکەش دا دەردەکەوێ : تەنیا ئەو پارتە سیاسی یە شۆڕشخوازانە ناگرێتەوە کە لە وڵاتەکەمان دا دژی ڕژێمی داگیرکەر و چەوسێنەر ، لە پێناو گۆڕان و شۆڕش دا کاردەکەن و لە بزوتنەوەدان ، بەڵکو هەر هەموو جۆرە چالاکی یەك : هەموو دەستە و تاقمێکی ڕۆشنبیری و ئینسانی ی شۆڕشخوازی دیکەش - لە بواری چالاکی یە جیا جیاکانی خۆیان دا - دەگرێتەوە ؛ کە غەمی شۆڕشخوازانەیان ، هوشیاری ی شۆڕشخوازانەیان ، لەناو کردار و لەناو هەڵوێست و لەناو ژیانی ڕۆژانەیان دا ، وە بـا لەناو بەرهەمەکانیان دا عەکس دەکەنەوە : لە پێناو شـۆڕش و گۆڕانکاری ی ژیان دا .! وە کە هونەریش ، یەکێکە لەو چالاکیانەی ناو ئەم یەکە شۆڕشگێڕی یە ★

بەم شێوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هونەر شتێك نیە لە یەکەی شۆڕشگێڕی ی ژیان ، دابڕبێت . هونەر (هەموو لقەکانی هونەر ) پەیوەندی یەکی توندوتۆڵ و ڕیشەداریان بە ئاواتەکانی ئەم یەکەیەوە ، بەم ژیانە شۆڕشخوازی یە ، یێ مەترسی بەوە هەیە... هێندە نەبێ : تاقە جیاوازی یەك ، کە هونەر لە ئـەوان هەڵدەبوێرێ : جیاوازی ی لۆجیکی هونەر ، جیاوازی ی سیستەمی هونەر ، جیاوازی ی زمانی هونەرە ، لەگەڵ هی جۆرە چالاکی یەکانی دیکە .

وەهونەری میللەتەکەمان ، تەنیا لە حاڵەتێك دا ئەرکی کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕانەی خۆی ، بە باشی یەوە ئەنجام دەدات و پێش دەکەوێ : ئەگەر بێتوو بەم چاوەوە ، بە چاوی ئەوەوە سەیری بکرێت کە لقێکە - وەکو هەر لقێکی دیکە - لە چالاکی یە شۆڕشخوازەکانی دیکەی ناو ئەم یەکە شۆڕشگێڕی یە : سەربەخۆ و جیاواز ، خاوەنی سیستەمی تایبەتی خۆی ، لۆجیکی تایبەتی خۆی ، زمانی تایبەتی ی خۆی .

هونەرمەند لە هونەرەکەی دا جیهانێکی جیاواز دەخوڵقێنێ . ئەو جیهانە ، لۆجیك و زمان و سیستەمەکەی ، لەگەڵ هی جۆرە چالاکی یەکانی دیکەی وەکو : ئابووریناسی ، کۆمەڵناسی ، زانست

---

★ پێویستە ئیشارەت بۆ ئەوە بکرێ ، کە ئەم پێناسەیە ، تەنیا لە پێناو نیشاندانی پەیوەندی یە فراوانەکەی هونەرە بە ژیانەوە .

... هتد ، جیاوازە ، جیهانێك دەخولقێنێ كە دیاردەیەكی سەربەخۆیە ، جیهانێك كە فەیلەسووفی جوانیناسی ڕووس " ئەلكزاندەر ئیفانۆڤیچ هرزن " ناوی دەنێ : " واقیعی جوان " ، وە بلینسكی - ڕەخنەگری شۆڕشخوازی گەورەی ڕووسیش ، ناوی ناوە : " جیهانی هونەری " . (١)

بۆ نموونە دەتوانرێ بەراورد لە نێوان جۆری چالاكیی ( زانست) لەگەڵ ( هونەردا ) بكرێ .

ئاشكرایە كە هونەرمەند - لە بواری هونەردا - لە ڕوانینی خۆیدا پشت بە هەست و نەستە تایبەتییەكانی خۆی ، پشت بە تاقیكردنەوە و ئەزموونەكانی ژیانی تایبەتیی خۆی ، پشت بە چۆنێتیی ژیانبینیی خۆی دەبەستێ - لە دەربڕین دا . وەكو ئەوەی كە هونەرمەندی شانۆنامە نووسی نەرویجی (ئیبسن) دەڵێ : " هونەرمەند لە هونەرەكەیدا تەنیا ئەو شتانە دەخولقێنێ ، كە لە شەخسیەتی خۆیدا - هەر چەند بە شێوەیەكی جوزئی ، وە هەر چەند لە توێی یەك ساتەوە - دەستی كەوتوون " . (٢)

كەوابوو هونەرمەند ، لەڕێگای لێكدانەوە و دەربڕینی ڕاستییە بچووكەكانەوە ڕاستییە گەورەكان پێشچاو دەخا . ئەمە لە بواری سیستەمی هونەردا ، بەڵام لە بواری چالاكییەكانی دیكە ، بۆ نموونە لە بواری زانستی فیزیا ، بایۆلۆجی ، ئابووریناسیدا . . ، باباى زانا ، ڕاستەوخۆ ، لە ڕاستییە (گەورەكان) ، لە ڕاستییە " بەرچاو " و " سەلماوەكان " دەدوێت واتە ئەو - بە پێچەوانەوە - لە ڕاستییە گەورەكانەوە دێتە سەر شتە بچووكەكان .

ئەم دیاردەی جیاوازی هەبووتەمان ، لە نێوان لۆجیكی زانست و هونەردا ، لە كاتێكدا باشتر بۆ ڕوون دەبێتەوە ، كە دەبینین هەندێ جار : - بە پێی مەنتقی زانست - دێڕە شیعرێكی یەكجار جوانی بەرز ، لەوانەیە ببێتە مایەی - نەك ڕەخنە گرتن - بەڵكو " گاڵتە پێ كردنیش " ...

لە بواری ئابووریناسی دا ، لە كتێبێك دا ئەگەر وشەی (چینی بۆرژوا) لە شوێنی ( چینی كرێكار) ، یا ئەگەر وشەی (هێزەكانی بەرهەمهێنان) ، لە شوێنی وشەی (پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنان ) بەكار ببرێت ، وە یا لە بواری زانستی سیاسەت و حزبایەتیدا ، ئەگەر وشەی (ستراتیجیەت )لە شوێنی وشەی ( تەكتیك ) بەكاربهێنرێتە ئەوا سەرتاپای مانای ڕستەكە و چەمكە ئابووری یا سیاسییەكە لە بەین دەچێ و بەرەواژ دەبێتەوە - لە هەمان كاتدا لەوانەیە خەڵكی تووشی گومڕایی و گێژە شێوێنی بكات . لە بواری هونەریشدا هەر بە هەمان شێوەیە: بۆ نموونە لە بواری هونەری

تەشکیلی دا ، ئەگەر بێتوو داوا بکرێت کە (چاوێکی ڕاستەقینە) لە جیاتی ئەو پەڵە ڕەنگە پەمبەیەی کە هونەرمەندەکە خۆی لەباتی چاو بەکاری بردووە ، بەکار ببرێت ، یان بابڵێین (سێبەرێکی ڕاستەقینە) لە جیاتی ئەو پەڵە ڕەنگە مۆرە تۆخەی کە هونەرمەندەکە خۆی لە تابلۆکەی دا لە باتی سێبەر بەکاری بردووە ، بەکار ببرێت ، ئەوا بە هەمان شێوە ، ماناو چەمکە هونەری یەکە لەبەین دەچێ و جوانی وناهەنگی تابلوکە تێك دەشێوێ.

ئەم نمونە سادەیەمان تەنیا بۆ ئەوە هێنایەوە کە ئەو مەسەلەیەی پێشتر باسمان کرد ، مەسەلەی جیاوازی ی زمان و سیستەمی هونەر لەگەڵ زمان و سیستەمی جۆرە چالاکی یەکانی دیکە ، پیشان بدەین .

زمانی هونەر (بۆ نموونە زمانی هونەری ڕەسم - هونەری تەشکیلی) : زمانی هێڵە ، زمانی ڕەنگە ... وە لۆجیك و سیستەمەکەشی ، لەسەر ڕووانینی هونەرمەند و ، پەیوەندی ی جوانیناسانەی نێوان هێڵ و ڕەنگەکان لەگەڵ یەکتر ، هەڵچنراوە .... وە نسبیەت و پیوەری جوانیناسانەی ئەم لۆجیك و سیستەم و زمانە هونەری یەشی ، بە پێی سەردەمەکان - واتە بە پێی پێشکەوتنی هونەر و کۆمەڵ - ، دەگۆڕێت و پەرە دەستێنێ . هونەرمەندیش وەکو ئاگاداریی بۆ ترپەی دڵی ، ئاگاداری ئەو پەرەسەندنەی دنیای هونەری خۆیەتی ! بۆیە دەبینین گەلێك جار بابایەك کە دەمێکە " لەبەر ئیشوکاری تایبەتی ی خۆی ، بواری نەبووە کە سەر بە تابلۆیەك یا کتێبێکی هونەری دا بگرێ - بۆ ئەوەی بزانێ لە دیوەخانان چ باسە !" کاتێ لە بەرامبەر تابلۆیەکی هونەرمەندێکی تەعبیری (یا هەر هونەرمەندێکی ڕەسەنی هاوچاخ) ڕادەوەستێ .. سەری سوڕ دەمێنێ ! ئەمە ، هۆیەکەی ئەوەیە کە " ئەو " ئاگاداری پێشکەوتنی ناوەکی ی پیوەرە ستاتیکی یەکانی (دنیای هونەر) نیە .

ماتماتیكناسی بە ناوبانگی ڕووس (لۆباچفسکی) لە بواری ئەندازیاری و ماتماتیك دا ، تیۆری ماتماتیکیانەی (ئەقلیدس) ی تێکەڵ بە تیۆری ماتماتیکیانەی خۆی کرد و شتێکی تازەی ، تیۆرێکی ماتماتیکی ی تازەی لێ ئیجاد کرد . ئەمە ، پەرەسەندن و بەخشینێکی تازە بوو لە بواری زانست دا . هەروەها زۆر نموونەی تریش ...

کە وابوو ئەم پەرەسەندنە ناوەکی یەی دنیای هونەریش هەر - لە بواری پێشکەوتنی پیوەر و چەمکە ستاتیکی یەکان دا - شتێکی ناجۆر و بێ بەڵگە و عەنتیکە نیە . هەمان ئەو پێشکەوتن و

گۆڕانە ، لە هەموو بوار و لقە چالاکییەکانی دیکەی ژیان دا هەر هەیە و بەردەوامیش ڕوو دەدەن . بۆ نموونە : گۆڕان لە بواری بیرکردنەوە و خوو و ڕەوشتی خەڵك دا ، لە بواری خانووبەرە بنیاتنان و میعماری دا ، تەنانەت لە بواری سیاسەتیش دا ..

هەموو جۆرە چالاکی یەك ، لە بواری خۆی دا و لە دنیای سنووری خۆی دا ، بەپێی سیستەم و لۆجیکی ناوەوەی خۆی ، وە بەپێی پەیوەندی و پەیوەندی گۆڕانی لەگەڵ دەرەوە و لەگەڵ چالاکییەکانی دیکەی دەوری خۆی ، پەرە دەستێنێ و گۆڕانی بەسەردا دێ : پێوەری ڕاست بوونی شتێکی ئەمڕۆی ، بە کەڵك بوونی ئەمڕۆی ، جوان بوونی ئەمڕۆی ، لەگەڵ هی دوێنێ ی ، وە لەگەڵ هی سبەینێی جیاوازە . هونەریش یەکێکە لەو چالاکی و لەو دنیا سەربەخۆ و تایبەتانە : دەگۆڕێت .

ئەم گۆڕانە ، واتە گۆڕانی پێوەرەکانی هونەر و چەمکی داهێنان ، وە هەروەها گۆڕان لە بواری پێداویستی یەکانی چالاکییەکانی دیکەش دا ، شتێکە : پەیوەندی بە پێداویستی یە کۆمەلایەتی و فیکری و دەروونی یەکانی کۆمەڵەکەمانەوە هەیە و ئەمە ئەرکی ڕووناکبیر و لێپرساوە شۆڕشخواز و دەستە ڕۆشنبیرەکانە ، کە گرێ و گۆلی چەمکە تازە و هاوچاخەکانی : هونەر ، ئەخلاق ، سیاسەت ، زانست ، شۆڕش . بۆ خوێنەران وبۆ جەماوەر ڕوون بکەنەوە ! وە هەوڵ بدەن کە چەمکە تازە و ڕاستەقینەکانی هونەر ، فەلسەفە ، ڕۆشنبیری ، زانستی ئابووری ، سیاسەت .. هتد ، لە جەماوەر نزیك بکەنەوە ! ...

یەکێك لە خاسیەتە بنچینەیی و هەرە گرینگەکانی ئەو یەکەی شۆڕشگێڕی یەی کە باسمان کرد : پێویستی ی هەبوونی ئەم هاوکاری یەیە ، ئەم تەسیر گۆڕینەوە و شان بە شانی یەکتر ڕۆیشتنەیە !

( فرانس فانۆن ) لە پێشەکی ی کتێبێکی خۆی دا ، دەڵێ : "گەرەی پێویستە : نزیك کردنەوەی شۆڕشە لە خەڵك ، ئەگەر بێتوو ڕێی شۆڕش بۆ خەڵکی خۆش بکرێت ، ( ئەوا شیعر هەرلەخۆیەوە سەر هەڵ دەدا ) . لە پێناو کەوتنە سەر کاری واقیەیانە ، تۆ پێویستە ( بەشێکی زندووی ) ئەفریقا و ( بیرکردنەوەی ) ئەفریقا بێت ، تۆ پێویستە یەکێك بێت لە توخمە بنچینەیی یەکانی ئەو هێزە گشتی یە . " (٢)

کە وابوو ئەو ( هێزە گشتی ) یە ، واتە ( گەل ) ، ناتوانێ تەنیا لە بوارێك دا ، وە تەنیا بە یەك جۆرە چالاکی ، ئەرکی گەورە و فراوانی ( شۆڕش ) جێ بە جێ بکات ، بەڵکو پێویستە ،

هەواڵنامەی کتێب

هەر هەموو جۆر و لقی چالاکییەکان ، هەر یەکەو لە بواری خۆیدا ببێتە ( بەشێکی زیندووی ) میللەت و وڵاتەکەی ، وە هەر یەکێک لەو لقە چالاکییانە ، پێویستە خۆی بە توخمێکی بنچینەیی و ( پێکهێنەری ) ئەو هێزە گشتییەی شۆڕش بزانێ - نەوەك لقێکی چالاکی شۆڕش سەربەستی و سەربەخۆیی لقێکی دیکە زەوت بکا ، وەیان قورسایی ئەرکی مێژووییانەی خۆی بخاتە سەر یەکێکی دیکە . ( گرامشی ) - نووسەر و خەباتگێڕی گەورەی ئیتالی - ، لە یەکێك لە نووسراوەکانی خۆیدا ( لە نامەیەکدا کە لە زیندان نووسیویەتی ) دەڵێ : ( پیاوی سیاسی ، هونەری سەردەمەکەی خۆی ، دەپلیشێنێتەوە ، لە پێناو ئەوەی کە " جیهانێکی ڕۆشنبیرانەی تایبەت " دەربڕێ ، بەڵام ئەمیان ، چالاکی یەکی سیاسییە ، نەك ڕەخنەی هونەری ) . (٤)

بە هێنانەوەی ئەم قسەیەی " گرامشی " دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا :

هەر جۆرە چالاکییەك ، هەر لقە چالاکییەك پێوەرێکی باڵی سەر بەمەمان جۆری چالاکییە دیاری کراوەکە خۆی ، داوەریی دەکات : پێوەرێکی شۆڕشخوازانەی ڕەسەن و هاوچاخ ... پێوەرێك کە لە کانگای پێداویستی و ئەرکە مێژوویییە ڕەسەنەکانی ئەو قۆناغەی میللەتەکەوە هەڵقوڵابێت .

هەروەها ڕادەی دڵسۆزی نواندن و ئیلتیزام نواندنیش هەر ، هەمان ئەم پێوەرە باڵایە دیاریی دەکات .

هەڵبەتا لە لایەکی تریشەوە ئاشکرایە کە - لە هەمان کاتدا - هیچ جۆرە چالاکییەك ، هیچ لقە چالاکییەك - هەر هەموویان ، دابڕ ناکرێن لەو ئیلتیزامەی کە بە یەکەی شۆڕشگێڕیی ژیانی میللەتەکەیانەوە هەیانە .. هێندە نەبێ ، کە : شێوەی ئەو ئیلتیزامە ، لە هەموو لقە چالاکی یەکاندا وەکو یەکتر نیە .

ئیلتیزامی هونەرمەند بە یەکەی شۆڕشگێڕییەوە :

ئیلتیزامی هونەرمەند بەیەکەی شۆڕشگێڕییەوە ، بەمانای هیچ جۆرە ئیلتیزامێك بە هیچ دەستە و تاقمێکی حزبی ، وەیا تەنانەت بە هیچ ئایدیۆلۆجیەتێکیشەوە نیە ، بەڵکو ئیلتیزامێکە بەیەکێك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ( دیکەی ) هونەرەکەی ، واتە : بە بوعدە کۆمەڵایەتی و مێژوویی یەکەی هونەرەکەی .

چونکە ( هونەرمەند ) - دەزانێ - ئەم بوعدە کۆمەڵایەتییە ، ئەم بوعدە شارستانی و مێژوویی یە گرینگە ، بیەوێ و نەیەوێ

لە هونەرەکەی دا ڕەنگ دەداتەوە ، بە دیاردەکەوێ. ڕووانینی هونەرمەند - بۆ ئەم لایەنە گرینگ و بایەخدارە - ، بۆ ژیان: ڕەگەزێکە ، لە ڕیزی ئەو ڕەگەزە هەرە گرینگانەی کە هونەرمەند لای خۆی ، لە هەمان ئاستی ڕەگەزە بنچینەیی یەکانی دیکەی وەکو: ( تەکنیک ) ، ( شێواز ) ، ( فۆرم ) ... هتد ، ڕەچاوی دەکا و بە گرینگی دەزانێ ...

بۆ نموونە هونەرمەندی ئیسپانی ( گۆیا - Goya ) لە یەکێک لە تابلۆکانی خۆیدا ، گوللە باران کرانی پێشمەرگە ئیسپانیەکان بە دەست سەربازەکانی ناپلیۆنەوە ڕەسم کردووە ، کە لەسەرخاکی داگیرکراوی خۆیان دا ، شەهید دەکرێن . گۆیا لەم تابلۆیەیدا ، تەبای هەر هونەرمەندێکی ڕەسەن ، حسێبی تەنیا بۆ جوانکاریی ڕەنگ و هێڵەکان و ، بۆ تازەیی تەکنیک و فۆرم و شێوازی تابلۆکە نە کردووە بەس ، بەڵکو - گۆیا ، بە بێ ئەوەی سەر بە هیچ ئایدیۆلۆجیەت و حزبێکیش بێت - حسێب بۆ ئەو بوعدە مێژوویی و کۆمەلایەتی یەش : بۆ یەکەی شۆڕشگێڕی ی نەتەوەکە و سەردەمەکەشی کردووە ...چونکە زانیویەتی لە هەمبەری دا بەر پرسیارە : ڕق و تووڕەیی یەکی گیانفیدا کارانەی لە هەر دەم و چاوی پێشمەرگە و ئینسانە گوللە باران کراوەکان دا ڕەسم کردووە ! ڕق و تووڕەیی یەک ، یاخی بوونێک ، ئازارێک ، کە گۆیا خۆی بە دەستیانەوە تلاوەتەوە .. دیارە ( گۆیا ) ئازار و یاخی بوون و تووڕەیی ی میللەتەکەی خۆی - دژ بە داگیرکەران - خۆش ویستووە .. وە ئەمەی بە ڕەگەزێکی گرینگ زانیوە لە هونەرەکەی دا .. واتە ئەم یاخی بوون و تووڕەیی یە ، بەشێک بووە ؛ ڕەگەزێک بووە ، لە ئیلتیزامی ( هونەریانەی ) گۆیا .

ڕووانینی هونەرمەند ، کە دەکا مانا بەخشین بە ئەزموون و ڕووداو و ، دیاردە ورد و درشتەکانی ژیان و کۆمەڵ ، لە ڕووی لێکدانەوە قووڵەکانی ، بۆ گیروگرفت و کارەساتەکانی کۆمەڵ و سەردەم و وڵاتەکەی ، چەنێک گرینگی و بایەخی خۆیان - لە بواری گۆڕانکاری ی کۆمەڵ دا - هەیە ، ڕەگەزە فەنتاستیکی و هونەریەکانی دیکەش ، بە هەمان ئەندازە .

ئەو بەخشش و داهێنان و تازەکاریانەی کە ( گۆیا ) وە یا ( پیکاسۆ ) ، کە لە بواری فۆرم و ( تەکنیک ) و ( شێواز ) و دروست کردنی پەیوەندی ی ستاتیکیانەی نێوان ڕەنگ لەگەڵ یەکترە هێڵ لەگەڵ یەکترە فیگەر لەگەڵ یەکترەلەبواری هونەری تەشکیلیدا هاوردنیان .. ئەو بەخشش و تازەکارییە هونەریانە ، شان بەشانی ئەوەی کە

دیاردەیەکی فەنتاستیکی و "هونەری" بوون : لە هەمان کاتـــدا بەشداری کردنێکی شارستانیانە و شۆڕشخوازانەی یەکجار گەورەو بەزەبر بوون لە بواری شلەقاندنی گۆمی زەوق و بیروبۆچوونـــە قالب بەستووەکان و ، گورپێدان بە یەکـــەی شـــۆڕشگێڕی میللەتەکەیان و تەنانەت بەهی هەموو دنیاش ـ بە شێوەیەك کـــە تا هەتایە لە بیر ناچنەوە و شوێن پەنجەیان بەسەر ســـەدان نەوەی دووای ئێمەشەوە هەردەمێنێ ٠

کە واتە ئیلتیزامی هونەرمەند بە یەکەی شۆڕشگێڕی ژیانەوە، کە دەکات بە بوعدی کۆمەلایەتی و مێژوویانە لە هونەرەکەی دا ، لە هەمان ئاستی ئەو ئیلتیزام هەبوونیەتی بەرەگەزە هونەرییـــە بنچینەیی یەکانی دیکەی وەکو : شێواز ، تەکنیك ، فۆرم ـ نە زیاتر و نە کەمتر !

خۆ ئەگەر تەماشای هونەر و ئەدەبی میللەتی خۆشمان بکەین: تازەکاری و بەخشش و داهێنانەکانی ـ گۆران ـ ی شـــاعیـــری شۆڕشخوازی خۆشمان !

ئەو شۆڕشەی کە گۆران لە بواری شێوە و شێواز و (تەکنیك) و ( وێنە ) و ( وەزن ) و ( زمانی شیعر ) ٠٠٠ بەرپای کرد ـ گرێدراو بە دەربڕینی ڕووانینەکەی ـ : شۆڕشێك بوو کە هێز و گوڕێکـــی یەکجار بە زەبر و بێ هاوتای بەخشییە دنیای هونەر و کەلەپووری شیعری میللەتەکەمان ٠ ئەو تازەکاری و داهێنانە هونەرییانـــەی گۆران ، دیاردەیەکی فەنتاستیکی و هونەریی ئێندە گەورە بوون : کە باوەڕی ئینسانی کورد بە ( توانایاریی هونەر ) لە بـــواری گۆرانکاریی کۆمەلایەتی دا بە هێزتر دەکەن ٠

---

هونەر ئەمەیە ، کە لە ڕێگای جوانیی خۆیەوە ، سەرنجت بـــۆ جوانیی ، یا بۆ ( پێویستیی ) جوان کردنی هەموو لایەن و شتەکانی دیکەی ژیان ڕابکێشێ ٠٠ کە لە ڕێگای خۆیەوە ، سەرنجت بـــۆ هەموو کۆمەل ، هەموو دنیا ڕابکێشێ : سەرنجت بۆ ڕۆحی خـــۆت و ڕۆحی میللەت و ڕۆحی سەردەمەکەت ـ یا بە زمانێکـــــــی کۆمەلایەتییانە ، لێرەدا دەتوانین بلێین ـ : سەرنجت بۆ پەیوەندی هەبوونت بە ئاواتە نموونەیی یەکانی یەکەی شۆڕشگێڕی میللەتەکەت ڕابکـــێشێ ٠

( گۆران ) ئەم ئەرکە گەورەیەی خۆی ، لە قۆناغێکی دیاری کراوی ژیانی میللەتەکەمان دا ، ئەنجام دا ٠ هەمان ئەرك ـ بەلام بـــــە شێوە و ناوەڕۆکێکی تر ـ درێژەی هەیە ٠٠٠

پێویستە ئەوەش بلێین : لەو قۆناغ و ڕۆژگارەی ، کە (گۆران)

لەناو غەم و ئیلتیزامی هونەری دا بۆ گۆڕینیان بە یەکەی شۆڕشگێڕی ی میللەتەکەمان دەژیا ، لە هەمان ڕۆژگار ، کەسانی وەکو ( عەبدولواحید نووری ) و ( جەمال عیرفان ) و ڕۆشنبیران و لێهاتووانی تریشمان .. هەر یەکەو لە بواری چالاکی ی دیاری کراوی خۆیان دا ، ئیشیان دەکرد و لە بواری لقە چالاکییە جیا جیاکانی وەکو : ڕۆشنبیری ، سیاسەت ، مێژوونووسێتی ، ڕۆژنامەگەری ... هتد ، ئەرکی پیرۆزی دیاری کراوی شۆڕشخوازانەی خۆیان بۆ میللەتەکەیان بە جێ دەگەیاند ...

بەم شێوەیە ، هونەر و ( حزبایەتی ) و ( ڕۆشنبیری ) .. شان بەشانی لقە چالاکییە شۆڕشخوازە جۆرا وجۆرەکانی دیکە ، لە هەموو قۆناغێک دا : لەناو یەک بۆتەی ژان و جینگڵ دان و بزووتنەوەی مرۆڤایەتی دا دەژین و هەناسە دەدەن ، وە هەریەکە بە زمانی تایبەتی ی خۆی ، بە سیستەمی تایبەتی ی خۆی ، بە لۆجیکی تایبەتی ی خۆی ، ڕۆڵی خۆی بەسەر گۆڕانکاری ی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێ وە بزووتنەوەی هەر قۆناغێک بەری داری ئەوەی پێشوویەتی ، وە پێویستیشە لەوەی پێشووی خۆی پێشکەوتووتر و کامڵتر بێت و ، شێلگیرانەتر و وردبینانەتر لە غەمی کۆمەڵ و چارەنووسی میللەتەکەی خۆی دا بێت .

هونەرمەند چۆن لە کاتێک دا کە دەیەوێ لە ڕێگای دەربڕینی حەقیقەتی خۆیەوە حەقیقەتە گەورەکان تاوتوێ بکات ، وە چۆن لە کاتێکدا کە دەیەوێ کارەسات و گیروگرفتەکانی کۆمەڵەکەی لێک بداتەوە و چەمکێکی کۆمەڵایەتی ببەخشێتە شتەکان ، لە هەمان کات دا ، وە بە هەمان ئەندازە ، ( تازەیی ی ڕوانینەکەی ) و سەربەخۆیی ی جۆری ژیانبینینی یەکەشی ڕەچاو دەکات .

ئەوەی لە هونەردا مەرجی سەرەکییە : سەربەخۆیی و تازەیی ی ڕوانینی هونەرمەندە ، لە چۆنیەتی ی ژیانبینینی ئەودا .

هونەر ئەم خاسیەتەی هەیە : هونەر نیە ئەگەر بێتوو دەنگێکی سەربەخۆ و ، هەڵبوێردراوی ، شەخسی ی نووسەرەکە خۆی ، لە کانگای بەرهەمەکەیەوە ، وە لە هەموو ئینجێکی دیاری کراوی بەرهەمەکەیەوە وە بەتاهەنگێکی زۆر تایبەت وتاکرەویشەوە لەبەرهەمەکەی بەرزنەبێتەوە ؛

دیستۆفسکی یەکێکە لەو دەنگە دنیا سەربەخۆ و تازانە . ئەوە لەزەمانی تەیەردا ، ڕۆمانی ( ئەهریمەنەکان ) یان با بڵێین ( دەستوەشاندراوەکان ) ی نووسی ، کە باس لە پاڵەوان و ڕوداوەکان و ژیان و چارەنووسی دەستەیەک ئینسانی ، سەر بە حزبێکی شۆڕشخوازانەی ئەو سەردەم دەکات : حزبی یا گرووپی ( پتراشفسکی Petrashevsky ) .

دستۆفسکی لەم ڕۆمانەیدا ـ بێ ئەوەی کە خۆی سەربە هیچ حزبێك بێت ـ ، وەبێ ئەوەی لایەنگیری لە هیچ دەستە و تاقمێکی حزبیی غەیری ( پتراشفسکی ) ، وەیا لایەنگیری لەهیچ ئایدیۆلۆجیەتێکی دیکە بکات : لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە ( بۆ یەکەی شۆڕشگێڕیی میللەتەکەی ) ، وە بە ڕووانینی قووڵ و باریکبینانەی سەربەخۆی خۆی ( بۆ ژیان ) ، زیاتر لە هەزار و دووسەد لاپەڕەی لە بارەی ئەو ماوە دیاری کراوە مێژوویی یەی گەلی ڕووس و ڕووسیای قەیسەری و : ئەم پاڵەوانانە ، نووسیوە ، کە ئەمڕۆ بە یەکێك لەو شاکارە هونەرییە قووڵ و تۆکمە و بەرزانە دەژمێردرێت کە میللەتی ڕووس تائەمڕۆ شانازیی پێوە دەکات .

نیتشە ، فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانەکان ، لە بارەی ڕۆمانەکانی دستۆفسکییەوە دەڵێ : " دستۆفسکی ، تاقە کەسێکە کە لە بواری دەروونناسیدا ، چەند شتێکی فێری من کرد " ...

هەر چۆنێك بێ ، ئەم کارە ئازادە هونەرییەی دستۆفسکی ـ هەڵبەتا وێڕای بەرهەمە تۆکمە و کارە بەناوبانگەکانی دیکەشی ، بە گەورەترین و گرینگترین بەشداریکردنی شۆڕشخوازانە لە قەڵەم دەدرێن لە بواری یەکێتی شۆڕشگێڕیی ئەو سەردەمەی میللەتی ڕووسدا .

لە بارەی هەمان ڕۆڵ بینینی کۆمەڵایەتییانە و شارستانییانەی هونەرەوە ، ڕەخنەگرێکی گەورەی ڕووس ، لە بارەی ڕۆڵی هونەری تەشکیلیی ڕووسییەوە بەسەر ڕاپەڕین و هۆشیار بوونەوەی گەلی ڕووسدا دەڵێ : " ئەگەر تابلۆ شکۆمەندە هونەرییەکانی ( لۆتیان ) یا ( شیشکین ) یا ( گراسیمۆنۆف ) .. نەبوونایە ، تێگەیشتنی ئێمە لە بارەی وڵاتی خۆمانەوە ، یەکجار نوقسان دەمایەوە ".. (٥)

هەروەها لە بارەی هەمان ڕۆڵ بینینی شۆڕشخوازانەی هونەرەوا بزانم ئینجلز ـ ، کە لە بارەی هونەری بلزاك ـ ەوە ، دەڵێ : ( ڕۆمانەکانی بلزاك ، زیاتر لە کتێبە مێژوویی و ئابووریناسی و کۆمەڵناسییەکان ، کۆمەڵی فەرەنسای ئەو سەردەمیان بەمن ناساند)..

وە گەلێك جارانیش ئەو گفتوگۆیە دووبارە دەکەنەوە کە ڕۆمانی ( چەرداخی مامە تۆم ـ ی ڕۆماننووسی ئەمریکی : بیچەر ستۆوە ، کاریگەرییەکی گەورەو و بەرزەبری بەسەر ڕاپەڕینی خەڵکی ئەمریکای باکوورەوە بینیوە ، دژ بە مەسەلەی (کۆیلایەتی) ...

لە کۆتاییدا ئەگەر قەبارەیەکی هێندە گەورەمان (لەم چەند دێڕەدا) بە هێزی هونەر و بە توانا داریی هونەر بەخشیبێ ، نکۆڵی لەوە

ناکرێ کە هەموو جۆر و لقە چالاکییە شۆڕشخوازەکانی دیکەش لە هەمان ئەم هێز و توانا داری و وزە شارستانییە بەرخوردارن . !
ئێمە چۆن باوەڕمان بە هێزی هونەر هەیە ، دەبێ هەمان باوەڕیشمان بە هێز و وزەی چالاکییەکانی دیکەش هەبێ ...

ئەلبێر کامۆ ، لە دوریانی باوەڕهەبوون و باوەڕنەبوون دا ، وە لە دوریانی ئومێد هەبوون و ئومێد نەبوون دا .. دەڵێ : " تراژیدیای گەورەی مرۆڤی ڕۆژئاوا ، لەوەدایە کە هیچ هێزێکی بۆ گۆڕانکارییە مێژوویی یەکان لە بەردەست دا نیە : نە هێزەکانی سروشت ، وە نە هێزە هاوڕێیەتی یەکان . ! " .

بەلام ئێمەی کورد ـ خۆشبەختانە ـ : خـــۆ هەموو وزە و هێزێکیشمان ـ لە پێناو گۆڕانکارییە مێژوویی یەکان ، لـــــە بەردەست دا هەیە : هەم هێزەکانی سروشت وە هەم هێـــزە هاوڕێیەتی کانیش ... ! ؟

کۆینهاگـن : ١١ / ١٩٨٦

پەراوێزەکان :


(١) : مسائل زیباشناسی و هنر ، ت : محمد تقی فرامرزی ، گفتار ( کار ، سرچشمه اساس زیبائی ) ، ص ١١٨ ، انتشارات پویا ، چاپ اول ـ طهران .
(٢) : ایلیا ارنبورغ ، کارنویسنده ، ص ٦٥ ، انتشارات گام ، چاپ دوم ، بهار ٣٧ ـ طهران .
(٣) : رضا براهنی ، قصه نویسی ، چاپ سوم ، ص ١٣١ ، نشرنو ، طهران ـ ١٣٦٢ .
(٤) : وظیفة ادبیات ، انتشارات زمان ، ص ١٢١ ، چاپ اول ، طهران ـ ٢٥٣٦ .
(٥) : مسائل زیباشناسی و هنر ، ص ٥٨ .
(٦) : وظیفة ادبیات ، ص ٢٩٠ .

ئەدەب

# دەربارەی پرنسیپە فیکری و هونەریەکانی ریالیزمی سۆسیالیستی

باوکی هەریار کردویەتی بەکوردی

ئەدەب لە هەموو شێوازە هونەریەکانی تر بە توانا ترە بۆ ڕون کردنەوە و ڕەنگ دانەوەی ئەو گۆرانکاریانەی لە واقیعی کۆمەلایەتیدا ڕوئەدەن ، لە هەموشیان زیاتر کەرەسەی دەربڕینی لەبەر دەستدایە و ئەتوانێ لە هەست و نەست و گیروگرفتەکانی خەلك بدوێ و ئامانج و پێداویستیەکانیان دەربڕێ ، بۆیە ئەتوانێ سەرنجی خەلکی بەلای خۆیدا ڕابکێشێ ·

تێگەیشتنی ئەم ڕوخسارەی ئەدەب ، وای لەو هێزە کۆمەلایەتیانە کرد ، کە لە دۆخی بەربەرەکانیدا ئەژین ، بایەخێکی زۆر بە ئەدەب بدەن · هەموو هێزێکی کۆمەلایەتی هەولٓ ئەدات ئەدەب وەك ئامرازێك بەکار بهێنێ بۆ چەسپاندنی تێڕوانین و بیر و بۆچونەکانی خۆی و داکۆکی کردن لە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی چینەکەی · هێزە شۆڕشگێڕەکانیش ، بە درێژایی مێژو ، دەرکیان بەم ڕاستیە کردبوو و ئەدەبیان وەك چەکێکی کاریگەر بەکار ئەهێنا ، چونکە کاری شۆڕشگێڕی پێویستی بەوە هەیە لە هەست و نەست و ئامانجەکانی جەماوەر بگەن ، پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی ناو کۆمەلێ دیاری کراو شیبکەنەوە و لە هۆ بابەتی و خۆییەکانی تێبگەن ، بۆ ئەوەی بتوانن بیروباوەڕ و هەستی خەلکی بەو جۆرە بگۆڕن کە زەمینەی سەرکەوتنی پەیوەندیە کۆمەلایەتیە نوێکان سازبکات · بۆیە لە توانای هیچ هێزێکی شۆڕشگێڕدا نەبووەچەکی وەنە پشت گوێ بخات ·



هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر بە وردی سەرنجی پرۆسەی دروست بونی سەرمایەداری و جێگیر بونی وەك سیستەمێکی نوێ و پێشکەوتوتر لە دەروبەگایەتی بدەین ، ئەوەمان بۆ رون ئەبێتەوە ئەدەب فاکتەرێکی گرنك بووە بۆ ئامادەکرن و گۆش کردنی خەڵك بۆ قبوڵ کردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە نوێکان و خەبات‌کردن بۆ لەناوبردنی پەیوەندیە کۆنەکان . ئەوە بور شاکارە ئەدەبیە هەمە جۆرەکانی ئینگلستان و فەڕەنسا ، لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم و بە درێژایی سەدەی هەژدەهەم ، بە تایبەتی شاکارە ئەمرەکانی شەکسپیر ، ڕۆڵێکی تایبەتیان هەبور لە گۆڕینی باوەڕی خەڵك بە ڕەوابونی دەرەبەگایەتی و حەتمیەتی بەردەوام بونی ، چاندنی دوو دڵی لەنێو لایەنگیرانی دا ، و سازو ئامادەکردنی هەلومەرجی دەرونی وەها بۆ جەماوەر کە بۆ گۆڕینی ئەو ڕژێمە تێبکۆشێ . ئەمەش بو ڕۆڵی پێشکەوتنخوازانەی فیکری بۆرجوازی بە گشتی و ئەدەبی بۆرجوازی بە تایبەتی لە گۆڕینی ئەو پەیوەندیانەی دەرەبەگایەتی دا کە ببونە کۆسپ لەسەر ڕێگەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و جێگیربونی پەیوەندیە نوێکان ( واتە پەیوەندیەکانی سەرمایەداری ) ، بە واتایەکی تر ئەو کاتە جۆرێك تەبایی لە نێوان پێداویستیەکانی گەشەکردنی بابەتی هێزەکانی بەرهەمهێنان و بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری دا هەبوو ، بۆیە فیکر و ئەدەبی سەرمایەداری ناوەڕۆکێکی پێشکەوتنخوازانەیان هەبوو .

بەلاّم زۆری پێ نەچوو فیکری سەرمایەداری بوە چەکێك دژی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی ڕژێمی سەرمایەداریان بە کۆسپی سەر ڕێگەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دا ئەنا . بۆیە لە کۆتایی سەدەی ڕابردووە هەتا ئەمڕۆ ململانێیەکی بێ ووچان و توندوتیژ لە بواری ئەدەبدا کەوتە نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزمەوە ، سەرمایەدای ئەی ویست ئەدەب بۆ هێشتنەوەی ڕژێمەکەی بەکاربهێنێ و سۆسیالیزمیش ئەیویست ئەدەب بۆ خزمەتی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵدا بخاتە گەڕ .

سەرەڕای جیاوازی قوتابخانەکانی ئەدەب و ئەو ناوانەی بۆیان دانراوە ، ئەتوانین ئەدەب لە ژێر دوو ناونیشاندا کۆبکەینەوە ، یەکەم : ئەدەبێك ئەیەوێ ڕژێمی سەرمایەداری بپارێزێ و تەمەنی درێژبکاتەوە ، دوەم : ئەدەبێك ئەیەوێ ئەو ڕژێمە لەناوبەرێت . ئەم دوو ناونیشانەش ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێ کۆمەڵایەتیە هەمە جۆرانەیە کە لە نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزمدایە .

سۆسیالیزم زیاتر لە هەموو فۆرماسیۆنە ئابوریە ـ کۆمەڵایەتیەکانی

ڕابردوو بایەخی بە ئەدەب داوە و بە ئامرازێکی کاریگەری داناوە بۆ تێگەیشتن لە واقیع و سازکردنی پێداویستیەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی . ئەم بایەخ پێ دانەش لە سەرەتای سەرهەڵدانی فیکری سۆسیالیزمی زانستییەوە دەستی پێکرد و لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتوبەری سۆسیالیستی مەزن زۆرتر و هەمەلایەن تر بوو .

ئەدەبی چینی کرێکار و توێژەکانی تری زەحمەتکێشان لە پێش سەرهەڵدانی مارکسیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ، هەروەها ئەدەبی چەوساوەکان بە درێژایی مێژوو ، خاوەنی ڕێبازێکی ئەدەبی کامڵ نەبوو ، هەر لەبەر ئەوەش بوو قوتابخانەیەکی ئەدەبی وەها دانەمەزرا کە بتوانێ ناکۆکی لە هەست و بەرژەوەندیەکانی جەماوەر بکات و بیروڕا و هەستی زەحمەتکێشان و ڕوشنبیرەکان بۆلای خۆی ڕابکێشێ و بەردەوام بێت لەسەر بەرهەم و پێشکەوتن . وە ئەگەر چی سەرەتای دەست پێ کردنی ئەو قوتابخانەیە لە کۆتایی سەدەی ڕابردودا کۆمەڵێک خەون و ئەندێشەی ئایدیالیستی بوو، بەلام لەسەر دەستی مارکس و ئەنگلز بوە زانستیکی کامڵی وەها کە ئەتوانێ لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بکات . بوە زانستێک تەنیا بە شیکردنەوەی واقیع هەڵنەدەستا ، بەڵکو کاری بۆ گۆڕینی شۆڕشگێڕانەشی ئەکرد . هەر لەبەر ئەوەش بوو ئیتر ئەدیبەکان ، وەك ڕۆمانسیەکان و ڕیالیزمە خۆرسکی و میکانیکیەکان ، تەنیا لە بێ دەرەتانی جەماوەر نەئەدوان بەڵکو بە شێوەیەکی ئیجابیش لە ویست و ئامانجەکانی جەماوەر ئەدوان و پەروەردە و گۆشیان ئەکردن و باوەڕیان بەدوا ڕۆژی ڕوناك و بێ چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە پتەو ئەکرد .

بەو جۆرە ئاقارەکانی ڕیالیزمی نوێ ی ئەدەبی ئەوروپا و ڕوسیا لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا سەری هەڵدا و چەندین ناوی ئەدەبی مەزنی وەك : "مینا کاوتسکی " لە نەمسا ، " مارگریت هارکنس " لە ئینگلستان و " مەکسیم گۆرگی " لە ڕوسیا ، ئاسمانەکەیان ڕازاندەوە .

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆسیالیستی ، زەمینەی لەبار بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی ئەدەبی نوێ ی خاوەن ڕوخسار و توانای تایبەتی بۆ چونە ناو ناخی مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵایەتی لەبارتر بوە ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆ ، لەوانە :

١) هاتنەکایەوەی پەیوەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی نوێ ، لەسەر بناغەی خاوەندارێتی بەکۆمەڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان . ئەم پەیوەندیانەش بواری زۆر فراوانیان بۆ مرۆڤ سازکردە وتوانی داهێنانی خۆی لە بوارەکانی ژیانی مادی و ڕۆحی دا بهێنێتە ئاراوە ، ئەدەبیش یەکێك بوو لەو بوارانە .

٢) پێویستی ئەمجۆرە پەیوەندیانە بە چەمك و ڕۆشنبیری تایبەتی لەو جۆرەی کە سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ مسۆگەر بکات ، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە ناقاری وەها لە بواری ئەدەبدا زاڵ بێت کە سروشتی جەماوەری هەبێ و بتوانێ فراوانترین بەشی چین و توێژەکانی گەل لەو خەیاڵ پلاوی و بیروبۆچون و ڕەوشتانەی بۆرجوازیەت ڕزگاربکات کە لە ئەنجامی خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دروست بون.

٣) بلاوبونەوەی بیروڕای سۆسیالیزمی زانستی بەشێوەیەکی فراوان لەنێو ئەدیب و ئەدەبدۆستەکاندا و لەدایك بونی نەوەیەکی نوێی خاوەن بەهرەی ئەدەبی وەها کە پشتیان بە تێڕوانینی زانستیانەی ڕاست و دروست بۆ جیهان ئەبەست و لەکاتی نوسین و داهێنانیاندا پەنایان ئەبردە بەر ئەو بیروڕا و بۆچونە ڕەسەنانەی یارمەتی ئەدان داهێنانی خۆیان لە بابەتی جوان و سودبەخش و شێلگیر لەگەڵ جولانەوەی مێژوودا دەربڕن.

٤) نەمانی بناغەی بابەتی بۆ ئەو جۆرە ئەدەبانەی ئەیان ویست تێڕوانینی مرۆڤ بۆ جیهان و ژیانی کۆمەلایەتی بشێوێنن و گیانی بەرەنگاری و تێکۆشانی خەڵکی لەناوبەرن. چونکە لەناوچوونی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لە شەش یەکی گێتیدا ، ئەوەی دەرخست کە مرۆڤایەتی ئیتر پێویستی بەو ئەدەبی لەو جۆرە نەماوە.

لەسەر ئەم بناغە بابەتیە ئەدەبی ڕیالیزمی سۆسیالیستی وەك قوتابخانەیەك ، لە ئەنجامی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن هاتە مەیدانی ڕۆشنبیریەوە. جالێرەدا پرسیارێك خۆی قوت ئەکاتەوە : ڕیالیزمی سۆسیالیستی چیە و نیشانە گشتیەکانی کامانەیە ؟

زاراوەی ڕیالیزمی سۆسیالیستی بۆ یەکەم جار لەبواری ئەدەب و هونەردا ، لەلایەن " مەکسیم گۆرگی " یەوە بەکارهێنرا ، ئەویش لەو وتەیەدا بوو کە لەیەکەمین کۆنفرانسی نوسەرانی سۆڤیەتدا ساڵی ١٩٣٢ پێشکەشی کرد. گۆرگی زاراوەکەی بەم شێوەیە ڕون کردۆتەوە : " ... پێویستە ئەدەب و هونەر بیرۆکەی خۆیان لە ژیانەوە هەڵهێنجن ، و بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە باسی واقیعی نوێ بکەن ، هەموو لایەنە ئیجابیەکان لە خەڵکدا ببزوێنن و خۆشەویستیان بۆ ژیان پەرە پێبدەن و لە ڕێگەی شیکردنەوەی واقیعی کۆمەلایەتی دیاریکراوەوە ، سروشتی قۆناغی مێژوویی بەهەموو لایەن و دورکاریەکانیەوە دەربڕن ". لە دوای ئەوە ڕیالیزمی سۆسیالیستی گەشەی کرد و شارەزایی و تاقیکردنەوەی نوێی هاتەسەر ، هەتا وای لێ هات بووە فراوانترن قوتابخانەی ئەدەبی ئەم سەردەمە و توانی ئەدەبی کۆمەڵگای سۆسیالیستی و

بەشێك لە ئەدەبی وڵاتە سەرمایەدارییەکان و "جیهانی سێیەم" لەژێر ئالآی خۆی دا کۆبکاتەوە .

ڕیالیزمی سۆسیالیستی ئاقارێکی ئەدەبی و هونەرییە ، هەڵوێستی ئیجابی بەرامبەر مرۆڤ هەیە .. مرۆڤ بە بەنرخترین سەرمایە دائەنێ و هانی ئەدات بۆ خەبات کردن لە پێناوی بنیات نانی ژیانێکی نوێ و بەرگری کردنی هەموو هێزە ئەهریمەنییەکان ، وە ئەوە دەرئەخات کە ئەدەبی کۆنەپەرست نەخوشی گۆشەگیری و هەڵهاتن لەواقیع لەناو خەڵکیدا بڵاوئەکاتەوە .

بەم شێوەیە ڕیالیزمی سۆسیالیستی جیاوازیەکی بنەڕەتی لەگەڵ قوتابخانە ئەدەبیەکانی تردا هەیە ، بگرە لەگەڵ ئەو قوتابخانانەشدا جیاوازی هەیە کە دژی سەرمایەداری ئەجەنگن . لەوانەیە ڕستەچڕەکانی "شۆلۆخوف" لە ئاهەنگی وەرگرتنی "خەڵاتی نۆبڵ"دا ساڵی ١٩٦٥ لە ستۆکهۆڵم بەچاکی ئەو جیاوازیەی نێوان ڕیالیزمی سۆسیالیستی و قوتابخانەکانی تر دیاری بکات ، شۆلۆخۆف ئەڵێ : "ڕیالیزمی سۆسیالیستی تیڕوانینێکە بۆ جیهان ئەندێشەی خۆیی و هەڵهاتن لە واقیع ڕەتئەکاتەوە " بەڵام ئەو دوو نەخۆشیە پڕمەترسیەمان بۆ دەرئەکەوێ کە بۆرجوازیەت ئەیەوێ بڵاوی بکاتەوە و ئەدەبیش بۆ بڵاوکردنەوەی لەناوخەڵکدا ئەخاتەگەڕ .

گومانی تیانیە کە هەر قوتابخانەیەکی ئەدەبی بنچینەیەکی فەلسەفی خۆی هەیە ، ئەگەر فەلسەفەی ئایدیالیزم بنچینەی فیکری قوتابخانەی ئەدەبی بۆرجوازی بێت ئەوا فەلسەفەی مەتریالیزم بنچینەی فیکری ئەدەبی ڕیالیزمی سۆسیالیستیە .

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو ، ڕەوشت و ڕەفتارەکانی مرۆڤ دیاری ئەکەن . ڕیالیزمی سۆسیالیستی لەم پرنسیپەوە سەرچاوە ئەگرێ و دەست بەشیکردنەوەی ڕوداو و دیاردەکان ئەکات و بەشێوەیەکی ڕوت و دور لەواقیع ناڕوانێتە ڕەفتار و ڕەوشتەکانی خەڵکی : هەر لەبەر ئەوەشە بانگەوازی ڕیالیزمی سۆسیالیستی بۆ چاکە وخێر - کە ڕوخسارێکی گشتی و جیاکەرەوەی ئەو ئەدەبەیە - بەناو شیکردنەوەی واقیع و خەباتکردن بۆ گەشەپێدانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و دیاریکردن و کۆکردنەوە و گۆشکردنی هێزەکانی خەباتدا تێ ئەپەڕێ . هەروەها کاتێ پەردە لەسەر ڕوی خراپە و شەڕ هەڵئەماڵێ ، لەناو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا بەدوای ڕیشەکانیدا ئەگەڕێت و بە مەسەلەیەکی خودی ڕوتی خاوەنەکەی نادات ە قەڵەم و بۆ گۆڕینیشی باوەڕی بەقسەی مفت و ئامۆژگاری پیاوچاکانە نیە ، بەڵکو ئەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیەی

بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی خراپە و شەڕ . ئەمەش یەکەمین پرنسیپی فیکری بنچینەیی ڕیالیزمی سۆسیالیستیە .

پرنسیپی دووەم ئەوەیە کە جەماوەری گەل نەك تاکە کەس، هێزو ئامرازی بڕیاردەری گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکانە ، لەبەر ئەوە ئەدەبی ڕیالیزمی سۆسیالیستی هەمیشە بایەخێکی تایبەتی داوە بەڕۆڵی جەماوەر . لە لایەکی تریشەوە ئەگەر هەر کارێکی ئەدەبی پێویستی بە پاڵەوانێك هەبێت ، ئەوا لێرەدا پاڵەوان ئەو کەسەیە کە بتوانێ لەگەڵ یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دا بگونجێ و بزانێ چۆن پشت بە جەماوەر ئەبەستێ و بەچ شێوەیەك گۆشی ئەکات ـ واتە ڕونکردنەوەی وزەی مەزنی جولانەوەی جەماوەری یەکێکە لەنیشانەکانی ئەم ئەدەبە .

سۆسیالیزمی زانستی لەو بڕاوەیەدایە کە بیروباوەڕ کاتێك ئەبێتە هێزێکی مادی کاریگەر کە لەناو جەماوەردا بڵاوبکرێتەوە . ڕیالیزمی سۆسیالیستی لە کاتی دەربڕینی ئەدەب و هونەردا بۆ جەماوەر لەم گوتەیەوە دەست پێ ئەکات و لە ئاستی چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕاناوەستێ ، بەڵکو لەوە زیاتر ئەو کارە بەشێوەیەکی هونەری جوان دائەڕێژێ ، بۆ ئەوەی بتوانێ بگاتە مێشکی زۆربەی زۆری جەماوەر و هوشیاریان بکاتەوە و بیانکاتە هێزێکی کاریگەر . لێرەدا ئەو ئاڵۆزی شێوە و ڕوخسارە هستیریانەی لە قوتابخانەکانی تردا بەدەر ئەکەون و هۆی تێ نەگەیشتن و مامەڵە نەکردنیانە لەگەڵ واقیعدا ، لەڕیالیزمی سۆسیالیستی دا بەدی ناکرێت .

دوای شۆڕشی ئۆکتوبەر ، ڕیالیزمی سۆسیالیستی لە ئەدەب و هونەردا زیاتر چەسپی و بەهێزتر بوو ، ئەمەش نەك هەر لە یەکێتی سۆڤیەت ، بەڵکو لەسەرتاسەری جیهاندا ، زۆربەی ئەدیب و هونەرمەندە پێشکەوتنخوازەکانی دنیا پرنسیپەکانی ڕیالیزمی سۆسیالیستیان کردە بناغەی تێڕوانین بۆ واقیع و مامەڵەکردن لەگەڵیدا ، ئەوەش ڕەنگدانەوەی خۆی لە بەرهەمەکانی ئەو ئەدیب و هونەرمەندانەدا دروستکرد .

تێگەیشتنی زانستی و ڕاست و دروستی ڕیالیزمی سۆسیالیستی لە جولانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و یاساکانی پەرەسەندنی ، بارمەتی ئەوەی دا ئەو قوتابخانەیە دیارترین نیشانە و ڕوخسار بەخۆوە بگرێت ، ئەویش " ئومێدبینی (گەشبینی) مێژوویی " بو . چونکە ڕیالیزمی سۆسیالیستی هەمیشە لەو بڕوایەدا بووە کە مرۆڤایەتی ئەبێ لە دوا ئەنجامدا بەسەر هێزی شەڕدا سەرکەوێت و بە ژیانی مرۆڤایەتی ڕاستەقینە شادبێت و لە سێبەری پەیوەندی مرۆڤایەتی

ڕاستەقینەدا بژێ. ئەم "ئومێدبینیەش" لە گشت کارێکی ئەدەبی و مەسەلەی دیاریکردنی کەسایەتی هەموو پالەوانەکانی ڕیالیزمی سۆسیالیستیدا بەدەر ئەکەوێت.

لە بەر ئەوەی واقیعی کۆمەلایەتی هوشیاری و هەلوێستەکانی خەلك دیاری ئەکات، بۆیە شتێکی ئاساییە لە ئەدەبی هەمو سەردەمێکی مێژوویی دا جۆری تایبەتی پالەوان بەدی بکەین و نیشانەکانی ئەو فۆرماسیۆنە ئابوریە ـ کۆمەلایەتیە باوەش لە پالەوانەکەدا ڕەچاو بکەین چاوخشاندنێك بە ئەدەبی سەرمایەداری دا بە هەموو قوتابخانە جۆربەجۆرەکانیەوە ئەو ڕاستیەی سەرەوە دوپات ئەکەنەوە. پالەوانەکانی ئەدەب لەسێبەری سەرمایەداری دا ، بەتایبەتی لە پێش سەرهەلدانی مارکسیزم و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ، لە دوو جۆر زیاتر نەبو: یەکێکیان وێنەی پالەوانێك دەرئەخات کە لە پیاوە خاوەن کارە سەرکەوتووەکانە و ئەنجامی سەروەت و سامانی زۆر و زیرەکی لە ژیان دا و گونجانی لەگەل ڕژێمی سەرمایەداری دا کەسایەتیەکی کاملی بەدەست هێناوە. مەبەستی ئەمە پیاهەلدانی چاکەکانی سەرمایەداری و شاردنەوەی عەیبە و کەموکورپەکانی یەتی. ئەوی تریان پالەوانێکە بۆتە پێخۆری پەیوەندیەکی چەوسێنەرانەو نەی توانیوە لەگەلیا بسازێ. ئەمەش بەلگەی درندەیی واقیع و بونی یاسای دارستانی گیان لەبەرانە. لێرەدا "یۆری کۆزمنکۆ"ی ڕەخنەگر ئەلێ: "ئاقاری باو لە داهێنانی هونەری دا بە درێژایی سەدان سال بریتی بووە لە قبول نەکردنی ئەواقیعەی مرۆڤ ئەکاتە پێخۆری هەلومەرج، یان درندەیەك کە لەسەر ملشکاندنی خەلکی تر ئەگاتە ئامانجەکانی خۆی"

بەلام پالەوانەکانی ڕیالیزمی سۆسیالیستی جیاوازیەکی گەورە و بنەڕەتیان لەگەل ئەو پالەوانانەی ڕابردوودا هەیە و خاوەنی چەندین ڕوخساری تایبەتین کە لە پالەوانەکانی قوتابخانەکانی تردا بەدی ناکرێن. جالێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە: ڕوخسارە سەرەکیەکانی پالەوانی ڕیالیزمی سۆسیالیستی کامانەن؟

١/ کەسایەتی میللی: ئەم ڕوخسارە مانای ئەوەیە پالەوان یەکێکە لە خەلکەکانی کۆمەل و لە ناو پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکاندا پێ گەیشتووەو هەتا ڕادەیەکی تایبەتی ڕوخساری زۆربەی زۆری کۆمەل ئەنوێنێتەوە. لێرەشدا پالەوان لەڕوی پایەی کۆمەلایەتیەوە لەکەس بەرزتر نیە، بەلکو لەڕوی دلسۆزی و فیداکاریەوە لە مرۆڤەکانی تر جیاوازە. پالەوان مرۆڤێکی ئاساییە، بەلام نمونەیە و خەلکی باوەڕیان پێیەتی وچاوی لێ ئەکەن. لیباتۆفی ڕەخنەگری ئەدەبی نوسیویەتی: "لەنێو شۆفێرو کرێکار و دارتاشەکاندا، سەدان مرۆڤی بەوجورە هەن کە ئەشێ

لەڕوی ڕەوشتی جوانی کومەڵایەتیەوە بکرێنە نمونە بۆ خەڵکی " .

نوسەرە ڕیالیزمە سۆسیالیستیەکان پاڵەوانەکانی خۆیان لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکی دا هەڵئەبژارد و بەشێوەیەك دەریان ئەبرین خاوەنی ڕوخسار و پێشڕەوانە بن و خۆشەویست بن لەلای جەماوەر و توانایان هەبێ باوەڕ بە خەڵکی بهێنن . لێرەدا کەسایەتی " دیۆشین "ی پاڵەوانی " یەکەم ماموستای " ی لایتماتۆف بۆ نمونە باس ئەکەین : هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە دیۆشین لەخێزانێکی کرێکارێ دا پەروەردەبووە . دیۆشین ئەبێتە ماموستا لە گوندێکدا کە قوتابخانەی تیانەبووە و دانیشتوانەکەی لەوەو پێش شتی وایان بە خۆیانەوە نەبینیبوو و ئامادەش نەبوون بیری دامەزراندنی قوتابخانە و ناردنی کوڕو کچەکانیان بۆ خوێندن قبوڵ بکەن ، ئەمەش یەکەمین کۆسپی بەردەمی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دیۆشین بو . بەڵام دیۆشینی گەنجی خوێن گەرم و بەبڕوا و خۆڕاگر توانی باوەڕ بەهەندێك لە دانیشتوانی گوندەکە بهێنێ و لە ئەنجامدا بە یارمەتی ئەوان قوتابخانەیەکی بچوکی دروست کرد و لە هەلومەرجێکی ئاڵۆز و ناجۆردا دەستی بەکارەکانی خۆی کرد و توانی هەڵوێستی نوێ بەرامبەر خوێندن لەناو خەڵکی گوندەکەدا بچەسپێنێ . لە ساڵەکانی جەنگیشدا دیۆشین بووە سەرباز و بەشداری چالاکانەی لەجەنگدا کرد و بریندارکرا ، لەپاشا گەڕایەوە بۆ گوندەکە ، بەڵام ئەمجارەیان وەك ماموستا نە ، بەڵکو وەك پۆستەچی نامەگەیاندن ، چونکە قوتابخانەکە ئەوکاتە زۆر گەورە ببو و ماموستای زۆریشی هەبوو . کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دیۆشین لەکارە نوێکەی دا بێزار و دڵتەنگ نەبوو و بە هەمان گەرم و گوڕی و چالاکی جارانەوە کارەکەی ئەنجام ئەدا .. وەك دەرئەکەوێ ژیانی دیۆشین ژیانی مرۆڤێکی ئاسایە ، بەڵام پڕە لە چالاکی و خۆبەخت کردن و دڵسۆزی و هەستکردن بە بەرپرسیاری بەرامبەر ئەرك و کار .

٢/ کەسایەتی ئیجابی : پاڵەوانی ڕیالیزمی سۆسیالیستی کەسێك نیە لە ئەنجامی بزوتنەوەی واقیع بە تەنیا ببزوێ ، بەڵکو کەسێکە هەست بە بزوتنەوەکەش ئەکات و بەشداری کاریگەرانەی تیا ئەکات . بەو شێوەیە کەسایەتی ئیجابی یەکێکە لەو ڕوخسارە گرنگانەی پاڵەوانی ڕیالیزمی سۆسیالیستی لە پاڵەوانەکانی تر جیا ئەکاتەوە . ئەگەر بەوردی سەیری ئەو ئەدەباتە بکەین کە باسی سەرمایەداری ئەکەن ، بەتایبەتی ئەو بەشەی ئەدەب کە بەشێوەیەکی ناشۆڕشگێڕانە پەیوەندیەکان ڕەت ئەکاتەوە ، بۆمان دەرئەکەوێت کە پاڵەوان ئەگەرچی چەوساندنەوەی چین و توێژەکانی گەل بەدی ئەکات ، بەڵام دەستەوەستاوە لەئاستیدا و ناتوانێ بەرەنگاری بکات و هەوڵ بدات

بۆ گۆڕینی، وەلە ژیانی دا تەنیا بە کاریگەری دەروبەری خۆی ئەبزوێ...
ئا بەو شێوەیە ئەدەبی ڕۆمانسی نوێ و ڕیالیزمی خۆرسکی ومیکانیکی باسی پاڵەوانەکانی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم ئەکەن . قوتابخانە بەرواڵەت نوێ و ناوەڕۆك و ئامانج کۆنەکانی وەك : " عەبەسیەت " و " تەجروبەگەری " وئەوانیتریش ، وا لە ئەدیب ئەکەن باوەڕی بە بەربەرەکانی ڕژێمی بۆگەن و لابردنی ئەو شاخە قورسەی سەرسنگیان نەبێ و وەك بەردی دامە وابێ و هەلومەرجی ڕۆژگار بە ئارەزوی خۆی بیجوڵێنێ و هیچ کاتێك بیر لەڕزگاربون لەو واقیعە نەکاتەوە. لێرەشدا لەوانەیە بیر لە هەڵهاتن بکاتەوە !! بەلام بۆ کوێ ، خۆ هەمو ڕێگاکان بەستراون ! . یان لەوانەیە ڕوبکاتە تاوان و ون بون لەنا و خواردنەوە سێکس و شتی تردا . ئەو دوو جۆرەش " سلبیەتی " پاڵەوان بەرامبەر جوڵانەوەی واقیع دەرئەخەن .

بنچینەی فیکری پاڵەوانی ئیجابی لە ڕیالیزمی سۆسیالیستی دا ، لە مارکسیزم خۆیدا روون ئەبێتەوە ، چونکە مەتریالیزمی مێژوو ئەوە رون ئەکاتەوە کە یاساکانی گەشەکردنی کۆمەلایەتی لەگەڵ ئەوەدا کە بابەتین ، بەلام لە ڕێگەی چالاکی هوشیارانەی مرۆڤەوە کارەکانی خۆی ئەنجام ئەدات وەدەرك کردن بەو یاسایانە ڕۆڵێکی تایبەتی ئەبینێ لە بەکارهێنانیاندا بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی مرۆڤایەتی. بۆیە پێویست بوو پاڵەوانەکانی ڕیالیزمی سۆسیالیستی بەچالاکانە بەشداری لە ژیانی کۆمەلایەتی دا بکەن ، چ لەڕوی بەرەنگاربونەوەی هەموو جۆرەکانی شەڕ و چ لەڕوی بنیاتنانی بنچینەکانی مرۆڤایەتی راستەقینەوە . هەر بەم شێوەیەش پاڵەوانەکان ئەبنە خاوەنی هەلوێستی ئیجابی بەرامبەر بزوتنەوەی واقیع و بەرامبەر ژیان خۆی .

لە ڕۆمانە مەزنەکەی گۆرگی دا " دایك "، دوو پاڵەوانی سەرەکی تیایە نمونەی پاڵەوانی ئیجابی بن : یەکێکیان "بافل" ، و ئەوی تریشیان دایك خۆیەتی . "بافل" ی کرێکار نایەوێ ژیانی خۆی وەك باوکی بباتە سەر و هەمیشە خەریکی خواردنەوە و سەرخۆشی بێت ( هەلوێستی سەلبی بەرامبەر واقیع ) ، بەلکو بە پێچەوانەوە هەستی بە ئەرکەکانی خۆی کردبوو بەرامبەر چینەکەی و هەتا سەر بەشداری جوڵانەوەی شۆرشگێڕی کرد و ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە هوشیارکردنەوەی چینی کرێکار لە ناوەوە و دەرەوەی کارگەکەی دا . دایکیش کە پیرەژنێکی پشت کۆم بو و لە ژێر قورسایی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکاندا ئەی نالاند ، هێدی هێدی هەستی بەوە کردبوو کە کوڕەکەی لەپێناوی چ ئامانجێکی پیرۆزدا خەبات ئەکات ، بۆیە دەستی کرد بە بەشداریکردن لەخەباتا و ئەگەرچی لەسەرەتادا دوو دڵ بو و تەنیا لایەنگیری کوڕەکەی بوو ،

بەڵام لەکۆتاییدا بووە ئەندامێکی چالاکی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی .

٨ کەسایەتی پاڵەوانی کامڵ : دەست نیشان کردنی کەسایەتی لەم جۆرە ڕۆڵێکی گەورەی ئەبێ لە پرۆسەی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕی ئەدەبدا . چونکە نوسەر چەند بەتوانا بێت لە خوڵقاندنی پاڵەوانێکی کامڵدا ( ئەمە لەلای خۆیەوە ئەبێتە نمونەیەك بۆ خەڵك و ڕەنگدانەوەیەك بۆ باری کۆمەڵایەتی سەردەمەکە و نیشانەی داهاتو) ئەوەندە ئەدەبەکە زیاتر ئەتوانێ ڕۆڵی ڕێنوێنیکەر وپەروەردەکەری خۆی ببینێ . ئەمەش لەبەر ئەوەیە خەڵك بە ڕادەی خۆشەویستیان بۆ پاڵەوانی ڕیالیزمی سۆسیالیستی ، کە ڕەفتاری ڕۆژانەو بیری شۆڕشگێڕی لەگەڵ یەکدا جوتن ، لە بیر و پراکتیکی شۆڕشگێڕیەوە نزیك ئەبنەوە . هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ئەبینین پاڵەوانی ڕیالیزمی سۆسیالیستی ڕۆڵێکی پێشڕەوانە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەبینێ .

جێگای سەرسوڕمانە هەندێ لە لایەنگیرانی " ڕیالیزم " کەسایەتی نمونەیی ڕەت ئەکەنەوە و لۆمەی نوسەر ئەکەن بەلای پاڵەوانی خۆیدا دای شکێنێ و بەشتێکی دژی واقیعی دا ئەنێن . ئەم ڕایە لەو کاتەدا ڕاستە کە ئەرکی ئەدەب تەنیا کۆپی کردنی واقیع بێ ، بەڵام ئەگەر ئەرك وپیشەی ئەدەب تەنیا بووە کۆپی کردن ئەوکاتە ڕۆڵی پێشڕەوایەتی لەدەست ئەدات و ناتوانێ کاربکاتە سەر چالاکی مرۆڤە ئەو بیروڕایانەی خۆیان بە جل وبەرگی ڕیالیزم ڕازاندۆتەوە هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ ڕیالیزمی سۆسیالیستیدا نیەو بانگەوازێکە بۆ ئەو خوڕسکیەی بۆرجوازیەت پڕوپاگەندەی بۆ ئەکات و ئەیەوێ بەهۆیەوە ئەدەبی چینە چەوساوەکان ڕوخساری خۆی لەدەست بدات ، واتە ڕوخساری خوڵقاندنی پاڵەوانێکی شۆڕشگێڕی کامڵ .

جالێرەدا ئەبێ کەسایەتی پاڵەوانی نمونەیی کامڵ " داخراو و نەگۆڕبێت " یان لەناو ڕوداوەکاندا گەشەبکات و ڕوخسارەکانی کامڵ تر بێ ؟ لە وەڵامدا ئەڵێین کەسایەتی زۆربەی پاڵەوانەکانی ڕیالیزمی سۆسیالیستی وێنەی نمونەیی بوون ، بەڵام لە هەلومەرجی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی و کۆڕی خەباتی ئیجابی و تێگەیشتنی واقیعدا پێگەیشتووە و کامڵ بووە . ئەمەشمان بەچاکی لەکاتی باسکردنی کەسایەتی پاڵەوانەکانی ڕۆمانی " دایك " ی گۆرگیدا ڕونکردەوە .

ئەدەبی ڕیالیزمی سۆسیالیستی ، یەکێکە لەنیشانە دیارەکانی گەشەکردنی ڕۆشنبیری لە سەدەی بیستەمدا ، و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە جێگیربون و پەرەسەندن و دەوڵەمەند بوندایە و سات لە دوای سات نوسەر و ئەدەب دۆستی ئەم سەردەمە ئەچێتە سەر ڕێگەکەی ، قوتابخانە ئەدەبیەکانی بۆرجوازیش لەلاوازبون و هەرسهێناندایە .

## کورتە چیرۆک

# فەخرە

ڕەنجبەر لە فارسیەوە کردویەتی بەکوردی

نوسەری چیرۆکی " فەخرە " یەکێکە لەو شۆڕشگێڕە مارکسیە لینینیانەی ، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ، بە درێژایی چوار ساڵ ژیانی خۆی لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە دلێرەکانا لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بردۆتە سەر . بەرهەمی ئەم چوار ساڵەی ، جگە لە گوزەران و خەبات لە کوردستانا و دەرمان کردنی پێشمەرگە برینداڕەکان و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردە تومار کردنی هەندێ یاداشتی پڕ سۆز و سەرنجی پڕ ئەندێشەیە ، دەربارەی خەباتی پڕ قارەمانێتی جەماوەری چەوساوە و پێشمەرگە جوامێرەکانی کوردستان ، دەربڕینی هەندێ تێبینیە دەربارەی ڕەفتاری نادروستی پارت و ڕێکخراوەکان . ئەو سەرنج و یاداشت و تێبینیانەشی بەشێوەی کوتە چیرۆک داڕشتووە و " فەخرە "ش یەکێکە لەو کورتە چیرۆکانە .

" فەخرە " داستان و ئەفسانە نیە ، ئەندێشەی خۆبی چیرۆک نوسێکی شۆڕشگێڕ نیە لە قالبی ئەدەبدا داڕێژرابێ ، بەڵکو ڕوداوێکی خوێناوی ڕاستەقینەیە لەزمانی خالۆ حاجی عومەرەوە گێڕدراوەتەوە و لە دوایین سەعاتەکانی ژیانی پێشمەرگەیەك دەدوێت ( واتە فەخرە ) کە لە ڕیزی زەحمەتکێشاندا دژی ئاخوندەکانی ئێران تێدەکۆشا و لە ناوچەیەکی کوردستاندا بەرەنگاری هێرشێکی گەورەو نامرۆڤانەی پاسدارە ئەفاعەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ببوەوە و تیایدا زەبری کوشندەی لێ وەشاندبون و داستانێکی پڕسەروەری تۆمار کردبوو .

## فـــەخـــرە

« نەوارە » گوندێکی سەد ماڵەیە ، کەوتۆتە بناری ڕۆژئاوای چیای « ئاویدەر » ەوە ، خانوەکانی لە قەد لاپاڵی چیاکەدا ، وەك پێپلکانە یەك لەسەر یەك بنیات نراون ، ڕێچکەیەك لە بەردەمی گوندەکەیە و ئەم ڕێچکەیە دەگاتە سەر ڕێگای « ئارنان » و لەوێشەوە دەگاتە شاری سنە « .

« فەخرە » ڕۆژانی منداڵی و هەرزەکاری خۆی لەم گوندەدا بەسەر بردبوو ، پاشان بۆ کار و کاسپی چووبووە شاری سنە ، چەند ساڵێك ببووە شاگردی ئۆتۆمۆبیل و پاشان بۆتە شۆفێری سەیارەیەکی بۆڵمانی خەڵك هەڵگر ، لە بیست و یەك ساڵیدا ژنی هێناوە ، ئێستا کوڕە گەورەکەی کە « سیروان » ی ناوە چوار ساڵانە ، ناکۆکیشی هەیە و ساڵ و نیوێکە و « ماە منیر » ی هاوسەری ئێستا بۆ باری سێیەم سکی پڕە .. !!

ڕاپەڕینی بەهمەنی ۱۳۵۷ ( شوباتی ۱۹۷۹ ) فەخرەی بەرەو بیرخستنەوە و ناسینی زۆرداریەکانی شاە ڕادەکێشێت و لە کۆتایی ساڵی ۱۳۵۸ دا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەست دەداتە کاری شۆڕشگێڕی و لە ڕیزەکانی « کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانا » دەست دەداتە چەك .

ئەو گشت ئەرکێکی کۆمەڵەی بەسەر بدرزانە بەئەنجام دەگەیاندە ، ژن و منداڵەکانی مانیبووە « نەوارە » .. لە خانوکەی خۆیاندا کە لە خوارووی گوندەکەدایە ، ژیانیان بەسەر دەبرد .. « نەوارە » تاکو « ئارنان » کە هێزەکانی پاسداری تێدایە .. بە پێ سەعات و نیوێك دەبێت .

نزیکەی مانگ و نیوێك بوو « فەخرە » وازی لە ڕیزەکانی کۆمەڵە هێنابوو ، لەگەڵ ئەوەشدا نەی دەتوانی بە ئاشکرا بەرەو سەردان و سۆراخی گوندەکەیان بڕوات ، زۆربەی کات ، شەوانی لە نێو شاخ و کێوەکاندا بەسەر دەبرد و جار جارێنێ سەرێکی ماڵی باوکی دەدا و هاوسەرەکەی دەبینی ...

ئەو شەوەی فەخرە ، سەری لە ماڵی خۆیان دابوو ، یەکێ لە خەڵکانی گوند کە بۆ کڕینی نەوت ڕۆیشتبووە شار ولە ڕێچکەی قەدبڕ دەگەڕایەوە ، لە ڕێگادا جاش و پاسدارانی بینی بوو ، ئەوان گرتبویان و بە تەلاق سوێندیان دابوو کە لە گونددا نەڵێت لەم نزیکانە جاش و پاسدارم بینیووە .

هەواڵنامەی کتێب

خاڵە حاجی عومەر حەسرەتی دەکێشا و دەیگووت : " دە بڕوانە ئەو بێ ناموسە هاتبوو بە خەیاڵی ڕەحەت لێی نوستبوو ، لە گوندەکەدا لەو زیاتر کەسی دی نەیزانی بەیانی چی ڕوو دەدات " .

ئەوە بو جاش و پاسداران گوندەکەیان گەمارۆدا و ئەوانەی لە نوێژی بەیانی بون ، هەموویانیان لە مزگەوتی گوندەدا زیندانی کرد ، سێ جاشی یەکەم خانووکەی فەخرە بەر گوللە دەدەن ، فەخرە یەکسەر لەخەو هەڵدەستێت و چەکە هەمیشە ئامادەکەی هەڵدەگرێت و زامنەکەی دەکاتەوە و بە هاوسەرەکەی دەڵێت : " تۆ بڕۆ بۆ پێشەوە و من ئاگادارتم ،

کاتێ ژنەکەی دەگاتە پشتی دەرگاکە ، دەپرسێت : ئەوە کێیە ؟

– ئێمەین ، پێشمەرگەی حیزبین ، دەرگاکەتان بکەنەوە .

فەخرە " مامەنبری " خیزانی وەلاوە دەبات و لەگەڵ خۆیدا وەراورد دەکات :

– من هیچ کارێکم بە حیزبیەکان نیە تابەم شەوە بەدوا مدابێن.

ئەوجا بە هێواشی کێلونی دەسکی دەرگاکا دەکاتەوە و یەکسەر ئەی خاتە سەر کازی پشت ... بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە پشتی ستوونی خانووەکەی و دەسترێژێکی توندیان لێ دەکات هەرسێکیان دەکوژێت ... تەرمەکانیان ڕادەکێشێتە ژورەوە ، دوو نارنجۆکی یەک لە دوای یەک لەبو دەرەوە هەوا دەدات و لەگەڵ دەسترێژێکی خست ، بە هاوسەرەکی دەڵێت " ... ماتڵ مەبە تۆ و منداڵەکانت لە هەمان ڕێچکەوە خۆتان بگەیەننە ماڵی باوکم ، من گەمارۆدراوم ، ئاگاداربە کەسێك نەتان بینێت ... پەلەکە ... ماتڵ مەبە ..."!!

چەك و فیشەکدان و خەشابەکانی جاشەکان دەکاتەوە و لە کەناری پەنجەرەکانەوە دەست بە بەرنگاری دەکات ... ، ئێستا بە کلاشینکۆف وبرنەوەکەیەوە پێنج چەکی لایە ، دوو سەندوق نارنجۆکیشی لە ماڵەوە هەیە کە بۆ هێزێکی شۆڕشگێڕی ئامادە کردبوو ... ،

سەندوقەکانی دەکردەوە و لەگەڵ خۆیدا دەیووت : " زۆر چاك بوو منیرە و منداڵەکانم ڕەوانەکرد ، ئێستا هەتاکو دوو سەعاتان بتوانم بەرنگاری بکەم ، پێشمەرگەکان دەگەنە فریام بارەگاکەیان هەر یەك سەعات لێرەوە دوورە ... هەر بگەن ئەم جاش و پاسدارانە قەلاچۆ دەکەن " .

دونیا ڕووناك ببووەوە ، دەنگی تەقە یەك سات ڕاوەستانی نەبوو ، دوژمن لە هەموو لایەکەوە نزیکی خانوەکەی فەخرە دەبونەوە ، ئەویش بە تفەنگە کۆنەکەی هەر لێی دەکوشتن ، جارێك کۆمەڵێك هێرشیان بۆ برد ، بە نارەنجوکی یەك لەپاش یەك تێیان

بەربوو ، ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن ، هەتاو بەرز دەبـــووەوە ، زۆر کەس لە مزگەوتی گونددا زیندان کرابوون ، کوژراو و بریندار ی دوژمنیش هەتا دەهات زیاتر دەبوون ، ئێمە چاوەڕوانی هاتنـــی پێشمەرگە بوین ... دوژمن ئاری بی جی یـان دەنـا بـــەلای خواروی ڕۆژهەلاتی خانووەکەوە . مەفرەزەیەکی سوپا ... لە نزیکـــی خانووەکەوە بە دیارکەوتن .. دوو کونی گەورەیان لە خانـــووەکـــەدا کردبوو ، کاتژمێر نۆی بەیانی بوو ، لەگەڵ گوللە ڕێژێکـــــی کالیببر پەنجا چەند جاش و پاسدارێك لە ماڵـەکە نـزیـــك بوونەوە ، ئیتر لە ماڵەکەوە دەنگی تەقە نەما ؟! نا ئـومێـــدی سەرخۆشی گرتبووین ، لەگەڵ تەقینەوەی دوو نارنجۆك ، مەشخەڵی ئومێدمان هەمدیس گەشـایەوە ، ئیتر هەموو خەڵکی گوندەکە کـە لـە مزگەوتەکەدا زیندانی بوون ، جمەیان تێکەوت ، پاسدارێك دەنگـــی منداڵکارێکی دا ، ، کە لە نزیك دەرگای مزگەوتەکەدا ڕاوەستابووە هوو .. کوڕە تۆکێی ... ، ئەویش بە شانازیەوە هاواری کرد :

– من ئیسماعیلم...برای فەخرەم !!

– دەی تـەواومان کرد

دەستی ئیسماعیلی گرت و دایە پێش خۆی ، ئیسماعیـــــل دەبـــگووت :

– هەر بە ئێمە دەوێرن کە چەکمان نیە ، ئێمە بۆ کوێ دەبەن .

پاسدارکە ئیسماعیلی تا نـزیك خانوکە پەلکێش کرد و هاواری کـــرد :

– فەخرە ، ئەگەر خۆت تەسلیم نەکەیت براکەت دەکوژین .

هەموو سەرسام بوین ، ناشرینی ئەم بڕیارە بە ڕادەیەك بوو کە دوو جاش ئامادە نەبوون بە ئەنجامی بگەیەنن ، بەڵام پاسدارەکە ڕێزی گوللەی بە ئیسماعیلی منداڵەوە نا و ... کوشتی !!

شـەڕ بە توندی هەر بەردەوام بوو ، کاتژمێر بانزەی پێـــش نیوەڕۆ بوو ... چل پاسداری تر بە ئۆتۆمبیـــل گـەیـشـتـنـە گونـدەکە ... ، ئەمبوڵانس بریندار و کوژراوەکانی بەرەو شار دەبردە خانووەکانی دەوروبەریان بەر ئاگری بانزین دا ، بەڵام ســـەرەڕای ئەوەش گوللەکانی فەخرە هەر ڕاوی دەنان و نارنجۆکــی بـــێ ئەژمارەی لە نێوانیاندا دەتەقینەوە ... ،

دەنگی پێ لە سەربانی خانوەکە هاتبوو .. ، ئەو پـاسـدارەی دەیویست خانوەکە بە دوکەڵی فرمێـــك قانگ بدات ... کوژرا .. ! ئیتر کەسێ جورئەتی نەکرد لە سەربانی خانوەکـــە نـزیـــك بـکـەوێـتـەوە ... ،

دوژمنان هەرچەندە تەقەیان دەوەستاند ، هاواریان لێ هەڵدەستا :

ـ خۆتان تەسلیم بکەن ...

سەیرە .. وایان لێك دەدایەوە کە دەبێ چەند کەسێك بێت لەناو خانوەکەوە بەرنگاریان دەکات !!

سەرۆکی پاسداران بە(بێ سیم ) داوای بلدۆزەری کرد ، پاش نیو سەعاتێك بلدۆزەر گەیشت ، بە کالیبر و رەشاش گوللە بارانێکی چڕی خانوەکەیان کرد ، خەڵکەکە رەنگ لە رویانــدا پەڕیبوو ، هەموو وایان بیردەکردەوە کە فەخرە شەهید بووە ، کوڕە سەیرە ... خودا شتی سەیری هەیە .. بڕواتان هەبێت تیغی بلدۆزەرەکە بە سەنگی بناغەی خانوەکە شکا .. ! بڵندگۆ یەك لە سەر یەك دەیگووت : خۆتان تەسلیم بکەن ، بەرنگاری بێ سوودە . فەخرە دەیگووت : « من لێرەدام ، ئەگەر پیاون وەرن بمگرن ، بەلام ئێوە رەگی پیاوەتیتان تێدا نییە ، جاشینە ، دەست بە گوێتانەوە بگرن ، ئەی بێ نامووسانی کورد فرۆش ، ئەگەر غیرەت شتێك دەبوو وەرنە پێش » . ئەوانیش بڵێی خوێنی پیسی غیرەتیان دەجولایەوە !! ، دەهاتنە پێش و دەکوژران و یان بریندار دەکران ، گڕی گوللەی ئارپیجی و رێژنەی کالیبر پەنجا سەعاتێك ئارامی نەبوو ، نزیکەی کات ژمێری چوار و نیوی ئێوارە بوو ، فەخرە هاواری لێیان کرد :

ـ ئەزومەزو ... ئەی سیخوڕە خۆفرۆشەکان ، بزانن کە گوللەی ئێوە من ناکوژێ و خۆشی کوشتنی منتان پێ نابەخشرێت » .

ئەوجا لە بەردەم پەنجەرەیەکی خانوەکەی ، بە دیارکەوت و لولەی تفەنگەکەی هانیە ژێر چەنگەی و بە گوللەیەك کۆتایی بە ژیانی خۆی هانی .

ترسنۆکەکان ، زاتی نزیك بوونەوەیان نەبوو ، هەمدیس نزیکەی دەقیقەیەك خانوەکەیان دایە بەر رێژنەی گوللە و ئارپیجی ، بەلام وەلامیان نەدرایەوە ... ئەوجا بەرەو خانوەکە هێرشیان بردە کەلاکی جاشەکان لەو ناوە کەوتبوون ، بۆنی بارووت خانوەکەی پڕ کردبوو ، زووردەوە پڕ بوو لە بزماری نارنجۆك و قەوانی فیشەك .

تەنها کارێك کە لە دەستی خەڵکەکە هات ، ئەوە بوو گیانی پاکی فەخرەیان لە پاسداران سەندەوە و لە قەبرستانی گوندەکە شاردیانەوە .

لەگەڵ خالە حاجی عومەر چووینە خانوە ڕوخاوەکەی فەخرەی قارەمان ، لە دیوارەکانیدا کونی گەورە هەبوون ، کە نیشانەی " ئارپیجی " یەکانی دوژمنان بوو ، سەربانەکەی تەپی بوو ،

با لە نێو پەنجەرەکاندا گڤەی دەهات و وەکو بڵێیت ئـاوازی سروودی ئازایەتی فەخرە بڵێتەوە و بیەوێت تین وگوڕم و هەڵسانەوە لە دڵ و دەرونی خەڵکا بچەسپێنێ ... ! ،

لە بەردەمی پەنجەرەکەی خانووە ڕوخاوەکەدا ، هەندێ لەکـەی خوێنی مەیسو هەبون ، فرمێسکی خاڵە حاجی عومەر بە دیتنـی خوێنی فەخرەی شـەهید هاتنە خوارەوە ...

تـەواو

هەواڵنامەی کتێب

# لە یەك بدەن!!

" کاتێ تێگەیشتن لە واقیع جودا دەبێت ، مرۆڤ دەمرێت ،
کاتێکیش شۆڕش لە تیئۆر بەدوربێت ڕێچکەی شۆڕشگێڕانەی
ڕاستی دەگۆڕێت . "

" پێشکەشە بە هاوڕێم شەماڵی کوژراو "

تاکو ئاڵای وێرانەیی شەکاوە بێت ،
تا وەچاغی ڕق و کینتان گەشاوە بێت ،
تا خنکانی قاسپەی کەوان پاراوە بێت ،
دەبا لێدان دەستڕۆیشتووی ئەم ناوە بێت .
لەیەك دانە و شۆڕشگێڕی سەرنگونە ،
تەقینەوەی ئاشبەتاڵی نێو دەرونە ،
لەیەك دانە ، ڕەوشت تیایا لەژێر پێیە
تێکوشانیش گاڵتە و بەزمی سەرەڕێیە !!
لەیەك دانە ، ڕەش و سپی پێك دادانە
پاشە قولە ، پاڵ پێوەنان ، دەست بادانە ،
لەیەك دانتان فێری کردین ، چۆن تورە بین ،
چۆن ڕەچاڵی ئاشی زینی ئەم دەورە بین ،
چۆن چەم بین و بە مردنی هاژە شاد بین ،
چۆن ساڵ بین و بە پایزمان دڵگوشاد بین !!!
گڕی خۆش کەن شەڕی ناوخۆ ، لەیەك بدەن
کامە چیا زۆر سەرکەشە ، پەکی بخەن
گشت فەرهەنگی پارتیزانی لەبیر بکەن
لەبیر بکەن ، شەڕی دوژمن هدر دوا بخەن !!

لەیەك بدەن ، تاكو دوایین كەڵە پیاوتان
تا دوا سەنگەر ، تا دوا تینی هەناوتان
لەیەك بدەن ، هەموو دژی هەموو بڕۆن
تا مێخی ڕك ، خوێن و گۆشتی یەكتر بخۆن
قەڵاچۆی كەن ، شۆڕش نەهێڵن لەم خاكە
با هەڵكەندرێت هەر مرۆڤێ نیاز پاكە !!.
با گشت لاوێ ملی ئاوارەیی بگرێت
لەیەك بدەن تا وولاتیش سەر هەڵدەگرێت !!.
لەیەك بدەن ، دارمان ، بەردمان بە یەك فێركەن
ئارەزووتان بە كوشتنی گەلمان تێركەن
لەیەك بدەن ، سەركەوتنتان وەك خەیاڵە ،
وەگیر نایەت ، گێرەتان تابێت بەتاڵە
بێگومان بن ، سەركەوتووتان هەر ژێر دەستە
دۆڕاویشتان سەركەوتووی هەمیشە پەستە
لەیەك بدەن ، تا پێشڕەوتان ئاشكرابێت
پێشڕەوی خوێن ، پێشڕەوی دیلی هەرا بێت
تا زیندوویەتی لەبیرتانا بێهەرنامۆ بێت
تا نەمری ی شەهیدانیش وەك درۆ بێت
لەیەك بدەن ، تاكو تەكیە و دەفتان دەدڕێت
دڕك و داڵی گۆڕتان دەڕوێت ، ناوتان دەمرێت
لەیەك بدەن ، تەرمی ئاشتی بۆ گۆڕ بەرن
چڵەوتان وون !! ، هیواكانتان بەبێ سەرن
لەیەك بدەن ، تا وێرانە و داڵە كەرخۆر ئاشنا بن !!
گوللە و خوێنتان هەر تەبا بن ، هەر تەبا بن !!.

ئاوارە

١٥/ مایس / ١٩٨٦
كۆپنهاگن



هەواڵنامەی کتێب

لە بڵاوکراوەکانمان

زنجیرەی وەرگێڕان
ڕێکخراوەیی

حیزبی سۆسیالیستی [illegible]

# حیزبی سۆسیالیزمی زانستی
# لە قۆناغی
# شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتیدا

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕانی
ا.ع.قوانسا

١